# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٣٧)- (١٧)ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٢

# لە ڕیشەوە هەڵکێشانی هەڵە و تاوان لە مێژووی نەتەوەدا

تاوانی ١٦ی ئۆکتۆبەر
دژی ئامانجی
نەتەوەیەك کراوە و
دەبێت نەتەوە ئەم
تاوانە ڕاست بکاتەوە

16
October

نەتەوەی سەرکەوتوو شانازی
بە لاپەڕە گەشەکانی مێژووی خۆی دەکات و
لاپەڕە ڕەشەکانیشی پەردەپۆش ناکات




# تەرخانکردنی نیوەی داهاتی بەرەی کوردستانی بۆ زانکۆی سەلاحەدین

## ٣٨

زانکۆ، ناوەندێکی گرنگ و کاریگەری هەر وڵات و نەتەوەیەکە کە ڕۆڵێکی کاریگەر و گەورە دەبینێت لە هەموو کایەکانی ناو کۆمەڵگە و ژیانی هاووڵاتیاندا. بوونی زانکۆکان و ئاستی پێشکەوتنیان پێوەرێکی سەرەکی و بنەڕەتییە لە نیشاندانی گەشەی وڵاتاندا. بۆیە ئێمەش هەوڵمان‌دا بەپێی توانا هاوکاری و یارمەتیی تاکە زانکۆی کوردستان بدەین[1] دکتۆر خەسرەو شاڵی سەرۆکی زانکۆ و ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆ سەردانیان کردم. لە دیدارەکەماندا گوتیان، تا دواهەناسەمان ئامادەین خزمەت بکەین، بەڵام هەندێک پێویستی هەیە ئەگەر دابین نەکرێت پرۆسەی خوێندن دەوەستێت، وەک دابینکردنی کارەبا و هەندێ پێداویستیی تەکنیکی بۆ تاقیگەکان.

منیش لێم پرسین مانگانە پێویستیتان بە چەند پارەیە؟

لە وەڵامدا گوتیان، تەنیا پێویستییە تەکنیکیەکانمان بۆ دابین بکەن، ئێمە مووچەمان ناوێت. گوتیشیان ئەگەر بکرێت مانگانە بڕی سەد هەزار دینار دابین بکرێت دەتوانین هەموو پێداویستییەکان چارەسەر بکەین و ڕەنگە بەپێی ئیمکان هەندێ مووچەشی پێ بدرێت. هەموو پارەی گومرگەمان کە تاکە سەرچاوەی داهاتی بەرەی کوردستانی بوو، دەهاتە سکرتاریەتی بەرە و لای قادر جەباری هەڵدەگیرا. قادر جەباریم بانگ کرد و پێم گوت چەند پارەت لە لایە؟ گوتی: یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار دۆلارمان هەیە. نیوەی پارەکانم لێ وەرگرت و پێم گوت: «خۆم قسە لەگەڵ لایەنەکانی تری بەرە دەکەم؛ پارەکەم ڕادەستی دکتۆر خەسرەو شاڵی کرد. دواتر بارودۆخەکە باشتر بوو و مانگانە و بەپێی ئیمکان تا ڕادەیەک میزانییەکەیان بەردەوام بوو و، پرۆسەی خوێندن نەوەستا.

١- ساڵی ١٩٩١ تەنیا یەک زانکۆ لە کوردستان هەبوو کە زانکۆی سەلاحەدین بوو لە هەولێر. شوکر بۆ خوا ئێستا لە کوردستان زیاتر لە ٣٦ زانکۆی حکوومی و ئەهلی هەیە

# چاپکراوی نوێ




بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٥٠) ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لە هەولێر کە لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ یەکەم جار هەواڵی دامەزراندنی بڵاوبووەوە، کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی- هەولێر لەم یادەدا کتێبێکی بە ناوی (ئەرشیفی چالاکییەکانی کۆمەڵە ١٩٧٢-٢٠٢٢) لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی کەریم بابیز و ڕێکخستنی هونەری و سەرپەرشتیی چاپ لەلایەن عوسمان ئەحمەد جاسم چاپ کرد.

ئەم کتێبە ئاماژە بەوە دەکات کە لە ساڵی ١٩٧٢ لەسەر دەستی چەند لاوێکی هونەرمەند و نووسەر کۆمەڵەی ناوبراو دامەزرا، دوای ئەوەی بە چەند قۆناغێکی سەخت و دژواردا تێپەڕی لە سەردەمەکانی پێشوودا، ئێستاش لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتی دارایی و ڕۆشنبیری بەردەوام پشتگیریی کۆمەڵەکە دەکەن، دوای ئەوەی کە ئەنجومەنی باڵای هونەری هەولێر لە ١٩٩٨/١١/١١ دامەزرا یەکەم دەستکەوتی بۆ هونەرمەندانی شارەکە کۆشکی هونەر بوو، کتێبەکە باس لەوە دەکات کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ دەستەیەک لە هونەرمەند و ئەدیبانی شاری هەولێر پەیوەندییان لەگەڵ مەڵبەندی گشتیی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لە سلێمانی کرد، داوای کردنەوەی ئەم لقەیان لە شارەکە کرد، ئەوەبوو دوای چەندین کۆبوونەوە ئامادەسازییان بۆ کرد، دواتر لە ١٩٧٢/٦/٢٤ لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە مۆڵەتی کردنەوەی پێ درا.

بەشێکی دیکەی ئەم کتێبە بۆ بواری دەستەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکە تەرخانکراوە هەر لە ١٩٧٢ تا ٢٠٢٢، ئەمە جگە لە بەشێکی دیکە تایبەت بە چالاکیی شانۆیی لەو چەند ساڵەی تەمەنی کۆمەڵە، لایەنی (دراما) چەند لاپەڕەیەکی لە کتێبەکە گرتووەتە خۆ، هاوکات چەند بەشێکی دیکە تەرخانکراوە بۆ هەر یەک لە نواندنی ئێستگەیی، ساڵیادی هونەرمەندان، یانەی سینەما، خولەکانی فێربوونی مۆسیقا، چالاکیی پێشانگا، فیستیڤاڵ، شەهیدەکانی کۆمەڵە.

کتێبی (ئەرشیفی چالاکییەکانی کۆمەڵە ١٩٧٢-٢٠٢٢) ئەو چالاکییانەشی تۆمارکردووە کە هەر یەك لە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی- لقی ڕواندز و هاوینە هەواری سەلاحەدین و کۆیە ئەنجامیان داون. لە کۆتاییشدا چاپکراوەکانی کۆمەڵە، لەگەڵ ئەلبومێك بە وێنەکانی ئەو چالاکییانە بڵاوکراونەتەوە کە کۆمەڵەی ناوبراو سازی کردوون.. پیرۆزبایی لە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی-هەولێر بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٥٠) ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا.. بە هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتن و خزمەتکردنی بواری هونەر و وێژەی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا.





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*


مەلا محەمەد وەرتێ :




**مەلا مستەفا بارزانی پێی دەگوتین: نابێت مامۆستای ئایینی حزبایەتی تێکەڵی ئایینەکەی بکات و لە هەق لا بدات**

سەردار یەحیا بەرزنجی :



**پڕۆژەی بەنداوی (خنس) بە بڕی (٩) ملیار و (٧٠٠) ملیۆن دینار لە ژێر جێبەجێکردندایە**

دکتۆر نەوزاد محەمەد :




**هەوڵەکانی بەخێوکردنی مانگای شیردەر دەستی پێ کردووە**

ئەبوبەککار باهـ :




**کەمکردنەوەی بارگرژییە جیۆپۆلەتیکییەکان خاوبوونەوەی ناکۆکییە تایفەگەرییەکانی لێ دەکەوێتەوە**

کەرخی ئاڵتی بەرماخ :



## هەمیشە سەرۆک بارزانی بەرگریکارێکی سەرسەختی مافی تورکمانەکان بووە

ڕۆشنا جەمال :



## ئێش و ئازاری ڕزگاربووانی پرۆسەی ئەنفال هانیدام ماستەرەکەم تایبەت بە جینۆسایدی بەراورد بێت




## ئەزموونێکی نوێ لەگەڵ مۆنیتۆرێکی تایبەت

## زیانەکانی دواخستنی ژەمی خۆراکی ئێوارە



## هونەری ڕۆژهەڵاتناسی



نارین رەحمان :

## بەهۆی نەبوونی پاڵەوانێتی یاریزان ناتوانێت ئاستی راستەقینەی خۆی پێشکەش بکات



# کاتێک ڕابەر ڕێگە نادات هیچ کەس و لایەنێک ئیرادەی خۆی بەسەر نەتەوەدا فەرز بکات

ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان هاوپەیمانی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق ئەنجام دراوە و پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەشێکە لەو هاوپەیمانییە، لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ڕاسپاردەکانی سەرۆك بارزانی، بەر لەوەی لە پۆست و پشکی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە ڕێك بکەون، لەسەر پرۆگرام و بەرنامەی حکومەتی داهاتوو، ڕێککەوتنەکەیان ئیمزا کردووە.

لەم چوارچێوەیەدا و کردنەوەی ئەو داخرانە سیاسییەی کە ماوەی ساڵێکە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ ەوە دروست ببوو، سەرۆك بارزانی کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان «ڕێبەر ئەحمەد»ی کشاندەوە و پێشنیاری کرد کە کەسێك لەوانەی خۆیان کاندید کردووە، ببێتە کاندیدی هاوبەش، بۆ ئەوەی یەکێتی نیشتمانییش تووشی ئیحراجیی سیاسی نەبێت، ئەو کاندیدەشی وەك کاندیدی هاوبەش دەستنیشان کرا «د. عەبدوللەتیف ڕەشید» بوو، کە نەك هەر ئەندامێکی دیار و دێرینی یەکێتی بوو، بەڵکو یەکێکە لە ئەندامە نزیکەکانی بنەماڵەی مام جەلال و برایم ئەحمەد.

ئەم دەستپێشخەرییەی سەرۆك بارزانی لە پێناوی ئەوە بوو کە سەرۆك و سەرکردایەتیی یەکێتی لەو لۆژیکە تێبگەن، کە لای سەرۆك بارزانی ئەوە گرنگ نییە سەرۆك کۆماری عێراق یەکێتی بێت یان هەر لایەنێکی دیکە بێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەم پۆستە وەك پۆست و ئیستحقاقی کورد لە دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا سەیر بکرێت و وەك ڤیتۆیەك بۆ پاراستنی دەستوور و مافەکانی گەلی کوردستان لە کەمینە و زۆرینەی پەرلەمان بەکاربهێنرێت، نەك وەك پۆست و ئیستحقاقێکی لایەنێکی سیاسی دیاریکراو و دەستکەوتێکی ماددی بەکاربهێنرێت.

بەڵام بەداخەوە، ئەو کەسانەی کە ئێستا خۆیان بە جێنشینی جەنابی مام جەلال دەزانن، نەیانتوانی وەك جەنابی مام جەلال مامەڵە لەگەڵ لۆژیك و بیرکردنەوەی سەرۆك بارزانی بکەن، کە هەموو کات مام جەلال دەیگوت: «من کاندیدی سەرۆك بارزانیم بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار»، بۆیە خۆیان واپیشان دا کە دەتوانن ئیرادەی خۆیان بەسەر ئیستحقاقی گەلی کوردستاندا فەرز بکەن و هەمان سیناریۆی ساڵی ٢٠١٨ دووبارە بکەنەوە.

بەشی هەرە زۆری لایەنە سیاسییەکانی عەرەب (سوننە و شیعە) لە نییەت و لۆژیکی سەرۆك بارزانی تێگەیشتن، کە ڕازیبوونی بە کاندیدی هاوبەش بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار بۆ چ مەبەستێکە، هەروەها لە نییەتی ئەو لایەنەش

تێگەیشتن کە پێداگرییان لەسەر بەحزبیکردنی ئەو پۆستە بۆ چ مەبەستێکە، هەر بۆیە زۆر بە خێرایی پێشوازییان لە پێشنیارەکەی سەرۆك بارزانی کرد و پرۆسەکە بەو ئاراستەیە ڕۆیشت کە لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و تەواوی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بوو.

پرۆسەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار کە لە نێوان دوو کاندید (کە هەردووکیان ئەندامی یەکێتی بوون) بەڕێوەچوو، بەڵام جیاوازیی نێوانیان ئەوە بوو د.بەرهەم ساڵح کاندیدی فەرمیی یەکێتی بوو، د. عەبدوللەتیف ڕەشید کاندیدی هاوبەشی کوردستانی بوو، کاندیدی یەکێتی لە هۆڵی فراکسیۆنی سەوزەوە چاودێریی پرۆسەکەی دەکرد و، کاندیدی هاوبەشیش لە هۆڵی فراکسیۆنی زەردەوە چاودێریی پرۆسەکەی دەکرد، سەرەنجام کێبڕکێ و ململانێی هەردوو کاندیدەکەی یەکێتی بەوە کۆتایی هات، ئەوەی لە هۆڵی فراکسیۆنی زەردەوە چاودێریی ئاکامی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەی دەکرد، وەك کاندیدی هاوبەشی کوردستان دەنگی زۆرینەی بەدەست هێنا و بووە سەرۆك کۆمار، ئەوەشی دەیوست وەك کاندیدی یەکێتی خۆی بە سەر ئیرادەی خەڵکی کوردستاندا فەرز بکات، لەلایەن بەشی زۆری هەر سێ پێکهاتەی سەرەکی «(کورد و شیعە و سوننە) ڕەت کرایەوە.

ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی بۆ پشتگیریکردنی لە کاندیدێکی هاوبەش وەك پشکی گەلی کوردستان لە پۆستە سەروەرییەکانی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا، تەنیا وانەیەك نەبوو بۆ لایەنێکی سیاسیی کوردستانی کە دەیویست ئیرادەی خۆی فەرز بکات بە سەر ئیرادەی خەڵکی کوردستاندا، بەڵکو وانەیەکیش بوو بۆ لایەنە سیاسییە عەرەبەکان (شیعە و سوننە) لە عێراقدا کە ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرن و دەستتێوەردان لە پۆست و کاندیدی گەلی کوردستان نەکەن و، چۆن لایەنی کوردستانی ڕێز لە پۆست و کاندیدی هاوبەشی شیعە و سوننە دەگرێت و دەستتێوەردانی تێدا ناکات، بە هەمان شێوە ئەوانیش لەسەریان فەرزە کە ڕێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان بگرن.

بڕیاری سەرۆك بارزانی بۆ پشتگیریکردن لە کاندیدی هاوبەشی خەڵکی کوردستان بۆ ئەو پۆستە و پاشانیش بوونی ئەو کاندیدە بۆ سەرۆك کۆماری نوێی عێراق، گێڕانەوەی شکۆ بوو بۆ پشك و ئیستحقاقی گەلی کوردستان لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، تەنانەت بۆ ئەو لایەنە سیاسیەشی دەیویست سووکایەتی بە شکۆ و ئیستحقاقی گەلەکەی خۆی بکات لە چۆنیەتی بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا.

# لە ڕیشەوە هەڵکێشانی هەڵەوتاوان لە مێژووی نەتەوەدا

## ١٦ای ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بە نموونە


16
October

«لە هەوڵەکانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بۆ بونیادنانەوەی ناسنامەیەکی نوێ بۆ گەلی ئەڵمانیا، ناکرێت باز بەسەر تاوانەکانی ڕایخی سێیەمی نازیەتدا بدات، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت. ئەڵمانیا دەبێت لە ڕیشەوە هەموو ئەو تاوانانە هەڵبکێشێت کە هیتلەر بە ناوی گەلی ئەڵمانیاوە دژی مرۆڤایەتی ئەنجامی داوە. لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کاتێک ئەڵمانیا لە پرۆسەی دووبارە بونیادنەوەی دەوڵەت سەرکەوتوو بوو و گەشەی ئابووری ڕووی لە هەڵکشان کرد، دووبارە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا گەیشتە ئاستی پێشکەوتنی دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژئاوا، قوتابیانی قوتابخانە و کۆلێژەکان لە دایک و باوک و مامۆستاکانیان دەپرسی: نازیەت چی بوو؟ بۆ هیتلەر ئەو کارەساتەی بە سەر مرۆڤایەتی هێنا؟ هەر بۆیە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بە ناچاری هەوڵی دا شان بداتە بەر ئەم بەرپرسیاریەتییە بۆ ئەوەی پەڵەی ڕەشی نازیەت لە ناوچەوانی گەلی ئەڵمانیای بسڕێتەوە، بۆ ئەمەش ئامۆژگای میونشنی بۆ مێژووی هاوچەرخ دامەزراند و هەموو ئەو بەڵگەنامانەی هاوپەیمانان بۆ دادگای نورنبێرگ بردبوویان بۆ ئەوەی پاشماوەی سەرانی نازی وەک تاوانبارانی جەنگی پێ دادگایی بکەن، جارێکی دیکە گێڕایەوە بۆ ئامۆژگای میونشن و لەو کاتەوە تا ئێستاش ئەم ئامۆژگایە خەریکی توێژینەوەی وردی زانستی ڕەخنەگرانەیە لەسەر ئەو دیکۆمێنتانە. ئامانجی حکومەتی ئەڵمانیا لەم کارەی ئەوەیە هەتا هەڵە و تاوانەکانی نازیەت و هیتلەر لە ناو مێژووی ئەڵمانیا ڕاست نەکرێنەوە و لە ڕیشەوە هەڵنەکێشرێن، ئەوا ناتوانرێت ناسنامەیەکی نوێی دوور لە نازیەت بۆ گەلی ئەڵمانیا بونیاد بنرێتەوە».

ریچارد جەی ئیڤانز . توێژینەوەی «لە نازیزمەوە بۆ دووبارەنەبوونەوەی تا هەتایە. ئەڵمانیا چۆن مامەڵەی لەگەڵ ڕابردووی خۆی کردووە؟»
گۆڤاری فۆرین ئەفێرز کانوونی دووەمی ٢٠١٨



**● نەتەوە سەرکەوتووەکان و بەپرسیاریەتییان بەرامبەر پەڵە ڕەشەکانی مێژوو**

خاڵی هاوبەشی مێژووی نەتەوەکانی جیهان بە گشتی و نەتەوە سەرکەوتووەکان بە تایبەتی، تەنیا لاپەڕە گەشەکان و ئەو سەرکەوتنانە نین کە نەتەوەکان بۆ مێژوو تۆماریان کردووە، بەڵکو ئەو هەڵە و تاوانانەشن کە حزبێکی سیاسی، یان گرووپێك لە قۆناخێکی دیاریکراودا وەك پەڵەیەکی ڕەش و قێزەون لە مێژووی نەتەوەکەی خۆیدا تۆماری دەکەن، دەبێت نەتەوە ڕاستیان بکاتەوە و پەردەپۆشیان نەکات، ئەم حاڵەتەش لە مێژووی کۆی نەتەوەکانی جیهاندا هاوبەشە و چۆن مێژووی نەتەوەکانی پڕیەتی لە لاپەڕەی گەش و پرشنگدار، بە هەمان شێوە پڕیشیەتی لە پەڵەی ڕەش و قێزەون. نەتەوە چۆن شانازی بە لاپەڕە گەشەکانی مێژووی خۆیەوە دەکات، بە هەمان شێوە دەبێت بەرپرسیاریەتی ئەو لاپەڕە ڕەشانەش لە ئەستۆ بگرێت، کە تاقمێك، یان حزبێکی سیاسی لە ناو مێژووی نەتەوەدا تۆماریان کردووە.

مامەڵەکردن لەگەڵ مێژووی نەتەوە، تەنیا گێڕانەوەی زنجیرەی ئەو ڕووداوانە نین کە لە مێژووی نەتەوەدا ڕوویان داوە، بەم مانەیە مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوو تەنیا هەڵدانەوەی لاپەڕەکان نییە بۆ ڕابردوو، بەڵکو بۆ گۆ هێنانەوەی ئەو ڕووداوانەیە و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیە کە بۆچی هەندێك لاپەڕەی مێژوو گەش و پرشنگدارن و بۆچی هەندێك لاپەڕەی دیکەی ڕەش و قێزەونن؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پەنا دەبەینە بەر «گۆڤاری فۆرین ئەفێرز - Foreign Affairs» کە یەکێکە لە گۆڤارە ناسراوەکانی جیهان و ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا دەری دەکات. ئەم گۆڤارە لە ژمارەی کانوونی دووەمی ٢٠١٨ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە توێژینەوەیەکی زانستی کردووە کە بووەتە ناونیشانی گۆڤارەکە «ڕابردوو نامرێت. نەتەوەکان چۆن ڕووبەڕووی پەڵە ڕەشەکانی مێژوو دەبنەوە -The Undead past . How Nations confront the evils of History؟»، توێژینەوە زانستییەکانی ئەم گۆڤارە پێمان دەڵێت: «نەتەوە سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر تەنیا شانازی بە لاپەڕە گەشەکانی مێژووی خۆیەوە بکات و لاپەڕە ڕەشەکانی هەمان مێژوو پەردەپۆش بکات، بە پێچەوانەوە نەتەوەی سەرکەوتوو ئەو نەتەوەیەیە کە هەموو مێژووی خۆی بە زیندوو دەزانێت و بە شانازییەوە مامەڵە لەگەڵ سەرکەوتنەکانی دەکات و شکست و تاوانەکانی ناو مێژووی خۆیشی لە یاد ناکات".

پرۆفیسۆر ریچارد جی ئیڤانز لە توێژینەوەکەی لە ژێر ناونیشانی: «لە نازیزمەوە بۆ دووبارە نەبوونەوەی بۆ هەتایە»، کە لە هەمان ژمارەی ئەو گۆڤارەدا بڵاو کراوەتەوە، پێمان دەڵێت: «لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دوای ئەوەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا جارێکی دیکە لە بونیادنانەوەی ئەڵمانیای دوای شەڕ سەرکەوتوو بوو، قوتابیان لە دایك و باوك و مامۆستاکانیان دەپرسی: نازیەت چی بوو؟ بۆچی ئەم کارەساتەی بەسەردا هێنایین؟

ئەگەر سەرنج لەم پەرەگرافەی ئەو توێژینەوە زانستییە بدەین، دەبینین ئەم خاڵانەی خوارەمان پیشان دەدا:

١. ئەڵمانیا لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو گەیشتە ئەو ئاستەی بگاتەوە بە دەوڵەتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو نەوەیەی دوای شەڕی دووەمی جیهانی و کۆتاییهاتنی نازیزم لە ١٩٤٥ لە دایك بوون، لەو کاتەدا تەمەنیان ٢٠ ساڵ بووە و هیچ یەکێك لەم نەوە تازەیە کارەسات و ڕووداوەکانی شەڕی دووەمی جیهانی و تاوانەکانی هیتلەر و نازیزمیان نەبینیوە.

٢. ئەم نەوە تازەیەی دوای نازیزم، سەرجەم قۆناخەکانی پەروەردە و خوێندن لە باخچەی ساوایان تا قۆناخی زانکۆ دەگرێتەوە.

٣. ئەم نەوە تازەیە هەتا ئەو کات لە بەردەم پرسیارێکی بێ وەڵامدا بووە «نازیەت بۆ وای بەسەر هێنایین؟» بەڵام کەس نەبووە وەڵامێکی دروستیان بداتەوە.

پرۆفیسۆر ریچارد ئیڤانز دەڵێت: «ئەڵمانیای ڕۆژئاوا شانی دایە بەر ئەوەی بەرپرسیارێتیی تاوانەکانی نازیزم و هیتلەر هەڵبگرێت کە بە ناوی گەلی ئەڵمانیاوە ئەنجامیان دابوو، بەڵام ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات (ئەو کات ئەڵمانیا بە هۆی شەڕی ساردەوە دابەش ببوو بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) کە سەرکردەکانی هاوشێوەی ستالین وڵاتیان بەڕێوە دەبرد، بە پێچەوانەی ئەڵمانیای

**نەتەوە چۆن شانازی بە لاپەڕە گەشەکانی مێژووی خۆیەوە دەکات، بە هەمان شێوە دەبێت بەرپرسیاریەتی ئەو لاپەڕە ڕەشانەش لە ئەستۆ بگرێت، کە تاقمێک، یان حزبێکی سیاسی لە ناو مێژووی نەتەوەدا تۆماریان کردووە**

**نەتەوە سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر تەنیا شانازی بە لاپەڕە گەشەکانی مێژووی خۆیەوە بکات و لاپەڕە ڕەشەکانی هەمان مێژوو پەردەپۆش بکات**

**مێژووی هاوچەرخی گەلی کوردستانیش هاوشێوەی کۆی نەتەوەکانی جیهان پڕیەتی لە لاپەڕەی گەش و پرشنگدار و لە هەمانکات لاپەڕەی ڕەش و تاوانی قێزەونیشی هەیە**

ڕۆژئاوا خۆیان لە تاوانەکانی نازیزم و هیتلەر بێبەری کرد و نەوەی تازەی دوای شەڕی دووەمی جیهانییان بە ئایدیۆلۆژیەتی کۆمۆنیستی و شانازیکردن بە سەرکەوتنەکانی کۆمۆنیستی بە سەر نازیزم و هیتلەردا ڕاهێنا و تاوانەکانی نازیزم و هیتلەریان پەردەپۆش کرد».

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: پەردەپۆشکردنی تاوانەکانی نازیزم و هیتلەر بە ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا چەند ساڵی خایاند؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تەنیا مێژووی ٤٤ ساڵی دوای شەڕی دووەمی جیهانی دەیداتەوە کە لە ٩ی نۆڤێمبەری ١٩٨٩ گەلی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دیواری بەرلینی ڕووخاند، پێش ئەوەی شەڕی سارد بە تەواوەتی کۆتایی بێت.

ئەم حاڵەتەی پرۆفیسۆر ریچارد ئیڤانز لە مێژووی ئەڵمانیادا باسی دەکات، بۆ مێژووی هەموو نەتەوەکانی دیکە ڕاستە. هەر بۆ نموونە: ئەگەر ئەمریکییەکان خۆیان بە خاوەنی ئەو هەڵە و تاوانانە نەزانییایە کە دژی دەستوورەکەی خۆیان کردوویانە کە بە دەق لە دەستوورەکەیاندا هاتووە و دەڵێت: «هەموو ئەمریکییەك ئازاد و خاوەنی هەموو مافێکە، بەڵام لە واقیعدا بەشێکی ئەمریکییەکان کۆیلەی بەشەکەی دیکە بوون»، ئەوا هەتا ئێستاش کۆیلایەتی لە ئەمریکا بوونی دەبوو، بەڵام کاتێك ئەبراهام لینکۆڵن ئەم پەڵە ڕەشەی لە مێژووی ئەمریکادا سپی کردەوە و لە ساڵی ١٨٦٠ شۆڕشی کۆیلایەتی هەڵگیرساند و کۆیلایەتی کۆتایی پێ هێنا، ئێستا ئەمریکییەکان بە «میراتی ئازادی» ناوی دەبەن.

## ● گەلی کوردستان و مامەڵەکردنی لەگەڵ مێژووی هاوچەرخی خۆیدا

یەکێك لە دیاردە نەرێنییەکانی تەواوی گەلی کوردستان (کورد و تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانیش) شێوازی مامەڵەکردنیەتی لەگەڵ مێژووی هاوچەرخی خۆیدا، کە مێژووی هاوچەرخی گەلی کوردستانیش هاوشێوەی کۆی نەتەوەکانی جیهان پڕیەتی لە لاپەڕەی گەش و پرشنگدار و لە هەمانکات لاپەڕەی ڕەش و تاوانی قێزەونیشی هەیە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە دوای دابەشبوونی ماڵی کوردستانەوە لە ئاکامی لێکترازانەکەی ساڵی ١٩٦٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان و جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی، ئەوە لە دوای ئەوە بە لاپەڕە گەش و پرشنگدارەکانی مێژوو پەروەردە دەکەین و لاپەڕە ڕەش و تاوانە قێزەونەکانی ناو ئەو مێژووە لە نەوەکانی خۆمان پەردەپۆش دەکەین، هەر بۆیەشە هەتا ئێستا هەر لایەك بە «لەیلا»ی خۆی هەڵدەدات و بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانیش (نەوەکانی دوای ١٩٦٤) لە مێژووی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بێ ئاگان.

بە داخەوە گرنگیی سەرەتای لێکترازانی ماڵی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤ هێندەی بۆ ڕۆژنامەنووسێکی بیانی وەك «دیڤید ئادەمسن» گرنگ بووە کە کتێبی «شەڕی کورد-کورد و لێکترازانی ١٩٦٤»ی نووسیوە، هێندە بۆ هیچ مێژوونووس و سیاسەتمەدارێکی کوردستان گرنگ نەبووە، هەر بۆیە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو سەرۆك مسعود بارزانی هەستی بەم بۆشاییە کرد و دەستی کرد بە نووسینەوەی «مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە سەدەی بیستەمدا»، ئەم هەوڵەشی کە تا ئێستا پێنج بەرگی کۆتایی هاتووە و هەتا ساڵی ٢٠٠٢ی بڵاوکردووەتەوە و هیوای سەلامەتی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازین و هیواداریین بەشەکانی دیکەشی هەتا ٢٠٢٢ لە ئایندەیەکی نزیك بگاتە دەستی هەر هاووڵاتیەکی کوردستان.

ئەم هەوڵەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ نووسینەوەی مێژووی «بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە سەدەی بیستەمدا»، لەوەدا بایەخەکەی دەردەکەوێت کە سەرۆك مسعود بارزانی «چۆن شانازی بە لاپەڕە گەشەکانی مێژوو دەکات، بە هەمان شێوە دەست دەخاتە سەر لاپەڕە ڕەشەکان و هەڵە و تاوانەکان کە لەو مێژووەدا ڕوویان داوە و بوونە بەشێك لە «مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان»، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەوەیە ئەم هەوڵەی سەرۆك مسعود بارزانی نەبووەتە پرۆگرامێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە نەوەکانی ئێستا لەسەر مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هەیانە، هەروەها ئەم هەوڵە نەبووەتە هەوێنێك بۆ زانکۆ و ئامۆژگا و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە هەتا وەك

**سەرۆک مسعود بارزانی «چۆن شانازی بە لاپەڕە گەشەکانی مێژوو دەکات، بە هەمان شێوە دەست دەخاتە سەر لاپەڕە ڕەشەکان و هەڵە و تاوانەکان کە لەو مێژووەدا ڕوویان داوە و بوونە بەشێک لە «مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان»**

**هیچ کات سەقامگیریی سیاسی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بتوانرێت پرۆگرامێکی خوێندن بەو شێوەیە ئامادە بکرێت کە نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بە شێوەیەک لە لاپەڕە گەشەکان و لاپەڕە ڕەش و تاوانەکانی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تێبگەن**



مێژوو توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانەی لەسەر بکرێت، تەنانەت لەسەر کتێبەکانی سەرۆك بارزانی، هەتا نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بزانن بۆچی ماوەی نزیکەی ٦٠ ساڵەماڵی کوردستان دابەش بووە و هەتا ئێستا ئەو کەلێنەمان بۆ پڕ ناکرێتەوە.

لێرەوە ئەگەر بە شێوەیەك لەسەر نووسینەکەی ڕیچارد ئیڤانز، پرسیارێك سەبارەت بە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بورووژێنین و بپرسین، ئەگەر ئێستا پرسیارێك ئاراستەی سەرجەم مامۆستایان و ڕاگرانی کۆلیژەکانی زانستی سیاسەت و کۆلێژی ئاداب – بەشی مێژوو بکەین و پێیان بڵێین: ئایا دەتوانن قوتابیانی قۆناخی کۆتایی ڕابسپێرن بۆ ئەوەی سیمیناری کۆتاییان لەسەر مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە لاپەڕە گەش و پرشنگدارەکان و لاپەڕە ڕەش و تاوانە قێزەونەکانی ئەو مێژووە ئامادە بکەن؟

ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە لە ناو واقیعی ئێستای پەروەردە و خوێندن و خوێندنی باڵا لە کوردستان وەربگرینەوە، ئەوا گومانی تێدا نییە کە وەڵامێکی ئەرێنیمان دەست ناکەوێت، لەبەر ئەم هۆکارانە:

● لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوو (١٩٩٢-٢٠٢٢) کە ماوەی سێ دەیەی حوکمڕانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نۆ کابینەی حکومەت، هیچ کات سەقامگیریی سیاسی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بتوانرێت پڕۆگرامێکی خوێندن بەو شێوەیە ئامادە بکرێت کە نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بە شێوەیەك لە لاپەڕە گەشەکان و لاپەڕە ڕەش و تاوانەکانی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تێبگەن.

● گەلی ئەڵمانیا لەو ڕاستییە تێگەیشت کە ناکرێت هەوڵ بۆ بونیادنانی ناسنامەیەکی نوێ بدرێت و باز بەسەر تاوانەکانی ڕایخی سێیەمی هیتلەردا بدەن، بەڵام بە پێچەوانە ئێمە هەتا ئێستاش پێمان وایە تەنیا بە پەردەپۆشکردنی هەڵە و تاوان و شاردنەوەی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی خۆمان دەتوانین ناسنامەیەکی تازە بۆ نەتەوەی خۆمان دروست بکەین.

**گەلی ئەڵمانیا لەو ڕاستییە تێگەیشت کە ناکرێت هەوڵ بۆ بونیادنانی ناسنامەیەکی نوێ بدرێت و باز بەسەر تاوانەکانی ڕایخی سێیەمی هیتلەردا بدەن، بەڵام بە پێچەوانە ئێمە هەتا ئێستاش پێمان وایە تەنیا بە پەردەپۆشکردنی هەڵە و تاوان و شاردنەوەی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی خۆمان دەتوانین ناسنامەیەکی تازە بۆ نەتەوەی خۆمان دروست بکەین**

پڕۆفیسۆر شێرزاد نەجاڕ لە نووسینێکیدا بۆ گۆڤاری «گوڵان» ئاماژەی بە گوتەی فەیلەسووفێکی یۆنانی کردبوو، نووسیبووی: «ئەوەی مێژوو نەخوێنێتەوە، هەر بە بچووکی دەمێنێتەوە»، لە تەفسیری بۆ گوتەی ئەم فەیلەسووفەش ئاماژەی بەوە کردبوو: «مەبەست

لە خوێندنەوەی مێژوو، تێگەیشتن و پەندوەرگرتنە لەو مێژووە بە لاپەڕە گەش و پرشنگدارەکانی و بە لاپەڕە ڕەشەکانیشیەوە، خوێندنەوەی مێژوو تەنیا بۆ شانازیکردن نییە، بەڵکو بۆ پەند و وانەوەرگرتنیشە».

لێرەوە با پرسیارێکی دیکە بورووژێنین و بڵێین: لە دوای لێکترازانەکەی ساڵی ١٩٦٤، نزیکەی شەش نەوەی تازە (ئەگەر هەر ١٠ ساڵ بۆ نەوەیەك حیساب بکەین) لە کوردستاندا هاتوونەتە ئاراوە و ئەگەر ژینگەی سیاسی و حوکمڕانی بەو شێوەیە بووبێت کە بوار نەدرابێت ئەم شەش نەوەیە لە مێژووی خۆیان بەڕاستی تێبگەن، دەبێت چ داهاتوویەك چاوەڕێی گەلی کوردستان بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە واقیعی نزیکەی ٦٠ ساڵی ڕابردووی مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەیداتەوە و پێمان دەڵێت: لەگەڵ شاردنەوە و دڕاندنی هەر لاپەڕەیەکی ڕەشی مێژووی خۆمان، لاپەڕەیەکی ڕەش و تاوانێکی تازە لەو مێژووەدا دەنووسرێتەوە، بۆیە ئەگەر داهاتووی نەتەوەی خۆمان مەبەست بێت، نابێت لاپەرە ڕەشەکانی مێژوو بە ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی پەردەپۆش بکرێن.

> لەگەڵ شاردنەوە و دڕاندنی هەر لاپەڕەیەکی ڕەشی مێژووی خۆمان، لاپەڕەیەکی ڕەش و تاوانێکی تازە لەو مێژووەدا دەنووسرێتەوە، بۆیە ئەگەر داهاتووی نەتەوەی خۆمان مەبەست بێت، نابێت لاپەرە ڕەشەکانی مێژوو بە ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی پەردەپۆش بکرێن

### ● کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هەڵە و تاوان دژی چارەنووسی نەتەوەیەك

ئەگەر منداڵێکی کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و پاشانیش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر تەنیا تەمەنی (٤) ساڵ بووبێت و ئەو کات نەیزانیبێت چی ڕووی داوە و ئێستا کە تەمەنی بووەتە (٩)ساڵ و پرسیار لە دایك و باوك و مامۆستاکەی لە قوتابخانە بکات و بڵێت: بۆچی وامان بەسەر هات و هێزی پێشمەرگە و حوکمڕانی کوردستانی لەم ناوچانە بوونی نەما؟ ئاخۆ دەبێت چ وەڵامێك وەربگرێت؟

ورووژاندنی ئەم پرسیارە لە هزری ئەم منداڵە تەمەن (٩)ساڵەدا زۆر دوورە لەوەی بزانێت کە ململانێ و کێشەی نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان بوونی هەیە، یان بوونی نییە، بەڵکو ئەم پرسیارە لەو هەستە نەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەویش وەك هەر منداڵێکی ناوچەکانی ژێر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر بە زمانی کوردی قسە دەکات، بەڵام ئەو ژینگەی ئەو تیایدا دەژی، لە ژینگەی خوشك و براکانی لە شارەکانی دیکەی ژێر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جیاوازە، ئەم منداڵە وێڵە بە دوای زانینی ئەو جیاوازییەی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەسەریدا فەرزی کردوون، لە کاتێکدا لەوانەیە نەزانێت پارتی و یەکێتی و حزبەکانی دیکەی کوردستان بوونیان هەیە، یان بوونیان نییە.

پرسیاری گرنگتر ئەوەیە: ئایا دایك و باوکی، یان ئەو مامۆستایەی لە قوتابخانە وانەی دەداتێ، دەتوانن بەو جۆرە وەڵامی ئەم منداڵە تەمەن ٩ ساڵەیە بدەنەوە کە بۆچی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕووی دا؟ بۆ ئەم وەڵامە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، توانییان ئەو منداڵە لە ڕاستیی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر تێبگەیەنن و پێی بڵێن ئەم کارەساتە بۆ لەباربردنی ئاکامی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بووە، ئایا چ موچڕکێیەکی هەستکردن بە شەرمەزاری بەرامبەر ئەو تاوانە ناخی ئەو منداڵە ڕادەچڵەکێنێت؟

ئەو ساتەی ئەو منداڵە موچڕکێی هەست بە شەرمەزاری ڕایدەچڵەکێنێت، دەبێتە ئەو خاڵەی کە بە شێوەیەکی خۆڕسك هەست دەکات کەسانێك ئەو تاوان و هەڵەیەیان وەك پەڵەیەکی ڕەش بە ناوی ئەویشەوە لە ناو مێژووی نەتەوەدا تۆمار کردووە و، ئەم تاوان و هەڵەیەی ١٦ی ئۆکتۆبەر دژی لایەنێکی سیاسی، یان گرووپێکی دیکە نەکراوە، بەڵکو ئەمە تاوان و هەڵەیەکە دژی ئامانجی نەتەوەیەك کراوە و دەبێت نەتەوە ئەم تاوان و هەڵەیە ڕاست بکاتەوە، نەك بکرێتە تیر و توانج بۆ تاقمێك، یان گرووپێك کە لەم تاوان و هەڵە مێژوویە دژی نەتەوەی خۆیان تێوە گلاون و تەواوی نەتەوەکەشیان لەگەڵ خۆیان لەو تاوان و هەڵەیە تێوەگلاندووە. ئەمەیە فەرزی دەکات بیر لەوە بکەینەوە، چۆن هەوڵ دەدەین لاپەڕە گەش و پرشنگدارەکان بە زیندوویی بمێنێتەوە، دەبێت بە هەمان شێوەش هەوڵ بدەین لاپەڕە ڕەش و تاوان و هەڵەکانی ناو مێژووی نەتەوە بە زیندوویی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی دروست مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و ڕێگە نەدرێت هەرگیز جارێکی دیکە هەڵە و تاوانی لەو شێوەیە لە مێژووی نەتەوەدا دووبارە ببێتەوە.

> ئەم تاوان و هەڵەیەی ١٦ی ئۆکتۆبەر دژی لایەنێکی سیاسی، یان گرووپێکی دیکە نەکراوە، بەڵکو ئەمە تاوان و هەڵەیەکە دژی ئامانجی نەتەوەیەک کراوە و دەبێت نەتەوە ئەم تاوان و هەڵەیە ڕاست بکاتەوە، نەک بکرێتە تیر و توانج بۆ تاقمێک، یان گرووپێک کە لەم تاوان و هەڵە مێژوویە دژی نەتەوەی خۆیان تێوە گلاون

لێرەوە ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد بۆ هەڵە و تاوانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بکەین کە دژی

خواست و ئاواتی نەتەوەیەك بۆ سەربەخۆیی ئەنجام درا، ئەوا پرسەکە بەو شێوەیە خوێندنەوەی بۆ ناکرێت کە ئەم کارەساتەی بووە پەلەیەکی ڕەشی هەڵە و تاوان لە مێژووی نەتەوەکەماندا، بکرێتە کراسەکەی عوسمان و ساڵانە شێوەنی بە دەوردا بگێڕین، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەم تاوان و هەڵەیە بە زیندوویی بمێنێتەوە و مامەڵەی دروستی لەگەڵ بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو پەڵە ڕەشە لە ناو مێژووی نەتەوەدا بکەینە پەند و وانەیەك و جارێکی دیکە بە هیچ جۆرێك دووبارە نەبێتەوە.

خوێندنەوەی جیاواز بۆ تاوانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بۆ ئەوەیە مێژوو بکەینە خانەیەکی چاکسازی کە تیایدا ئەقڵییەت و بیرکردنەوەی بوغز و کینە دژی خواستی نەتەوە بگۆڕین بۆ ئەقڵییەت و بیرکردنەوەی ئینتیما بۆ خاك و خۆشگوزەرانیی نەتەوە.

نەتەوە سەرکەوتووەکانی جیهان هەرگیز بە ئەقڵییەتی تۆڵەسەندنەوە لە تاقم و گرووپێك مامەڵەیان لەگەڵ خاڵە ڕەشەکانی مێژووی خۆیان نەکردووە، بەڵکو بەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە کە ئەو هەڵە و تاوانە، وەك هەڵە و تاوان و پەڵەی مێژوو ددانی پێدا بنرێت و پاشان بە گیانێکی لێبوردەیی هەوڵ بدرێت ئەو هەڵە و تاوانە ڕاست بکرێتەوە، هەروەك چۆن نیلسۆن ماندیلا دوای کۆتاییهاتنی حوکمڕانیی ڕەگەزپەرستی «ئاپارتاید» لە باشووری ئەفریقیا زۆر لۆژیکانە بە متێۆدی «ددانپێدانان بە ڕەگەزپەرستی و دووبارە پێکهاتنەوە» ئەو کێشە گەورەیەی ڕەگەزپەرستی لە ئەفریقیای باشوور کۆتایی پێ هێنا و هەر لەسەر ئەم میتۆدە بەرزە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێ بەخشرا.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر لۆژیکی سەرۆك بارزانی بکەین بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لەو کاتەی کە باڵیۆزی ئەمریکا نامەی بۆ سەرۆك بارزانی ناردبوو و بۆی نووسیبوو: «ئەمڕۆ دوێنێ نییە»! سەرۆك بارزانی بەو جۆرە وەڵامی دابووەوە: «سبەینێش ئەمڕۆ نابێت»، ئەمە مانای ئەوەیە سەرۆك بارزانی لەوە دڵنیا بووە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان وانەیەکی ئەوتۆ بەو هێزە دەدات کە هێرش دەکاتە سەر کوردستان، جارێکی دی نەتوانن بیر لە داگیرکردنی کوردستان بکەنەوە، هەر ئەمەش وای کرد، هێزی بەرامبەر ناچار شەڕەکە ڕابگرێت و دەست بە دانوستاندن بکرێتەوە و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بپارێزرێت، کە ئەمەش ئامانجی هەموو خەڵکی کوردستان بوو.

لەماوەی ئەو پێنج ساڵەی بە سەر کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر تێدەپەڕێت، سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ یەك ساتیش بەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم هەڵە و تاوانە نەکردووە کە وەك هەڵە و تاوان دژی پارتی دیموکراتی کوردستان کرابێت، بەڵکو ئەم کارەساتە بەرەنجامی کاڵفامیی سیاسی، یان بوغز و ڕق و کینەی تاقمێك دژی لایەنێکی سیاسی بووە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم تاوانە بە دەستی تاقمێك ئەنجام دراوە کە خۆشیان بەشێکن لە هەمان ئەو نەتەوەیەی کە ئەو تاوانەیان لە دژی ئەنجام داوە، لە بەرامبەریشدا ئیرادەی گەلی کوردستان لە میانەی سێ هەڵبژاردنی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بە دەنگ پێدانیان بە سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە کە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هەڵە و تاوانە لە مێژووی نەتەوەدا و دەبێت ئەم هەڵە و تاوانە وەك خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بوار نەدرێت جارێکی دیکە هەڵە و تاوانی لەو شێوەیە لە مێژووی نەتەوەدا دووبارە ببێتەوە.

ئەم ددانپێدانانەی ئیرادەی گەلی کوردستان بەو هەڵە و تاوانە بووەتە نەخشە ڕێگەیەك کە سەرۆك بارزانی لۆژیکانە مامەڵەی لەگەڵ دەکات و هەوڵی خۆی خستووەتە پاڵ ئیرادەی خەڵك و هەموو هەوڵەکانی خۆی لە پێناوی ئەوەیە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم هەڵە و تاوانە بە ڕێگەی ئاشتەوایی و پێکهاتنەوە لەسەر ئاستی یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان و بە ڕێگەی ئاشتەوایی و پێکهاتنەوە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق، نەهێڵێت جارێکی دیکە ئەوەی بە ئەو خاکەی بە هەڵە و تاوانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە دەست گەلی کوردستان دەرچوو، دووبارە ببێتەوە و ئەمڕۆ سەربەرزانە بگەڕێتەوە سەر خاکی کوردستان و خەڵکەکەشی لەو نەهامەتی و بێڕێزی پێ کردنە ڕزگاریان بێت کە ئێستا وەك ئاکامە نەرێنییەکانی ئەو هەڵە و تاوانە بە دەستیەوە دەناڵێنن.

**خوێندنەوەی جیاواز بۆ تاوانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بۆ ئەوەیە مێژوو بکەینە خانەیەکی چاکسازی کە تیایدا ئەقڵییەت و بیرکردنەوەی بوغز و کینە دژی خواستی نەتەوە بگۆڕین بۆ ئەقڵییەت و بیرکردنەوەی ئینتیما بۆ خاك و خۆشگوزەرانیی نەتەوە**

**نەتەوە سەرکەوتووەکانی جیهان هەرگیز بە ئەقڵییەتی تۆڵەسەندنەوە لە تاقم و گرووپێك مامەڵەیان لەگەڵ خاڵە ڕەشەکانی مێژووی خۆیان نەکردووە، بەڵکو بەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە کە ئەو هەڵە و تاوانە، وەك هەڵە و تاوان و پەڵەی مێژوو ددانی پێدا بنرێت و پاشان بە گیانێکی لێبوردەیی هەوڵ بدرێت ئەو هەڵە و تاوانە ڕاست بکرێتەوە**



مەلا محەمەد وەرتێ بۆ گوڵان:

# مەلا مستەفا بارزانی پێی دەگوتین: نابێت مامۆستای ئایینی حزبایەتی تێکەڵی ئایینەکەی بکات و لە هەق لا بدات

**مەلا محەمەد وەرتێ زانایەکی هەڵکەوتوو و شارەزا لە بواری شەریعەت و فقهی ئیسلامی، پتر لە ٥٠ساڵ خزمەتی زانستە شەرعییەکانی کردووە و لە قوتابخانە ئایینییەکان وانەی وتووەتەوە و ماوەی ٢٠ ساڵیشە لە قوتابخانەی سەواف وانە دەڵێتەوە، تا ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو مامۆستای ئایینی لەسەر دەستی ئەو بڕوانامەی زانستی مەلایەتیان وەرگرتووە. پێشتر ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بووە، هەر چەندە مامۆستا تەمەنێکی گەورەی هەیە، بەڵام یادەوری مێژووی دینداری و خۆشەویستیی خواپەرستی و خاك و نیشتمانی مامۆستایانی ئایینی لە شۆڕشی ئەیلوول لەبیر ماوە، لە چەندین بۆنەدا چاوی بە مەلا مستەفا بارزانی کەوتووە و باسی پاڵپشتی و پشتگیریی ئەو سەرکردەیە دەکات بۆ مامۆستایانی ئایینی و ئایینی ئیسلام و نیشتمانپەروەری. باسکردنی ئەو سەردەمە و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە قۆناغە مێژووییەکان تەوەرەی سەرەکیی ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان بوون و بەمجۆرە مەلا محەمەد وەرتێ وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بەو پێیەی تەمەنێکی درێژت لە خوداپەرستی و وانەوتنەوە بەسەر بردووە و زانیارییەکی باشت لە فقهی ئیسلامی و شەریعەتی ئیسلامی هەیە، سەرەتا حەز دەکەین باسێکی ئەو ڕەسەنایەتییەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکەن کە لای مەلای کورد هەبووە؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام و مێژووی ئیسلام دەوڵەمەندە بە سەدان ڕووداو و بەسەرهات، موسڵمان دەبێت شارەزاییەکی باشی لە قورئانی پیرۆز و فەموودەکانی پێغەمبەر محەمەد (درودی خوای لەسەر بێت) هەبێت، دواتر لە مەرجەعە دینییە باوەڕپێکراوەکان خوێندنەوەی تەواوی بۆ مێژووی ئیسلام هەبێت و شارەزایی لە ئەهلی زکر هەبێت: (فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ)، ئەو کات باسی مێژووی ئیسلام بکات. زانا و مامۆستایانی ئایینی ئیسلامیش ئەو شارەزاییەیان هەبووە، بۆیە نەکەوتوونەتە بەردەم بیری توندوتیژی و تەکفیری و بە هەڵەدا نەڕۆشتوون، هەمیشە لە پێناو ئایینەکەیان و موسڵمانان و مرۆڤەکان بە جیاوازی ئەوەی ئیسلام بووە، یان مەسیحی و جوو، خۆ ئێمە کاتێك دینداریمان کردووە ڕێزمان لە هەموو هاووڵاتیەکی ئەم کوردستانە گرتووە بە جیاوازیی ئایین و نەتەوە و ڕەگەز و گەورە و بچووکەوە و عیشقمان بۆ خوداپەرستی و ئایینەکەمان هەبووە، مەلا مستەفا بارزانی حەزی بە حزبایەتی نەبوو، مەلا مستەفا گەلێك جار پێی دەگوتین: مەلا نابێت حزبایەتی تێکەڵی ئایینەکەی بکات، هەر بۆیە ئێمە کەسێکمان خۆش دەوێت کە دیندار و کوردپەروەر بێت و گەلەکەی و نیشتمانەکەی خۆش بوێت و لەسەر هەق بکاتەوە. سەبارەت بە توندوتیژی و دەرکەوتنی بیری تەکفیری لەناو هەندێك گرووپ و تەیاردا، ڕاستە لە سەرەتای هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام توندوتیژی بە مەبەستی بەرگری و بڵاوکردنەوەی ئایینەکە هەبووە، کاتێك کافرەکان لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) و لە ئەسحابەکانیان داوە، بە ناچاری بەرگرییان لە خۆیان کردووە و شەڕ و کوشتار هەبووە، بۆ نموونە کافرەکان و جووەکان لە مەدینە هێرشیان دەکردە سەر موسڵمانەکان بۆ ئەوەی لەناویان ببەن، خۆ لە شەڕی خەندەقدا هەر ١٠ موسڵمان و لە دەوری خەندەق بەرگرییان لە مەدینە کرد، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت لە ئێستادا لەناو دەوڵەتێکی ئیسلامیدا توندوتیژی بەرامبەر بە برای موسڵمانت بکەیت، زانا و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆیە خۆشەویستن، چونکە لە ڕەسەنایەتیی ئایینەکە لایان نەداوە و، بە دڵ و ئیمان خۆشەویستیی خەڵك و کۆمەڵگە و خاك و نیشتمانەکەیان دەوێت.

*** هەر ئەم ڕەسەنایەتی و تێگەیشتنەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە وای کردووە کورد کەلتوورێکی بەرزی پێکەوەژیان و لێبووردەیی هەبێت. ئایا ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە دژایەتیکردنی توندوتیژی و چاندنی تۆوی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی چۆن بووە؟**

**ئێمەی مامۆستایانی ئایینی لە شۆڕشدا مەلا مستەفامان وەکو سەرکردەیەکی گەورەی کورد سەیر کردووە، هەروەکو چۆن باوک خێزان و منداڵ بەڕێوە دەبات و لە خزمەتیاندایە هەر وا مامەڵەی کردووە**

**ئێمە کاتێک دینداریمان کردووە ڕێزمان لە هەموو هاووڵاتییەکی ئەم کوردستانە گرتووە بە جیاوازی ئایین و نەتەوە و ڕەگەز و گەورە و بچووکەوە و عیشقمان بۆ خودا پەرستی و ئایینەکەمان هەبووە**

**زانا و ماموّستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆیە خۆشەویستن، چونکە لە ڕەسەنایەتیی ئایینەکە لایان نەداوە**

**هەر کەسێک هەڵساوە و بیروباوەڕێکی جودای هێناوە بە ناوی ئیسلامەوە بڵاوی دەکاتەوە، هەمووان موخالیفن، زۆرجار گرفت و کێشە بۆ ئێمەش دەنێنەوە و گەنجەکان فریو دەدەن**

**فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) هەیە دەڵێت: ئەگەر کەسێک بیەوێت بچێتە بەهەشت با ئاگاداری دراوسێی خۆی بێت**

**زانا و ماموّستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەردەوام جەختیان لەسەر ئاشتی و تەبایی و پێکەوەژیان و لێبووردەیی کردووەتەوە**

- پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) خەڵکی خۆی کۆکردەوە و زۆری پێ خۆش بوو هەمووی ببنە ئیسلام و عیبادەتی خودای گەورە و میهرەبان بکەن. خودای گەورە ئایەتێکی بۆ هێنایە خوارەوە و پێی وت: (وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّي يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ)، واتا ئەی پێغەمبەر (د.خ) دەتەوێت بە زۆر خەڵکی ئیسلام بکەیت. لە ئایەتێکی دیکە تەئکید دەکاتەوە: (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ...) واتا کۆتایی هات خەڵکی بە زۆر بکرێنە ئیسلام، بەڵام ئەوەشی وتووە: هەر کەسێك بە قسەی خودا و پێغەمبەران نەکات گومڕایە: (وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا). لە ئایەتێکی دیکەدا هاتووە: (فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ)، لێرەشدا مەبەستی مەزهەبەکانە، واتا ئێمەی کوردی موسڵمان مەزهەبی ئیمامی شافعی پەیڕەو دەکەین، جگە لەم هەموو ئەم بیروباوەڕی توندتیژی و لێرەو لەوێ هەر کەسێك هەڵساوە و بیروباوەڕێکی جودای هێناوە بە ناوی ئیسلامەوە بڵاوی دەکاتەوە، هەمووان موخالیفن، زۆرجار گرفت و کێشە بۆ ئێمەش دەنێنەوە و گەنجەکان فریو دەدەن. ڕۆژێك جەنازەیەکیان هێنایە مزگەوت و گەنجێکی لەگەڵدا بوو، وتی: من (مەلام)، کاتێك پێویست بوو نوێژ لەسەر جەنازەکە بکەین، دەستی کرد بە وتارخوێندنەوە. پێم وت گوتار مەدە خۆ هەینی و ڕەمەزان نییە. کاتێك جەنازەکەیان بەرەو گۆڕستانیان برد، من بە گەنجەکەم وت، مادام مەلایت و مردووەکە خاڵتە: بچۆ تەلقینی بدە. کەچی وتی: باشە. دواتر بینیم لەگەڵ جەنازە نەچوو. پێی وتم: تەلقین و قنوت نییە. ئەم لادانە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر زیانی هەیە و گوناحێکی گەورەیە. لە کاتێکدا پێغەمبەر (د.خ) دوانوێژی بێ قنوت نەکردووە.

*** هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان بەگشتی زیانی بۆ سەر دراوسێ و وڵاتانی دەوروبەر و عەرەب نییە، کەچی بەردەوام حکومەتەکانی ئەو وڵاتانە بە تۆپ و فڕۆکە بۆردومانمان دەکەن، ئایا حوکمی ئیسلام لەسەر موسڵمان و دراوسێتی چییە؟**

- حوکمی ئیسلام لەسەر دراوسێتی زۆر گەورەیە. ئیمامی عومەر ڕەزای خوای لەسەر بێت، سەدەقەی کرد و بە عەبدوڵای کوڕی وت: لە خێرەکە دراوسێ جوولەکەکانمان لە بیر نەکەیت. کە گەڕایەوە تەئکیدی لە کوڕەکەی کردەوە، وتی نەوەکو گەنجە و خوێنگەرمە و بە گوێم نەکات، ئەویش پێی وت: بەڵێ خێرەکەم بۆ دراوسێ جووەکەشم برد. تەنانەت فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) هەیە دەڵێت: ئەگەر کەسێك بیەوێت بچێتە بەهەشت با ئاگاداری دراوسێی خۆی بێت. لەلایەکی دیکەوە دەبێت هەموو ماموّستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەنگیان بگەیەننە ئەو موسڵمانانەی دراوسێمان و ڕاستیی موسڵمانێتی و مەزلوومییەتی کورد بگەیەنینە ئەوان، ئەگەرنا ئەوا لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و لە دەقی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەردا هاتووە بەرگری لە خاك و نیشتمان ئەرکە لەسەر موسڵمانان، تەنانەت لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) هاتووە: (من قتل دون مالە فهو شهید ومن قتل دون دمە فهو شهید ومن قتل دون دینە فهو شهید..)، ئێمە تەعەددا و دەستدرێژی لەسەر کەس ناکەین، بەڵام نابێت دەستدرێژی و تەعەددای کەسیش قبووڵ بکەین.

*** ڕۆڵی زانا و ماموّستایانی ئایینی ئیسلام لە پاراستنی ڕەسەنایەتیی ئایینی ئیسلام و خواپەرستی و پاراستنی خاك و نیشتمانەکەیان چۆن بووە، بە حوکمی ئەو هەموو ساڵەی خزمەتت کردووە داواکاریت لە مەلا و ماموّستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام چییە؟**

- زانا و ماموّستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەردەوام جەختیان لەسەر ئاشتی و تەبایی و پێکەوەژیان و لێبووردەیی کردووەتەوە، هەر خۆی لەخۆیدا ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئایینی ئاشتییە و بۆ هەموو مرۆڤایەتی بە بێ جیاوازی هاتووە. خودای گەورە و میهرەبان لە زۆر ئایەتی پیرۆزی قورئاندا باس لە خۆشەویستی و ئاشتی و ڕێزگرتن لە بەرامبەری کردووە، ڕەحمەت و بەزەیی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتییە، تەنانەت لە شەریعەتدا هاتووە دروستە بچیتە پرسەی مەسیحی و جوو لە کەنیسە و شوێنی عیبادەتیان سەرەخۆشیان لێ بکەیت و دوعای خێریان بۆ بکەیت. من لەبیرم دێت، جوو و مەسیحی لە زۆربەی گوندەکانی کوردستان هەبوون و لەگەڵ موسڵمانەکاندا پێکەوە ژیاون و هیچ کێشەیەکی ئایینی لە نێوانیاندا نەبووە، هەروەکو چۆن لەگەڵ ئێزدییەکانیشدا



گرفت لەگەڵ موسڵمانەکان نەبووە، هیچ کەسێك تەعدای لە کەسێکی دیکە نەکردووە، ئەمە زانا و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەناو کورددا بە باشی پەیڕەویان کردووە. مامۆستایان پەروەردەی مزگەوت و حوجرە و تەکییە بوون و لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵ میللەتەکەی خۆیاندا بوون، جگە لە ئەرکە ئایینییەکەشیان بەپێی دینەکەیان خەڵکیان فێری نیشتمانپەروەری و خۆشەویستیی خاك و پارێزگاری لە نەتەوەکەیان کردووە، چونکە لە ئیسلام و لەناو موسڵمانان خاك و نەتەوە گەلێك پیرۆزن.

*** مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەردەوام لەگەڵ سەرکردە مێژووییەکانی کورد بوون و پاڵپشتی پێشمەرگە و شۆڕشیان کردووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا تا چەند مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکان بەشدار بوون؟**

- لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی مامۆستا و مەلا و زانایانی ئیسلامی هەموان لە دەوری مەلا مستەفا بارزانی بوون و کار بە لێژنەی فتوا دەکرا و سەرکردە و بەرپرسان گوێڕایەڵی ئامۆژگاری و داواکارییەکانی مامۆستایانی ئایینی بوون و ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە شۆڕش و خەبات و پارێزگاریکردن لە شەرەف و ناموسی موسڵمانان. من تەنیا باسی تەمەنی خۆم وەکو مامۆستایەکی ئایینی لەناو شۆڕشی ئەیلوول و لە خزمەتی مەلا مستەفا بارزانی دەکەم. مەلا مستەفا کە لە ساڵانی حەفتاکاندا یەکێتیی زانایانی ئیسلامی کوردستانی دروست کرد زۆر جوان لەبیرمە حەوت ڕۆژ لە گەلاڵەی باڵەکایەتی لە خزمەتیان بووم و ئەندامی کۆنگرە بووم. لە ڕۆژی حەوتەم مەلا مستەفا وتاری دا و پێی وتین: «مامۆستایان یاخوا بەخێر بێن، چاوم بە ئێوە ڕوونە، بەڵام سێ شتم لە ئێوە دەوێت: ئاگاتان لە دینەکەتان بێت، ئاگاتان لە مەزهەبەکەتان بێت، ئاگاتان لە نیشتمانەکەتان بێت و ئەمن خەنجەری بەرپشتی ئێوەم.» من لە بۆنەیەکدا بە کاك مەسعود بارزانیم گوت: ٥٢ ساڵ پێش ئێستا مەلا مستەفا بارزانی لە مزگەوتی گەلاڵە وای پێ وتین، ئێستاش تۆ لە جێگای ئەوی، چاومان لێیە تۆش وەکو ئەو بیت. پێی وتم: قسوور ناکەین، بەڵام وەکو ئەویشمان پێ ناکرێت، زەمانە گۆڕاوە.

مەلا مستەفا پێی دەگوتین ئەرکی ئێوە پارێزگاریکردنە لە ئایین و خاك و نیشتمان و نابێت مامۆستای ئایینی حزبایەتی تێکەڵی ئاینەکەی بکات و لەسەر حەق لا بدات. ئێمەی مامۆستایانی ئایینی لە شۆڕشدا مەلا مستەفامان وەکو سەرکردەیەکی گەورەی کورد سەیر کردووە، هەروەکو چۆن باوك خێزان و منداڵ بەڕێوە دەبات و لە خزمەتیاندایە هەر وا مامەڵەی کردووە، ئەو زۆر لەگەڵ حزبایەتی نەبوو، حزبایەتی خۆپەرستی تێدایە و میللەت پەرتەوازە دەکات.

**مەلا مستەفا کە لە ساڵانی حەفتاکاندا یەکێتیی زانایانی ئیسلامی کوردستانی دروست کرد زۆر جوان لەبیرمە حەوت ڕۆژ لە گەلاڵەی باڵەکایەتی لە خزمەتیان بووم و ئەندامی کۆنگرە بووم**



# ڕێزگرتن لە گەورە زانایانی ئایینی ڕێزگرتنە لە ڕێڕەوی ئایینپەروەران و سیمبولە نیشتمانییەکان

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یادی مەولوودی پێغەمبەر (د.خ)دا لە وتارەکەیدا جەختی لەو بنەما و فەرهەنگە مێژووییەی گەلی کورد و هەڵوێستی مێژوویی ڕێبەرانی ئایینپەروەر و نیشتمانپەروەری بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد کردەوە و تەئکیدی لەوە کرد، ئامۆژگاری زانایان گرنگە، پێشەنگی و گەیاندنی ئیسلام وەك خۆی پێویستە، بۆیە ڕووی کردە زانایانی ئایینی و گوتی: «داوایەکی بچووکم لەم هەموو مامۆستا بەڕێزانە هەیە، کە لە ئامۆژگارییەکانی خۆیان بێبەشمان نەکەن، لە ڕێبەرایەتیکردنی کۆمەڵگەکەمان بێبەشمان نەکەن، ڕێگە بگرن لەوەی کە دینی پیرۆزی ئیسلام وەك ئایین بۆ بەرژەوەندیی کەسی و گرووپ و مەرام و ئەجێندایەکی سیاسی بەکار بێت».**



***

**کورد هەمیشە خاوەنی فەرهەنگێکی گەورەی ڕێزگرتن لە ئایینی ئیسلام و ئیسلامپەروەران و زانایانی ئایینی بووە**

کورد هەمیشە خاوەنی فەرهەنگێکی گەورەی ڕێزگرتن لە ئایینی ئیسلام و ئیسلامپەروەران و زانایانی ئایینی بووە، وێڕای بەرزڕاگرتنی یادە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، ڕێز و بەهای زۆری بۆ زیندووڕاگرتنی بۆنە ئایینیەکانیش داناوە، تا ئەوەی گەیشتووەتە ئاستی پێکەوەگرێدانی هەردوو ئاراستەی ئایینی و نەتەوەیی.

بەو پێیەی هەستی نەتەوەیی هەستێکی ڕەوا و خۆڕسکانەی بەرزی مرۆڤە بەرامبەر گەل و نیشتمانەکەی، هەستی ئایینیش بە هەمان شێوە و وەك هێز و بەهایەکی گەورە لە ناخەوە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ هەنگاونان بە ڕووی هەر کار و کردار و بەها و ڕەوشتێکی باش، کە لە خزمەتی ئایین و نەتەوە و نیشتمان بێت.

**یەکێ لە شانازییە دیارەکانی گەلی کورد، بەرزڕاگرتنی یادی پڕ شکۆی لەدایکبوونی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێت)**

خۆشبەختانە یەکێ لە شانازییە دیارەکانی گەلی کورد، بەرزڕاگرتنی یادی پڕ شکۆی لەدایکبوونی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە گەورە زانایانی کورد بەشی شێریان هەیە لە شیاندن و بایەخدان بەم یادە و هەر لەناو کوردیش گواستراوەتەوە بۆ جیهانی ئیسلامی بەو ئاراستە و ئاستە بەرفراوانەی کە ئێستا هەیە.

کورد و یادی مەولوود هەمیشە بۆنەیەکی زیندووی جەماوەری و هێمای ئاشتیخوازی و مرۆڤدۆستی و تەبایی و میانڕەوی بوون،



**مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**

ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان.

بۆ گوڵانی نووسیوە

کەلتوورێکە لەوەی کورد وەك گەلێکی زۆرینە موسڵمان، بەردەوام نییەت و ئیرادەی خێری بۆ مرۆڤایەتی و ژیار و ژینگە ویستووە و خۆشەویستیی پێشەوای مرۆڤایەتی حەزرەتی محەمەد (درودی خوای لەسەر بێت) کردووەتە هەوێنی ئاشتەوایی و سیمبولی پێکەوەژیان و سەقامگیریی کیان و کۆمەڵگە.

ئەمساڵ جیاوازتر لە جاران و لە فیستیڤاڵێکی تایبەت و بە بەشداریی ڕاستەوخۆی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و بەرپرسانی باڵای حکوومی و ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایانی ئایینی و شێخانی تەریقەت و کەسایەتیی کۆمەڵایەتی و جەماوەرێکی زۆر، ئەم یادە بە فەرمی و کۆمەڵێك بڕگەی جیاوازەوە بەرز ڕاگیرا، تەنانەت لە زۆربەی مزگەوت و ماڵ و شار و دێهات و سەنتەر و بازاڕ و دامەزراوەکانیش ئاهەنگی مەولوود و شادی و خۆشی دەربڕین بەو بۆنەوە بەدی کرا.

**کورد و یادی مەولوود هەمیشە بۆنەیەکی زیندووی جەماوەری و هێمای ئاشتیخوازی و مرۆڤدۆستی و تەبایی و میانڕەوی بوون**

ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە گەلی کورد لەمێژ ساڵە ئەم بۆنە و یادە بە زیندوویی دەهێڵێتەوە و بووەتە بەشێك لە کەلتووری ئاییینداری و ئاشنایەتی بە خۆشەویستیی پێشەوای مرۆڤایەتی حەزرەتی محەمەد (درودی خوای لەسەر بێت)، کە هەر ساڵە فراوانتر ئاستی ئەم یادە هەڵدەکشێ و دەبێتە مایەی شادی و هەستکردن بە ڕۆحی دینداری، هاوکات دەرفەتێکە بۆ زیاتر و زۆرتر باس و خواسی کەسایەتیی ئەم پێشەوایە و دووپاتی پابەندی بە ئاکار و ڕەفتار و بەها باڵاکان و ئەبدەیتکردنەوە جوانییەکانی کۆمەڵگە و، بەرزکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و برایەتی و ئاشتەوایی و میانڕەوی و دوورکەوتنەوە لە هزری توندڕەوی و یەکتر بوغزاندن، کە ئەمە کاردانەوەی ئەرێنیی هەمەجۆری لە ئاراستەی پەروەردە و ڕەوشت و هەستی عیرفانی موسڵمانان چێ کردووە و بە قازانج بۆی گەڕاوەتەوە.

**گوتاری مەلای کورد هەڵقوڵاوی شەریعەت و تێگەیشتنی دروست و میانڕەوی و عیرفانی بووە**

لە هاتنە کایەی ئەم نەریت و کەلتوور و فەرهەنگە جوان و ڕەسەنە بۆ ناو کۆمەڵگە و بونیاتی ڕۆشنبیری و هۆشیاری و بە زیندوو هێشتنەوەی ئەم یاد و بۆنە ئایینی و نەتەوەییانە لە هزری تاکی کورد، زانایانی ئایینی ڕۆڵێکی سەرەکی و بەرچاو و پێشەنگیان گێڕاوە و بەردەوامیش هاندەر و پاڵپشتی جددی بوون لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو ئەو دەستکەوتە گرنگانەی بوونەتە فاکتەری خێر بۆ گەل و وڵات. چونکە گوتاری مەلای کورد هەڵقوڵاوی شەریعەت و تێگەیشتنی دروست و میانڕەوی و عیرفانی بووە، بە درێژایی مێژوو مەلای کورد لە چوارچێوەی ئەو ڕێڕەوە ڕەسەن و زانستییەی گەورە زانایان بناغەیان بۆ داناوە، هەمیشە لە ڕێی پەیام و گوتار و هەڵوێستەوە خزمەتێکی گەورەیان لە ئاست واقع و خواستی خەڵك پێشکەش کردووە و، لە دەستنیشانکردنی برین و دۆزینەوەی چارەسەر هەوڵی جددییان داوە، بۆ ئەوەی باشترین ڕێگەچارە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی دینی و دونیایی پێشکەش بکەن.

**زانایانی کورد تا ئێستا پتر لە (٨٠) مەولوودنامەیان بە شێوازی شیعر و پەخشان لە ژین و ژیاننامە و ستایش و وەسفی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بە زمانی شیرینی کوردی نووسیوە**

هەر بە نموونە زانایانی کورد تا ئێستا پتر لە (٨٠) مەولوودنامەیان بە شێوازی شیعر و پەخشان لە ژین و ژیاننامە و ستایش و وەسفی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بە زمانی شیرینی کوردی نووسیوە، کە ئاماژەن بە گەورەیی ئەم زاتە لە دیدی مەلای کورد لە لایەك و، بەشداریی ئەدەب و نووسینی کوردی لە وەسفی گەورەیی پێشەوای ئۆممەت لە پاڵ زنجیرەی هەوڵە جۆراوجۆرەکانی جیهانی ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە، سەرباری ئەمەش زانایان هەمیشە ڕووی دەمی گوتار و داوایان لە نەتەوەی خۆیان خێر بووە و، بانگەوازە خواییەکەشیان بە خەڵات پێشکەش کردووە.

بۆیە ڕێزگرتن لە خزمەت و هەوڵەکانی زانایان و بە گەورە سەیرکردن و لەبەرچاوگرتنی کۆششی بێوچانی شەو و ڕۆژیان، ڕێزگرتنە لە سەرچاوەی دروستی پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەکان و ئاراستەی کۆمەڵگە بەرەو هەڵکشانێکی پتر و چاکتر، ڕێزگرتنە لە سیمبول و ڕەمزە دیارەکانی نیشتمان، کە لەوەشدا زانایانی ئایینی جێدەستی خزمەت و خەبات و گیانفیداییان لە هەمبەر پرسی ڕەوای گەل و بەرپەرچدانەوەی هێرش و هەڕەشەی مەیدانی و فکری و توندڕەوی دوژمنان دیارە، ڕێزگرتنە لەو سەرکردانەی وەك هێمای نەتەوەیی ناویان بە زیندوویی ماوەتەوە و ژیانیان لەپێناو خزمەتی ئایین و نەتەوە وەك مۆم لێ کرد و بۆ خۆیان سووتان و ڕووناکییان بە گەل بەخشی.



لەبەر ئەوە جێگەی سوپاس و پێزانین و مایەی دڵخۆشییەکی زۆر بوو، کاتێ لە فیستیڤاڵی یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕێزدار مەسرور بارزانی وتەیەکی جوانی لە بارەی بەرزڕاگرتنی مەولود و نرخاندنی ڕۆڵی زانایان پێشکەش کرد و، دواتریش وەك ڕێزگرتن لە ئەرك و ماندووبوون و خزمەت و پیشەی پیرۆزی زانایانی ئایینی، سوپاس و پێزانینی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێشکەشی ژمارەیەك لە زانایانی بەتەمەن و بەئەزموون و هەڵکەوتووی کوردستان کرد، لەوەش زیاتر خۆی لەسەر ستەیج هاتە خوارەوە و بە پیر زانایانەوە چوو بۆ ئەوەی دەستی خزمەتیان بگوشێ و پێزانینیان پێشکەش بکات.

ئەم دیمەنە وێڕای ئەوەی دڵخۆشکەر بوو، لە هەمان کات مێژوویی و هەڵگری پەیامێکی گەورەیە، بەوەی چۆن لە ڕابردوو زانایان پێشەنگ و مایەی ڕێز و حورمەت بوون، بە هەمان شێوە ئێستاش زانایانی ئایینی شەریعەیەکی یەکجار گرنگ و پێویستن بۆ کۆمەڵگە و ئاراستەی کۆمەڵایەتی بەرەو باشبوون و پێشەوەچوون و ئاشتیخوازی.

هەر لەبەر ئەمەش بوو سەرۆکی حکومەت لە وتارەکەیدا جەختی لەو بنەما و فەرهەنگە مێژووییەی گەلی کورد و هەڵوێستی مێژوویی ڕێبەرانی ئایینپەروەر و نیشتمانپەروەری بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد کردەوە و تەئکیدی لەوە کرد ئامۆژگاریی زانایان گرنگە، پێشەنگی و گەیاندنی ئیسلام وەك خۆی پێویستە، بۆیە ڕووی کردە زانایانی ئایینی و گوتی: «داوایەکی بچووکم لەم هەموو مامۆستا بەڕێزانە هەیە، کە لە ئامۆژگارییەکانی خۆیان بێبەشمان نەکەن، لە ڕێبەرایەتیکردنی کۆمەڵگەکەمان بێبەشمان نەکەن و ڕێگە بگرن لەوەی کە دینی پیرۆزی ئیسلام وەك ئایین بۆ بەرژەوەندیی کەسی و گرووپ و مەرام و ئەجێندایەکی سیاسی بەکار بێت».

**زانایانی ئایینی جێدەستی خزمەت و خەبات و گیانفیداییان لە هەمبەر پرسی ڕەوای گەل و بەرپەرچدانەوەی هێرش و هەڕەشەی مەیدانی و فکری و توندڕەوی دوژمنان دیارە**

# پێگەی ژینگە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەر لە سەرەتای پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ڕێزدار سەرۆکی حکومەت لە کارنامەکەیدا بەم وتە گرنگە ئاماژەی بۆ پێگەی ژینگە کرد: «ژینگەی کوردستان گەورەترین سەرمایەی هەرێمە»، بەم وتەیەش هەموومانی پابەند کرد بۆ برەودان بە ژینگە ڕۆشنبیری و کەمکردنەوەی مەترسییە ژینگەییەکان. دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستانیش وێڕای دەرهاویشتەکانی دوای کۆڕۆنا و قەیرانی دارایی و هەندێك کەلێنی یاسایی و ڕۆتینی کارگێڕیی کە بوونە ئاستەنگی سەر ڕێگەی کارەکانی، توانیویەتی لە ماوەی ڕابردوودا لە پاڵ ئەرکە چاودێرییەکەی و ڕێگرتن لە زۆرێك لە پرۆژە ناژینگەییەکان و ئەنجامدانی بەدواداچوون بۆ زۆرێك لە پرۆژە ئەنجامدراوەکاندا، بە پێی توانا زۆر کاری دیکەی ئەنجام داوە لە بوارە جیاجیاکاندا وەك:

● **یەکەم: لە بواری یاساییدا**

١- پێداچوونەوە بە هەر دوو یاسای ژمارە (٨)ساڵی (٢٠٠٨) و یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٠) بە مەبەستی هەموارکردنەویان لە بەرژەوەندیی ژینگەی کوردستاندا.

٢- دەرچوواندنی ڕێنمایی تایبەت بە ڕاوکردن.

٣- دەرچوواندنی ڕێنمایی تایبەت بە بەخێوکردنی گیانلەبەری کێوی.

٤- دەرچوواندنی ڕێنمایی تایبەت بە قەرەبووکردنەوەی زیانە ژینگەییەکان.

٥- ڕێنمایی تایبەت بە پاراستنی کواڵێتیی هەوا.

٦- ڕێنمایی تایبەت بە مەرجە ژینگەییەکانی سەربڕخانەکان.

٧- دەرچوواندنی ڕێنمایی تایبەت بە پۆلێنکردن و مەرجە ژینگەییەکانی پرۆژەکان.

٨- بەدواداچوون بۆ کەیسە ژینگەییەکان لەدادگاکان لە جۆری سکاڵا، سزا، پێ بژاردن، بەڵێننامە.


● **دووەم: لە بواری کارگێڕیدا:**

١- ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازیی ئیداری و نەهێشتنی زۆر بواری زیادەڕۆیی لە خەرجییەکان.

٢- ئەنجامدانی زۆر ڕێکاری یاسایی بۆ زیادکردنی داهات بۆ حکومەت.

٣- کردنەوەی فەرمانگەی ژینگە لە پارێزگای هەڵەبجە.

٤- وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کردنەوەی فەرمانگەی ژینگە لە زاخۆ.



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵانی نووسیوە

٥- وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کردنەوەی فەرمانگەی ژینگە لە سۆران.
٦- دابەزاندنی دەسەڵات بۆ فەرمانگەکانی ژینگە بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین.
٧- کردنەوەی (یەکەی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی) لە دەستەی ژینگە.
٨- وەرگرتنی ڕەزامەندیی وەزارەتی دارایی بۆ پەسەندکردنی پەیکەری نوێی دەستەی ژینگە.

**● سێیەم: لە بواری هونەری و تەکنیکیدا**

١- ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی بۆ گشت پرۆژەکان .
٢- بەدواداچوون و پشکنین بۆ پرۆژەکان بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی مەرجە ژینگەییەکان.
٣- پشکنینی تاقیگەیی وەك: پشکنینی کیمیاویی خاك و ئاو، پشکنینی بەکتریۆلۆجیی ئاو، پشکنینی دیکەی پێویست بەپێی جۆری پرۆژەکان.
٤- سەپاندنی ڕووبەری سەوزایی بۆ پرۆژەکان، هەروەها سەپاندنی ڕووبەری لە بری سەوزکردن بۆ ئەو پرۆژانەی کە ڕووبەری سەوزایی تەواویان دابین نەکردووە.
٥- قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دەبەی پلاستیکیی ئاو و دیاردەی جگەرەکێشان لە نێو بینای دەستە و فەرمانگەکانی ژینگەدا.
٦- داواکردن لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ گشتاندنی قەدەغەکردنی دەبەی ئاوی پلاستیك لە گشت دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا.
٧- ئامادەکردنی ڕێبەری ڕێنمایی ژینگەیی بۆ ئامادەکردنی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی.
٨- کۆتاییهێنان بە کاری نووسینگە ئەهلییەکانی (ئی ئای ئەی) و گێڕانەوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی بۆ دەستە و فەرمانگەکانی.
٩- کاراکردنی پەیڕەوی تایبەت بە پێکهێنانی لێژنەی باڵای پاراستەی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان

**● چوارەم: لە بواری پەیوەندیی لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمدا**

١- کاراکردنی پەیوەندیی ڕۆژانە بە وەزارەت و دەستە جێبەجێکارەکانەوە بۆ دیارکردن و گەیاندنی ڕاسپاردە و پێشنیازە ژینگەییەکان.
٢- بەگەڕخستنەوەی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە و نوێکردنەوەی پەیڕەوی کارکردنی ئەنجومەن و ڕێکخستنەوەی

کۆبوونەوەکانی و تەوەری باسەکانی.

٣- داواکردن لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ ناردنەوەی مەواد و خۆراکی ماوەبەسەرچوو بۆ وڵاتی لێوەهاتوو، بۆ ئەوەی لەسەر زەوی خۆمان نەسووتێنرێت و نەشخرێتە ژێر خاکی خۆمان.

٤- داواکردن لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ باشترکردنی کواڵێتیی بەنزین و گاز.

٥- داواکردن لە وەزارەتی داد بۆ پێکهێنانی دادگای ژینگەیی و دانانی دادوەری ژینگەیی لە دادگاکاندا.

٦- داواکردن لە وەزارەتی کارەبا بۆ سوودوەرگرتن لە سەرچاوەی وزە نوێبووەوەکان بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا.

٧- داواکردن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ کردنەوەی بەشی ژینگە لە زانکۆکان.

٨- هاوکاریکردن لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان بۆ



دانانی پرسی ژینگە لە دیدگای ٢٠٣٠ دا.

٩- هاوکاریکردن لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ یەکخستنی زۆرێك لە ڕێنماییەکانمان.

١٠- هەماهەنگیی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان بۆ ڕێبەری وەبەرهێنانی سەوز بە سێ زمان.

**• پێنجەم: لە بواری پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراقدا**

١- کاراکرنی پەیوەندیی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق بۆ کارکردنی پێکەوەیی لە چوارچێوەی ماددەی (١١٤)ی دەستووری عێراقدا سەبارەت بە دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی ئیتیحادی و هەرێمی کوردستان، بۆ هەماهەنگیی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و سوودوەرگرتن لەو مافانەی کە دەدرێنە تەواوی عێراق لە پای پابەندبوونی بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ژینگەوە.

٢- بوون بە ئەندام لە گشت ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی تایبەت بە بوارەکانی ژینگە کە عێراق واژۆی لە سەریان کردووە.

٣- ئەنجامدانی وۆرکشۆپی هاوبەش لە بوارەکانی ژینگە لە بەغداد و هەولێر.

٤- پێکەوە ئامادەکردنی ستراتیژیەتی درێژخایەن بۆ ژینگە.

٥- هەماهەنگیی لە دارشتنی سیاسەتی ژینگەیی بەپێی دەستوور.

**• شەشەم: لە بواری پەیوەندی لەگەڵ کونسوڵخانەی وڵاتاندا**

١- داواکردن لە کونسوڵخانەی ژاپۆن بۆ دامەزراندنی پرۆژەی ڕیسایکلینی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان.

٢- داواکردن لە کونسوڵخانەی وڵاتی چین بۆ دروستکردنی پارکێکی ژینگەیی.

٣- داواکردن لە کونسوڵخانەی ئەمریکا بۆ وەبەرهێنانی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان.

٤- ئەنجامدانی پرۆژەی پێوانەکردنی کوالێتیی هەوا لەلایەن ڕێکخراوی «جی ئای زێد» بە هاوکاریی کونسوڵخانەی ئەڵمانیا.

٥- پێداچوونەوە بە یاسا و ڕێنماییە ژینگەییەکاندا لەلایەن ڕێکخراوی «جی ئای زێد» بە هاوکاریی کونسوڵخانەی ئەڵمانیا.

٦- هەوڵدان بۆ دابینکردنی پێداویستیی تاقیگەی ژینگەیی لەلایەن کونسوڵخانەی بەریتانیاوە.
٧- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پارێزراوی سرووشتی لەلایەن کونسوڵخانەی وڵاتی ئیماراتەوە.

● **حەوتەم: لە بواری دۆزینەوەی هەلی کار**

١- وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی دەرچووانی بەشی زانستەکانی ژینگە لەسەر پرۆژەکانی کەرتی تایبەت، کە ئێستاش ڕۆژانە دامەزراندنیان بەردەوامیی هەیە.
٢- هەمەوارکردنی ڕێنماییەکان بە ئاراستەی دابینکردنی هەلی کار و دۆزینەوەی پیشە سەوزەکان.

● **هەشتەم: پەیوەندیی زانستی لەگەڵ زانکۆکانی هەرێم**

١- واژۆکردنی یاداشتنامەی لێکگەیشتن لەگەڵ بەشی زانستەکانی ژینگەی کۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەددین.
٢- واژۆکردنی یاداشتنامەی لێکگەیشتن لەگەڵ سەنتەری توێژنەوەی ژینگەیی زانکۆی کوردستان.
٣- ئەنجامدانی سیمیناری ژینگەیی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان.

● **نۆیەم: لە بواری هۆشیاریی ژینگەیی و ڕاگەیاندن**

١- هۆشیارکردنەوە و هاندانی هاووڵاتیان بۆ بەشداربوون لە هەڵمەتەکانی پاککردنەوە و نەمام چاندن.
٢- بەستنی کۆڕ و سیمینار و وۆرکشۆپ و بەرنامە و دیداری میدیایی لە تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و گۆڤار و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.
٣- پێشوازیکردن لە خاوەن دەستپێشخەرییە ژینگەییەکان، کۆمپانیاکان، کەسایەتییەکان و زانکۆکان.
٤- نووسین و دابەشکردنی ١٠ هەزار دانە لەك تێبی ڕێبەری ژینگەیی بۆ ناوەندەکانی خوێندن بە هاوکاریی دەزگای ڕوانگە.
٥- بەشداربوونی ڕۆژانە لە کەناڵەکانی میدیا و ڕاگەیاندن بۆ پێدانی زانیاری و هۆشیاریی ژینگەیی.

٦- کاراکردنی پەیجی دەستەی ژینگە و گەیاندنی زانیاریی ژینگەیی بە زۆرترین کەس.
٧- دیارکردنی ڕۆژی ژینگەی هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ.
٨- دیزاینکردنی لۆگۆیەکی نوێ بۆ دەستەی ژینگە کە بە شێوازێکی سادە گوزارشت لە ئاوی خاوێن، خاکی سەوز، ئاسمان و هەوای پاك دەکات.

● **دەیەم: لە بواری بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەش و هەوا**

١- بەشداریی شاندی دەستەی ژینگە لە کۆنفرانسی گلاسکۆ لە بەریتانیا.
٢- خۆئامادەکردن بۆ بەشداریکردنی شاندی دەستەی ژینگە لە کۆنفرانسی (شرم الشیخ) لە وڵاتی میسر بۆ مانگی داهاتوو.
٣- بوون بە ئەندام لە ١٥ لێژنەی نیشتمانیی تایبەت بە بوارەکانی ژینگە لەسەر ئاستی عێراق.
٤- هاوکاری و هەماهەنگیی بەردەوام لەگەڵ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان.
٥- ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسی وەبەرهێنانی ژینگەیی بۆ گونجاندنی پرۆژەکان لەگەڵ بارودۆخی دوای گۆڕانکاریی ئاو و هەوای جیهان.

داتاو ئامارەکانی کارو چالاکییەکانی دەستەی ژینگە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابوردوودا:
یەکەم: پێدانی ڕەزامەندیی ژینگەیی بە ٥٢٢٦ پرۆژەی جۆراوجۆر.
دووەم: نەدانی ڕەزامەندیی ژینگەیی بە ٧١ پرۆژە لە بەر نەبوونی مەرجی ژینگەیی.
سێیەم: ژمارەی بەدواداچوون و پشکنین بۆ پرۆژەکان: ٩٨٦٣
چوارەم: پشکنینی تاقیگەیی بۆ نموونە وەرگیراوەکان: ١٠١٦٦ نموونە
پێنجەم: ژمارەی پشکنینە تاقیگەییەکان: ٧٢٠٤١ پشکنین.
شەشەم: ژمارەی هەڵمەت و چالاکیی هۆشیاریی ژینگەیی: ٤٦٢٤
حەوتەم: ڕووبەری سەوزکراو بە خاوەن پرۆژەی پابەند نەبوو: ٢٦٠ دۆنم.



## کەرخی ئاڵتی بەرماخ

سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان لە کوردستان بۆ گوڵان:

# هەمیشە سەرۆک بارزانی بەرگریکارێکی سەرسەختی مافی تورکمانەکان بووە

**پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵکردنی نەتەوەکانی نێو کوردستان خاڵێکی درەوشاوە و بەهێزی هەرێمی کوردستان بووە و مایەی ئارامی و بەرەوپێشچوونیشی بووە، هەمیشەش جێی ستایش و سەرسامیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە، لەم ڕووەوە گوڵان دیدارێکی لەگەڵ کەرخی ئاڵتی بەرماخ سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان لە کوردستان ئەنجام دا.**

*** هەموو کات سەرۆك مسعود بارزانی داکۆکییەکی گەورە لە مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکانی کوردستان دەکات، تەنانەت یەکەم کەس بوو کە گوتی: «نابێت وشەی کەمینە بۆ هیچ نەتەوەیەك لە کوردستان بەکار بهێنرێت»، لەمەش زیاتر نەك هەر لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق و لە کاتی نووسینەوەی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥یش داکۆکیی گەورەی لە مافی تورکمانەکانی کوردستان کردووە، ئایا چۆن سەیری ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لەم بوارەدا دەکەن؟**

- ئێمە وەکو نەتەوەی تورکمان بەشێکی نەپچڕاوەی گەلی کوردستانین، هەر لە دێر زەمانەوە ئێمە لەگەڵ ئێش و ئازاری ئەو گەل و خاکە تێکهەڵکێشین و لە ناو ئەو هاوکێشەیەداین کە نەتەوەکانی کوردستان بە یەکەوە دەژین و جێگای شانازیمانە، تورکمان لە کوردستان وەکو مافێکی سرووشتیی خۆی و وەك ئەرکەکانیشی بەشداری کردووە لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، واتە لە پاش ڕزگاریی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ بەشدار بووە لە سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەت و پەرلەمان و قەزادا. جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی جێگای شانازیمانە کە داکۆکی لە هەموو نەتەوەکانی کوردستان دەکات، زۆریش شانازی بەوە دەکەین کە جەنابی سەرۆك بارزانی یەکەم کەس بوو لە پەرلەمانی کوردستان فەرمووی ئێمە وشەی کەمینە ڕەت دەکەینەوە کە بەرامبەر بە نەتەوەکانی دیکەی کوردستان بەکار بێت، ئێمە وەك تورکمانەکانی کوردستان جەنابی سەرۆك بە مەرجەعی گەلی کوردستان دەزانین و ڕۆڵی زۆر بەرزدەنرخێنین و، هەر کات کە ناوی پێکهاتەکانی کوردستان هاتووە، بەتایبەتی نەتەوەی تورکمان، ئەوە جەنابیان داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانمان بوون، من شەخسی خۆم شاهیدی ئەوەم لە چەند ساتەوەخت و پرۆسەی گرنگدا (بەتایبەتی لە کاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق) و لەو شاندەی کە چووین بۆ بەغدا لە کاتی نووسینەوەی دەستوور من لە خزمەتی جەنابی سەرۆك بارزانی بووم، چ وەك نوێنەری تورکمان، چ وەك ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئەو کات جەنابیان خۆی داوای لە ئێمە کرد وەك تورکمان دەتانەوێت چی بخرێتە ناو دووتوێی دەستووری عێراقەوە، ئەوە خۆتان بینووسن و بیخەنە ناو دەستوورەکە، نابێت کەس لە جیاتی تورکمان داواکاری و مافەکانی بنووسێت بۆ دەستوور، ئێمەش لەگەڵ چەند برادەرێکی دیکە لائیحەیەکمان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بخرێتە ناو دەستووری هەمیشەیی عێراقەوە. جەنابی سەرۆك بارزانی یەکەم کەس بوو لە پێش ئێمە لائیحەکەی پەسند کرد و فەرمووی دەبێت ئەو لائیحەیەی نەتەوەی تورکمان وەکو خۆی چۆن نووسراوەتەوە، بخرێتە دەستووری عێراق و پەسندیش بکرێت. ئەمە مێژووە و کەس ناتوانێت

**جەنابی سەرۆک بارزانی یەکەم کەس بوو لە پەرلەمانی کوردستان فەرمووی ئێمە وشەی کەمینە ڕەتدەکەینەوە کە بەرامبەر بە نەتەوەکانی دیکەی کوردستان بەکار بێت**

**ئێمە وەک تورکمانەکانی کوردستان جەنابی سەرۆک بە مەرجەعی گەلی کوردستان دەزانین و ڕۆڵی زۆر بەرزدەنرخێنین**

**بەشداریکردنمان لە دامەزراوە سەرەکی و گرنگەکانی هەرێمی کوردستان، وەک سەرۆکایەتیی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نوێیەمدا، بەشداریکردنێکی گرنگ و نەوعی بوو**

**لەو دەوڵەتانەش کە نەتەوەی تورکمانی تێدا دەژی، هیچ بۆ گەلی تورکمان نەکراوە، تەنیا لە هەرێمی کوردستان بەشداریی کارا و گرنگمان لە هەموو دامودەزگا و دامەزراوەکانی حکومەتدا هەیە**

**لە کابینەی نۆیەمدا ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی کابینەکە گرنگییەکی زۆر و تایبەتی بە نەتەوەی تورکمان داوە، ئەمەش لە کاریزمایی جەنابیانەوە دەبینرێت کە بە تێڕوانینێکی زۆر واقیعییانە دەیەوێت مافی هەموو پێکهاتەکان بە تایبەت تورکمان بەرجەستە بێت**

نکۆڵیی لێ بکات، هەر بۆیە ئێمە شانازی بەو سەرکردە و مەرجەعەی گەلی کوردستان دەکەین.

*** کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆری بە پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان داوە، لەم خولەدا سکرتێری پەرلەمانی کوردستان و وەزیرێکیش لە حکومەت لە نەتەوەی تورکمانن، ئایا ئێوە وەك نەتەوەی تورکمان چۆن سەیری ئەم بایەخدانەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- لە ڕاستیدا بەشداریکردنمان لە دامەزراوە سەرەکی و گرنگەکانی هەرێمی کوردستان، وەك سەرۆکایەتیی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمدا، بەشداریکردنێکی گرنگ و نەوعی بوو، بەتایبەت ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ حکومەتی عێراق، کە تا ئێستا بە ڕەوای نازانن یەك وەزیریش بە نەتەوەی تورکمان بدەن و ناتوانن شوێن و پلەیەکی گرنگ کە شایانی خەباتی تورکمان بێت، پێمان بدەن، لەو دەوڵەتانەش کە نەتەوەی تورکمانی تێدا دەژی، هیچ بۆ گەلی تورکمان نەکراوە، تەنیا لە هەرێمی کوردستان بەشداریی کارا و گرنگمان لە هەموو دامودەزگا و دامەزراوەکانی حکومەتدا هەیە، بەتایبەت لە کابینەی نۆیەمدا ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی کابینەکە گرنگییەکی زۆر و تایبەتی بە نەتەوەی تورکمان داوە، ئەمەش لە کاریزمایی جەنابیانەوە دەبینرێت کە بە تێڕوانینێکی زۆر واقیعییانە دەیەوێت مافی هەموو پێکهاتەکان بە تایبەت تورکمان بەرجەستە بێت. بەڕێز سکرتێری پەرلەمان لەو خولەدا خاتوو مونا قەهوەچی نوێنەری ئێمەیە وەك نەتەوەی تورکمان و کەسێکی شایستەیە و جێگای خۆشحاڵی و شانازیمانە کە توانیویەتی ئەو پۆستە زۆر بە باشی و ڕێکوپێکی بەڕێوە ببات. هەر لەو کابینەیەدا وەزیرێکی چالاکمان هەیە کە بۆ هەموو پێکهاتەکانە، نەك تەنیا بۆ تورکمان، هەر بۆیە ئێمە وەك تورکمان شانازی بەو بارودۆخ و بەشداریکردنانەمان دەکەین لە سەرۆکایەتیی دامەزراوە سەرەکییەکانی حکومەتدا و، کارەکە بە شێوەیەکە ئێمە خۆمان بە غەریب نازانین و خۆمان بە بەشێك لە گەلی کوردستان و پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەزانین، ئێمەش وەك نەتەوەی تورکمان و بە چەشنی هەموو تاکێکی کوردستان داکۆکیکاری خاك و گەلی کوردستانین.

*** هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، شارێکی فرە نەتەوە و فرە کەلتوورە و ئێستا هەنگاو بەرەو یەکێك لە شارە گەورە و جوانەکانی ناوچەکە و جیهان هەڵدەگرێت، ئایا چۆن سەیری ئەم پێشکەوتن و پەرەپێدانەی هەولێر دەکەن و تاچەند مەزندەتان دەکرد لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەولێر بگاتە ئاستی ئەم پێشکەوتنە گەورەیە؟**

- لە ڕاستیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بێ جیاوازی گرنگیی بە هەموو شار و شارۆچکە و گوندەکانی هەرێمی کوردستان دەدات، بەڵام ئێمە دەزانین هەولێر کۆنترین شاری دونیایە کە تا ئێستا ژیانی تێدا بەردەوامە، بۆیە ئەو گرنگییەی بە هەولێر دەدرێت، شایستەی مێژووەکەیەتی و حکومەتیش گرنگی بە ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردنی شاری هەولێر داوە، بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی شارە پێشکەوتووەکانی دونیا، لەم بارەشەوە دەستخۆشی لە حکومەت و لە جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکەین کە جەنابیان هەوڵ و کار و جێگا پەنجەی زۆر دیارە لە پێشخستن و گەشەکردنی ئەم شارەدا.

*** لە ماوەی ڕابردوودا سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە پەرلەمانی کوردستان، پرۆژە یاسایەك پێشکەش کرا بوو، کە داوا دەکات کۆتاکانی ناو پەرلەمان دابەش بکرێن بە سەر بازنەکاندا، ئەمەش بەو مانایەی کۆتای پێکهاتەکان (کە نەتەوەی تورکمانیش دەگرێتەوە) پەرت بکرێن و کەم ببنەوە. ئێوە ئاگادارن فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو بڕگەیەی تایبەت بوو بە کۆتاکان، زۆر بە توندی ڕەتی کردەوە و ئێوە خۆشتان ڕەتتان کردەوە، پرسیار ئەوەیە بۆچی هەندێك لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان چاویان بە کۆتای پێکهاتەکان هەڵنایەت؟**

- لە پرسیارەکەتاندا زۆر جوان گوزارشت لەو پرسە کراوە، ئەگەرچی بەداخەوە چەند

فراكسیۆنێك لە پەرلەمانی كوردستان لە جیاتی ئەوەی وەك جەنابی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموكراتی كوردستان بەرگری لە مافی پێكهاتەكان بكەن، كار بۆ پەرت و بڵاوكردنەوەی پێكهاتە و نەتەوەكان دەكەن، بە تایبەت ئەو چەند كورسییەی بۆ نەتەوەی توركمان دانراون، كە ئەمەش لە هەقیقەتدا كارێكی باش نییە و خزمەتی پێكەوە ژیان ناكات، بەڵكو پێویست بوو هەر وەك پارتی دیموكراتی كوردستان كار بۆ ئەوە بكەن مافی پێكهاتە و نەتەوەكان لە هەرێمی كوردستان زیاتر بەرجەستە بكرێت، نەك ئەوەی هەیەتی لێی بسێندرێتەوە و بە شێوەیەك لە شێوەكان بە زۆری ببینن و چاویان پێی هەڵنیەت، لەبەر ئەوە ئێمە دژی ئەو پرۆژەیە بووین كە پێشكەش بە پەرلەمانی كوردستان كرا و پێمان باش نەبوو، بەڵكو ئێمە زۆر سوپاسی فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان دەكەین كە بە شێوەیەكی یەكلاكەرەوە و سەرسەختانە پرۆژەكەیان ڕەت كردەوە و دژی وەستانەوە و بەرگرییەكی گرنگ و واقیعانەیان لە پێكهاتەكانی كوردستان كرد.

*** ئەوەی تێبینی دەكرێت لە هەموو خولەكانی پەرلەماندا، ئەوەیە كە كۆتای پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەكان بەوە تۆمەتبار دەكرێن كە پشتگیری لە فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان دەكەن، لە واقیعیشدا پشتگیریتان كردووە، بۆچی ئێوە پشتگیری لە فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان دەكەن؟**

- ئێمە وەك توركمان پشتگیری لە لایەنێك دەكەین كە پشتگیری لە مافەكانمان بكات و، پشتگیری لە حزبێك دەكەین كە مافی ئێمە بە ڕەوا ببینێت، هەروەها لە دوای ساڵی ١٩٩١ و ڕزگاربوونی هەرێمی كوردستان و دامەزراندنی پەرلەمان و حكومەت، نەتەوەی توركمان لە هەموو كایە و دامەزراوەكان بەشداریی پێ كراوە، دواتر دەبێت ئاماژە بەوە بكەین كە پارتی دیموكراتی كوردستان زۆر بە پەرۆشە بۆ ئەوەی نەتەوەی توركمانیش لەگەڵ خۆی بەرەو كەناری ئارام ببات و پێكەوە برایانە كار لەسەر سەرخستنی پرۆسەی دیموكراسی بكەین و ئایندەیەكی ڕووناكتر بۆ نەوەكانی خۆمان بەدی بهێنین، بێگومان ئاشكرایە پارتی دیموكراتی كوردستان داكۆكی لە مافی ئێمە دەكات و ئێمەش بە تەئكید میللەتێكی بەوەفاین و دەبێت ئەو وەفایەش بگەڕێنینەوە، هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین جەنابی بارزانیی نەمر لە گفتوگۆكانی لەگەڵ حكومەتەكانی ئەو كاتەی عێراقدا نوێنەرانی توركمانی لە نێو شاندەكاندا داناوە، هاوكات جەنابی سەرۆك بارزانی كە دەستوور نووسراوەتە و باسی مافی توركمان كراوە، تەئكیدی لەوە كردووەتەوە كە دەبێت توركمان لە پەرلەمانی عێراق بەشدار بن و، لە كابینەكانی حكومەتیشدا دوو وەزارەتیان پێ بدرێت، بۆیە هەموو ئەوانە وا دەكات كە ئێمەش وەك نەتەوەی توركمان بەوەفا بین بەرامبەر بە كورد و پارتی دیموكراتی كوردستان، كە لە هەموو قۆناغەكانی پرۆسەی سیاسیی عێراق و كوردستاندا داكۆكیكارێكی سەرسەخت بوون لە مافەكانی توركمان.

*** ئێستا پرۆژەیەك بۆ نووسینی دەستووری كوردستان لە پەرلەمانی كوردستانە، ئایا ئێوە وەك نەتەوەی توركمان نوێنەرتان لەو لێژنەیە هەیە؟ ئایا بەنیازن چۆن مافەكانتان لەو دەستوورەدا دیاری بكرێت؟**

- پرۆژەی دەستووری كوردستان هەیە، بەندە ئەو كات ئەندامی پەرلەمانی كوردستان بووم و ئەندامی لێژنەی نووسینەوەی دەستوورەكەم، كە چەندین شارەزا و پسپۆڕی یاسایی و بواری جیاجیای دەرەوەی پەرلەمانیش لە نووسینەوەی دەستوورەكەدا لەگەڵمان كاریان كردووە. ئەو پرۆژە دەستوورە پاش تەواوبوونی چاپ كرا و ئامادە كرا بۆ ئەوەی ڕاپرسی لەسەر بكرێت، بەڵام بەداخەوە ئەو پرۆسەی ڕیفراندۆمە ئەنجام نەدرا، تاوەكو دەنگی لەسەر بدرێت و بچێتە بواری جێبەجێكردنەوە، بەڵام ئەوەی كە ئێستا لەپەرلەمان دەكرێت تەنیا هەمواركردنەوە و پێداچوونەوەیە و بۆی هەیە هەندێ بڕگە و ماددەشی بۆ زیاد بكرێت، ئێستاش ئێمە بەشدارین و ئەندامان لە لێژنەكەدا هەیە و لە دەرەوەی پەرلەمانیش گفتوگۆ لەگەڵ چەندین حزبی توركمانیدا كراوە و پرس بە كەسایەتی و شارەزا و پسپۆڕانی نەتەوەی توركمانیش كراوە، لەسەر ئەو دەستوورەی بۆ كوردستان ئامادە دەكرێت.

**ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین جەنابی بارزانیی نەمر لە گفتوگۆكانی لەگەڵ حكومەتەكانی ئەو كاتەی عێراقدا نوێنەرانی توركمانی لە نێو شاندەكاندا داناوە**

**بەڕێز سكرتێری پەرلەمان لەو خولەدا خاتوو مونا قەهوەچی نوێنەری ئێمەیە وەك نەتەوەیی توركمان و كەسێكی شایستەیە و جێگای خۆشحاڵی و شانازیمانە كە توانیویەتی ئەو پۆستە زۆر بە باشی و ڕێكوپێكی بەڕێوە ببات**

**بەداخەوە چەند فراكسیۆنێك لە پەرلەمانی كوردستان لە جیاتی ئەوەی وەك جەنابی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموكراتی كوردستان بەرگری لە مافی پێكهاتەكان بكەن، كار بۆ پەرت و بڵاوكردنەوەی پێكهاتە و نەتەوەكان دەكەن**




## ئەبوبەککار باهـ
پرۆفیسۆری کۆمەڵناسی لە زانکۆی ئیلینۆی باکوور بۆ گوڵان:

# کەمکردنەوەی بارگرژییە جیۆپۆلەتیکییەکان خاوبوونەوەی ناکۆکییە تایفەگەرییەکانی لێ دەکەوێتەوە

**ئەبویەککار باهـ پرۆفیسۆری کۆمەڵناسییە لە زانکۆی ئیلینۆی باکوور، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك دیموکراسی، بنیاتنانی نەتەوە، بنیاتنان و دروستکردنی ئاشتی و ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە کاروباری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك ڕەگ و ڕیشەی تەنگژە و قەیران و کێشەکانی ئەم ناوچەیە و ناکۆکییە تایفەگەرییەکان و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** مشتومڕێکی زۆر دەکرێت لەبارەی ڕەگ و ڕیشە و هۆکارە بنەڕەتییەکانی کێشە و تەنگژەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، چەندین دەوڵەتی ئەم ناوچەیە بە دەست شکست و گرفتی سیاسی و ئابووریی قورسەوە دەناڵێنن، سەرباری ئەوەش دەگوترێت کە ئەوەی هێندەی دیکە کێشەکانی ئەم ناوچەیەی ئاڵۆزتر کردووە، بوونی ناکۆکی و دابەشبوون و تەنانەت شەڕێکی تایفەگەرییە، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- سەرەتا ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسی دابەشبوونی تایفەگەرییەوە، ئەوا ڕاستە کە ناکۆکییەکی سیاسی لە نێوان شیعە و سوننەدا هەیە، بەڵام بە تێڕوانینی من ئەمە کێشەیەکی بچووکترە ئەگەر بەراوردی بکەین بەو تەنگژە و کێشانەی دیکە کە تووشی ئەم ناوچەیە بوون، هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە بە زۆری ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننە لە هەلومەرج و چوارچێوەی گەمە جیۆپۆلەتیکییە دەرەکییەکانی نێو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵدەکشێن و، ئەوەی ڕوونە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە بە زۆری کێشە و ناکۆکیی سوننە و شیعە پەیوەستە بە هەردوو وڵاتی ئێران و عێراقەوە، ئەویش بە دوو ڕێگە و شێوە: یەکەمیان بریتییە لە پەیوەندیی پڕ لە گرفت و کێشەی ئێران لەگەڵ وڵاتە سوننەکانی کەنداو، دووەمیان پەیوەندیدارە بە دەستێوەردانی ئێران لە عێراقدا. کە ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هەر دووی ئەم پرسە بە کێشە و پرسە جیۆپۆلەتیکییە دەرەکییەکانەوە گرێ دراون، بە چەشنێك کە بەرهەڵستی و بەرەنگاربوونەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ حکومەتی ئێران بووەتە هۆی ئەوەی کە دابەشبوونی نێوان شیعە و سوننە، ببێتە کێشەیەکی گەورە و ئاڵۆزتر لە کێشە بنەڕەتییەکە. دواتر ئەوە ڕاستییەکی ئاشکرایە کە دەوڵەتە سوننەکانی ناوچەی کەنداو هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان و دەستێوەردانی ئێران لە عێراقدا پەیوەستە بە تێوەگلانی ئەمریکا لە خودی ئەم وڵاتەدا (عێراق)، کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەینەوە، ئەوا بە ڕاددەیەکی زۆر ئەم کێشەیە زادە و دەرهاویشتەی تێوەگلان و دەستێوەرانی دەرەکییە لەم ناوچەیەدا، بە چەشنێك ئەگەر وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بتوانن کەمتر پشت بە ئابووریی تەوەربەند لەسەر نەوت ببەستن، ئەوا دەتوانرێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی چارەسەرێکی سەرکەوتوو بۆ ناکۆکیی شیعە و سوننە بدۆزرێتەوە.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە لە ئێستادا کێشە و ناکۆکیی تایفەگەری بەرگ و ڕەهەندێکی جیۆپۆلەتیکی و سیاسی وەرگرتووە، بە تایبەتی کە دەبینین کێشە و ناکۆکییەکان لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دەوڵەتانە ڕەنگیان داوەتەوە و بارگرژی و کێشەی گەورەیان دروست کردووە، بە تایبەتی لە نێوان هەردوو وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و ئێراندا، ئایا ئێوە چۆن لە ڕۆڵی ئێران و کاریگەریی ئەم وڵاتە لە ناوچەکەدا دەڕوانن؟**

- بە تێڕوانینی من ئێران دەیەوێت هێزێکی پەیوەندیدار بێت بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و، بەرگری لەوە دەکات کە پێی وایە بواری سەروەریی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا، ئێران بە چەشنی هەر وڵاتێکی دیکە کە تێوەگلاون لە سیاسەتەکانی ئەم ناوچەیەدا (بە وڵاتانی ناوچەکە و هێزە دەرەکییەکانەوە) بەشێکی ئۆباڵ و بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی. ئێران هێزێکی مەزن و سوپەر پاوەر نییە، بەڵکو هێزێکی بچووکی هەرێمایەتییە، لەبەر ئەوە دەستڕۆیشتوویەکی سنوورداری هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا خاڵی بەهێزی ئێران بریتییە لە تێوەگلان و دەستڕۆیشتوویەکەی لە ناوچەکەدا. هەر چۆنێك بێت دەتوانرێت بگوترێت کە ئەوەی پێی دەڵێن کێشەی ئێران لە فۆرمە سادەکەیدا بریتییە لە کێشەی جیۆپۆلەتیك، بە چەشنێك کە ئەگەر بتوانرێت کێشە بەربڵاو و بەرفراوانەکانی پەیوەست بە بواری ئاسایش و نەوت بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و گونجاو چارەسەر بکرێن، ئەوا ئەگەری زۆرە شتێك نەمێنێت بە ناوی کێشەی ئێران، دواتر باس لەوە دەکرێت کە هۆکاری بوونی ئەوەی پێی دەڵێن کێشەی ئێران بریتییە لە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل و، پێویستیی بڕەودان بە بەرپەرچدانەوەیەکی سەربازی لە ناوچەیەکدا کە لەلایەن هێزە ڕۆژئاواییەکانەوە جڵەو و کۆنترۆڵ کراوە. ئەگەر وردتر قسە بکەین،

**بە زۆری ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننە لە هەلومەرج و چوارچێوەی گەمە جیۆپۆلەتیکییە دەرەکییەکانی نێو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵدەکشێن**

**بەرهەڵستی و بەرەنگاربوونەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ حکومەتی ئێران بووەتە هۆی ئەوەی کە دابەشبوونی نێوان شیعە و سوننە، ببێتە کێشەیەکی گەورە و ئاڵۆزتر لە کێشە بنەڕەتییەکە**

**ئەگەر وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بتوانن کەمتر پشت بە ئابووریی تەوەربەند لەسەر نەوت ببەستن، ئەوا دەتوانرێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی چارەسەرێکی سەرکەوتوو بۆ ناکۆکیی شیعە و سوننە بدۆزرێتەوە**

**ئێران هێزێکی مەزن و سوپەر پاوەر نییە، بەڵکو هێزێکی بچووکی هەرێمایەتییە، لەبەر ئەوە دەستڕۆیشتوویەکی سنووورداری هەیە**

**ئەگەر بتوانرێت کێشە بەربڵاو و بەرفراوانەکانی پەیوەست بە بواری ئاسایش و نەوت بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و گونجاو چارەسەر بکرێن، ئەوا ئەگەری زۆرە شتێک نەمێنێت بە ناوی کێشەی ئێران**

**کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل لە جینۆسایدی مەترسیداری دژ بە جوولەکەکانەوە دەستی پێ کرد، بەڵام ئەو بارودۆخەی لەم جینۆسایدەوە هاتەئاراوە، بریتییە لە دڵڕەقی و داگیرکارییەکی سەربازی نامرۆییانە لە دژی گەلێکی دیکە کە تێیدا سەرکوتکراو بووەتە سەرکوتکار**

**بە چەشنی هەر کێشەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەکرێت ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیلیش سوودمەند بێت لە خاوبوونەوە و کەمبوونەوەی بارگرژییە جیۆپۆلەتیکییەکان و گرتنەبەری چارەسەرە ناوخۆیی و مەحەلییەکان**

**دەکرێت ئەو دەوڵەتانەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسایی کردووەتەوە، ببنە کەناڵێک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە بنەڕەتییانەی دەبێت یەکلا بکرێنەوە، بۆ ئەوەی ئاشتییەکی درێژخایەن بێتە ئاراوە**

چارەسەری ئەو کێشانەی پەیوەست دەکرێنەوە بە ئێرانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە ڕاددەیەکی گەورە بەندن بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. واتە ئەگەر ئێران و ئەمریکا بتوانن بگەنە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکتریدا، ئەوا چیتر ئێران نابێتە کێشەیەکی تایبەت لە ناوچەکەدا.

*** ئێوە ئاماژەتان بە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل کرد، ئاشکرایە ئەمە کێشەیەکی درێژخایەنە و ماوەیەکی زۆریش کات و کۆششی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بۆ تەرخان کراوە، بۆ ئەوەی جۆرێك لە چارەسەر و ڕێککەوتن بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم ناکۆکییە بەدی بهێنرێت، ئێوە چۆن لە ڕیشە و دەرئەنجامەکانی ئەم کێشەیە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە تراژیدیایەکی ڕاستەقینەیە و بگرە شەرمەزارییەکە بۆ مۆراڵی زاڵ و باڵادەست لە جیهاندا، چونکە ئەم دۆخە بە چەشنێکە، کە تێیدا فەزیڵە مرۆییەکانی سەراوژێر کراون، هەروەك ئاشکرایە کە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل لە جینۆسایدی مەترسیداری دژ بە جوولەکەکانەوە دەستی پێ کرد، بەڵام ئەو بارودۆخەی لەم جینۆسایدەوە هاتەئاراوە، بریتییە لە دڵڕەقی و داگیرکارییەکی سەربازی نامرۆییانە لە دژی گەلێکی دیکە کە تێیدا سەرکوتکراو بووەتە سەرکوتکار، ئەمەش شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ مرۆڤایەتی. بە دڵنیاییەوە ئەمە بەو واتایە نایەت کە هەمیشە فەلەستینییەکان هەڵوێست و هەڵسوکەوتی ڕاست و دروستیان گرتووەتەبەر و هەمیشە سیاسەتی گونجاویان پیادە کردووە، بەڵام هەرچۆنێك بێت لە ئێستادا ئەوان قوربانیی سەرکوتکارییەکی سەپێندراوی دەرەکین. ئەوەی پەیوەست بێت بە پێشبینیکردنی ئاقار و ئایندەی ئەم ناکۆکییەوە، ئەوا پێم وایە ئەم تەنگژە و ناکۆکییە بۆ ڕۆژگارێك، یان تا ئایندەیەکی نزیکیش بەردەوام دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە هەردوولا یەکترییان وەك هێزێکی شەڕانگێز و نامرۆیی وێنا کردووە، لەوەش خراپتر هێزەکانی ڕۆژئاوا مۆراڵی ئەوەیان نییە هاووڵاتییان لە کۆت و بەندەکانی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ڕزگار بکەن، دواتر ئەگەر باس لە ڕێگەچارە و دەروازەیەك بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیە بکەین، ئەوا باوەڕم وایە پێویستە هەردوولا بگەڕێنەوە بۆ گرتنەبەری ئەو چارەسەرەی کە وێنای بوونی دوو دەوڵەت لە خۆ دەگرێت و، دەبێت لەم ڕووەوە هەردوو لا ئامادە بن سازش بکەن و دەست لە هەندێك خاکی ژێر دەستیان هەڵگرن، لەوەش زیاتر، دەبێت هەر دوو لا دەست لە گوتارە ناسیۆنالیستییە چەقبەستووەکانیان هەڵگرن، چونکە نابێت ژیانی کەسیان لەسەر حیسابی مردنی ئەوی دیکەیان بێت. هەر لەم ڕووەوە هەندێك ئاماژەی ئەرێنی هەن لە پەیوەندی بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکەدا، کە پێویستە ئەمە ببێتە سەرەتایەکی باش بۆ ئەوەی هەر دوو تێڕوانینەکانیان لە ئاست یەکتردا بگۆڕن و بە چاوێکی مرۆییانەتر لە یەکتر بڕوانن. بە چەشنی هەر کێشەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەکرێت ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیلیش سوودمەند بێت لە خاوبوونەوە و کەمبوونەوەی بارگرژییە جیۆپۆلەتیکییەکان و گرتنەبەری چارەسەرە ناوخۆیی و مەحەلییەکان.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پەرەسەندن و بە هێمای ئەرێنی کرد، وەك ئاساییبوونەوە و ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبیی ناوچەکەدا، ئایا پێت وایە هۆکار و پاڵنەری پشت ئەم پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونە ئەرێنییانە چی بوون؟ ئایا پێت وایە لە دوای ئەم ڕێککەوتنانەوە ئاست و ئەندازەی بارگرژی و بێ متمانەیی لە نێوان وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا کەم بووەتەوە، واتە ئەم ڕێککەوتنانە سەرکەوتوو بوون، یان درێژە دەکێشن؟**

- سەرەتا دەبێت لەوەوە دەست پێ بکەین کە هەر هەوڵ و کۆششێك بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە مرۆییەکان، کارێکی باش و پێشوازی لێ کراوە، با ئێمە لەم ڕوانگەیەوە ئومێدی ئەوە بخوازین کە ئەم هەوڵانە هۆکارێك بن بۆ ئەوەی مرۆڤانەتر لە یەکتر بڕوانین، بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەشتان بە دیاریکراوی بدەمەوە، ئەوا ڕەنگە نەتوانین ئاماژە بە تاکە هۆکار و پاڵنەرێك بکەین، بەڵام هەر چۆنێك بێت دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە حاڵەتی شەکەتبوون بە دەست شەڕ و درێژەکێشانی ململانێکەوە هۆکارێکە، چونکە ئەگەر لە دۆخی شەڕێکی بەردەوامدا بیت (شەڕێکی ڕاستەقینە، یان سایکۆلۆژی) ئەوا ئەمە بارگرانییەکی زۆرت لەسەر دروست دەکات، کەواتە هەڵگرتنی هەنگاوەکان، ئەگەر بچووکیش بن، بە ئاراستەی ئاشتیدا بەرەوپێشچوونێکی باش و ئەرێنییە. ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەگەری درێژەکێشانی ئەم هەوڵانەی ئاساییکردنەوە، ئەوا لە ڕاستیدا ئەمە بەندە بە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە و هەروەها بەندە بە هەڵوێست و کردارەکانی هێزە تێکدەرەکانەوە، دواتر نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت، کە ئەم ڕێککەوتنانە کێشە قووڵ و بنەڕەتییەکانیان لەبەرچاو نەگرتووە، چونکە هێشتا لایەنەکانی ئەم ڕێککەوتنانە ناکۆکیی بنەڕەتی لە بۆچونەکانیاندا هەیە لەبارەی هەندێ لە پرس و کێشەکانەوە. کەواتە بۆی هەیە هەر هەنگاوێکی هەڵە ئەگەر بچووکیش بێت، یان ڕووداوێکی نەرێنی، هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لاواز بکەن، لەم ڕووەوە پێم وایە دەکرێت ئەو دەوڵەتانەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسایی کردووەتەوە، ببنە کەناڵێك بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە بنەڕەتییانەی دەبێت یەکلا بکرێنەوە، بۆ ئەوەی ئاشتییەکی درێژخایەن بێتە ئاراوە.

دیمانەی تایبەت



ماسیۆ زیرلەر پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی میشیگان ستەیت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تایبەتمەند و توێژەر و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك ئاسایشی نێودەوڵەتی، تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یاسای نێودەوڵەتی و هاوکاریی نێودەوڵەتی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و کاریگەری و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕەوە.

**ماسیۆ زیرلەر**

پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی میشیگان ستەیت بۆ گوڵان:

# هەڵگیرسانی شەڕێکی ئەتۆمی ئەگەرێکی دوورە

**مەرج نییە جیهان چووبێتە نێو قۆناغێکی دیکەی شەڕی ساردەوە، چونکە ئێمە بە چەشنی ڕابردوو دوو جەمسەری تەواو بەرجەستەبوومان نییە**

**لە ئێستادا ڕووسیا سەرچاوە و کەرەستەیەکی کەمتری لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی وەک جەمسەرێکی جیهانی خۆی بچەسپێنێت و جێگیر بکات**

**ئامانج و مەبەستی بنەڕەتیی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپێگرتن بوو لە بەرپابوون و هەڵگیرسانێکی شەڕێکی دیکەی جیهانی**

**ڕووسیا ڕووبەڕووی هیچ هەڕەشەیەکی بەرجەستە و دەستبەجێ نەبووەتەوە، بەڵام هەست دەکات هێزێکی داکشاوە و پێی وایە تێکرای ڕۆژئاوا دژی وەستاونەتەوە**

*** سەرەڕای ئەوەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا ڕەهەند و ڕایەڵێکی نێودەوڵەتیی هەیە، یان با بڵێین کاریگەری و دەرهاویشتەی جیهانی و نێودەوڵەتی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتووەتەوە لە پەیوەندی بە شرۆڤەکاریی هۆکار و دەرئەنجامەکانیەوە، بە تایبەتی پرسی ڕکابەری و ململانێی نێوان هێزە جیهانییە مەزنەکان، کەواتە ئایا شرۆڤەکارییەکی وردە ئەگەر بڵێین جیهان پێی ناوەتە نێو شەڕێکی دیکەی ساردەوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ڕاستە ئەم شەڕە لە هەناوی خۆیدا چەندین لایەن و ڕەگەز و ڕەهەندی پێشبڕکێ و ململانێی هێزە جیهانییە مەزنەکانی لەخۆ گرتووە، بە چەشنێك کە هێزێکی جیهان لە پاشەکشە و داکشاندایە کە دەیەوێت و خواستی ئەوەی هەیە و هەوڵی ئەوەش دەدات دووبارە هێز و پێگەی خۆی بە چەشنێك بنیات بنێتەوە، وەك ئەوەی لە ڕابردوودا لە ئارادا بوو و هەبوو، ئەمە لە کاتێکدا کە وڵاتی ڕووسیا ڕووبەڕووی هیچ هەڕەشەیەکی بەرجەستە و دەستبەجێ نەبووەتەوە، بەڵام هەست دەکات هێزێکی داکشاوە و پێی وایە تێکڕای ڕۆژئاوا دژی وەستاونەتەوە، ئەمەش ڕاستە، تەنانەت ئەگەر بۆ نموونە خودی ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا پلان و بەرنامەی ئەوەشیان نەبێت بۆ ئەوەی بە چەشنێکی ڕاستەوخۆ هەڕەشە و مەترسی لەسەر ڕووسیا دروست بکەن، یان ڕووبەڕووی ببنەوە. هەرچۆنێك بێت، سەرەڕای ئەوەی ئاماژەمان پێ کرد، ئەوا بە دید و تێڕوانینی من مەرج نییە جیهان چووبێتە نێو قۆناغێکی دیکەی شەڕی ساردەوە، چونکە ئێمە بە چەشنی ڕابردوو دوو جەمسەری تەواو بەرجەستەبوومان نییە، چونکە ئەگەر ئێمە لە بارودۆخ و پێگەی ئێستای ڕووسیا بڕوانین، ئەوا ئەو ڕاستییە بەدی دەکەین کە لە ئێستادا ڕووسیا پشتیوانی و پاڵپشتییەکی جیهانیی کەمتری لێ دەکرێت بەراورد بە ڕابردوو (ڕۆژگاری یەکێتی سۆڤییەت)، هەروەها لە ئێستادا ڕووسیا سەرچاوە و کەرەستەیەکی کەمتری لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی وەك جەمسەرێکی جیهانی خۆی بچەسپێنێت و جێگیر بکات. هەرچۆنێك بێت، هەڵسوکەوت و هەڵوێست و سیاسەتەکانی ڕووسیا بە چەشنێکن کە بوونەتە هۆی ئەوەی ڕۆژئاوا پەرچەکردار و کاردانەوەی هەبێت لە پێناو هەوڵدان و کارکردن بۆ پاراستنی بەها و بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی خۆی.

*** ئەگەر لە ڕوانگە و لایەنێکی دیکەوە لەم پرسە بڕوانین، واتە لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، یان وردتر بڵێین داگیرکاریی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە، ئایا پێت وایە ئیدی ناکرێت باس لە سیستمێکی جیهانی بکەین، وەك ئەو سیستمەی باس دەکرا کە لەسەر بنەمای ڕێساکان بنیات نراوە، چونکە ئەم پەرەسەندنە بووەتە هۆی لەقکردنی پایەکانی ئەم سیستمە، ئایا ئەمە وەسفێکی وردی ئەم پێشهاتەیە؟**

- نا، من پێم وانییە بتوانرێت بگوترێت لەقکردنی پایەیەکی دیکەی ئەم سیستمەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان و بە دڵنیاییەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەمەی ڕووی داوە (پەلامار و داگیرکاریی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە) پێشێلکردنێکی گەورە و بەرچاوە بۆ ئەم سیستمە، بەڵگەی ئەم ڕاستییەش ئەوە بوو کە ئەم بڕیارەی ڕووسیا نارەزایی و تووڕەییەکی زۆری لەلایەن زۆربەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لە جیهاندا لێ کەوتەوە، لە بەرامبەر پێشێلکردن و شکاندنی بنەما بنچینەیی و بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی لە پەیوەندی بە سەروەریی دەوڵەت و یەکسانیی دەوڵەتان لە بواری سەرەوەریدا.

*** ئەگەر بە وردی، یان بە دیاریکراوی باس لە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕ و داگیرکارییە بکەین، بە تایبەتی لەسەر وڵاتانی ئەورووپا و لە پەیوەندی بە ئاسایش و تەنگژە و قەیرانی وزە لەم وڵاتانەدا، ئایا پێتان وایە ئەم پەرەسەندنانە تا چ ڕادە و ئاستێك دەبنە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتانە پێداچوونەوەیەکی ڕیشەیی بە حیساباتی پەیوەست بە بواری ئەمنی و وزەی خۆیانەوە بکەن و، ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئایندەی ئەم کیشوەرە دەبێت؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئەوەی لە ئێستادا ڕووبەڕووی وڵاتانی ئەورووپا بووەتەوە، وامان لێ دەکات کە بتوانین بڵێین پرسی تەنگژە و کێشەی وزە کە ڕووبەڕووی ئەورووپا بووەتەوە، بووەتە پرسێکی دەستبەجێ و هەنووکەیی. ئەمە هیچ گومانێك هەڵناگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە پێداچوونەوەی ئەم وڵاتانە بە حیساباتی خۆیان لە بواری وزەدا، ئەوا دەکرێت بڵێین ئەگەری ئەوە هەیە سەربکێشێت بۆ خێراترکردنی هەوڵەکانی ئەم وڵاتانە بۆ دۆزینەوەی بەدیل و جێگرەوە بۆ ئەو وزەیەی لە ئێستادا هاوردەی دەکەن، ئەویش بە فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی هاوردەکردنی وزە، یان دۆزینەوەی بەدیل بۆ هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیاوە. سەرباری هەموو ئەم هەوڵانەش، لەوە

دڵنیایـن کـە لـە ئایندەیەکـی نزیـك و لـە مـەودای کورتـدا ئەمـە پرۆسـەیەکی ئازاربەخـش دەبێـت بـۆ ئەوروپـا، بـەڵام بـۆی هەیـە لـە مـەودای دووردا گۆڕانکارییەکـی ئەوتـۆ بـەدوای خۆیـدا بهێنێـت کـە لـە بەرژەوەندیـی ئـەم وڵاتانـەدا بێـت.

*** ئاشـکرایە یەکێـك لـە ڕۆڵ، یـان ئەرکـە سـەرەکییەکانی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بریتییە لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایش و، لە حاڵەتی پێشێلکردنیشیدا دەبێت ڕێکاری پێویست و گونجاو بگرێتەبـەر بـۆ بەربەرچدانـەوە و چارەسـەرکردنی، بـەڵام ئـەوەی تـا ئێسـتا بـەدی کـراوە ئەوەیـە ئـەم ڕێکخـراوە نەیتوانیـوە ڕۆڵـی چاوەڕوانکـراوی خـۆی بگێڕێـت و کاریگەرییەکـی ئەوتـۆی نەبـووە بـۆ ڕاگرتنـی ئـەم شـەڕە، ئێـوە چـۆن لـەم پرسـە دەڕوانـن و چـۆن ناکارایـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـەم ڕووەوە هەڵدەسـەنگێنن؟**

- مـن پێـم وایـە ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـەو شـێوەیە هەڵسـوکەوت و وەڵامدانـەوەی هەبـووە کـە پێشـبینی و چـاوەڕوان دەکـرا، دواتـر دەبێـت ئێمـە ئـەو ڕاستییەشـمان لـە بەرچـاو بێـت، کـە ئامانـج و مەبەسـتی بنەڕەتیـی دامەزراندنـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بەرپێگرتـن بـوو لـە بەرپابـوون و هەڵگیرسـانێکی شـەڕێکی دیکـەی جیهانـی و بـۆ ئـەم ئامانجـە بـەدی بهێنێـت، ئـەوا پێویسـت بـوو سـەرجەم هێـزە گـەورە و مەزنـەکان پابەنـد بـن بـەم ڕێکخراوەوە، ئـەوە بـوو لـە نێو ئەنجومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا سـەنگ و قورسـاییەك دراوە بـەو دەوڵەتانـەی کـە ئەندامـی هەمیشـەیی ئـەم ئەنجومەنـەن، ئـەو ڕاسـتییەی کـە وڵاتـی ڕووسـیا نایەوێت نەتـەوە یەکگرتووەکانـی دەسـتێوەردان بـکات لـەم شـەڕەدا، خـۆی لـە خۆیـدا بووەتـە هـۆی سـنووردارکردنی ڕۆڵ و ئەرکـی ئـەم ڕێکخـراوە. هەرچۆنێك بێت، ڕای گشـتی گرنگـە و پێگەیەکـە بـۆ بەدەسـتهێنانی یارمەتـی و هـاوکاری، کەواتـە ئـەوەی لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەم بارودۆخـەدا پێویسـتە، بریتییـە لـە گرتنەبـەری کردارێکـی تاکلایەنـەی دەوڵـەت، یـان کردارێکـی بـە کۆمەڵـی دەوڵەتـان لـە دەرەوەی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا، کـە کار بکرێـت و هـەوڵ بدرێـت چارەسـەرێکی ئەرێنـی بـۆ ئۆکرانیـا بدۆزرێتـەوە.

*** پێـت وایـە ناکارایـی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـە تایبەتـی لـە پەیوەنـدی بـە شـەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، بووەتـە هـۆی ئـەوەی نادڵنیایی زیاتر بـاڵ بەسـەر جیهانـدا بکێشـێت و، جیهـان ببێتـە شـوێنێکی مەترسـیدارتر؟ ئایـا لـەم ڕوانگەیـەوە دەتوانیـن بڵێیـن پێویسـتە چاکسـازی و پێداچوونـەوە بـە بونیـادی ئـەم ڕێکخـراوەدا بکرێـت؟**

- سـەرەتا مـن دەمەوێـت ئـەوە بڵێـم کـە بـاوەڕم وایـە تاوەکـو بتوانرێـت حوکمڕانییەکـی جیهانـی دەسـتەبەر بکرێـت و هـاوکاری و هەماهەنگیـی نێودەوڵەتـی بێتـە ئـاراوە، ئـەوا ئاشـتی و خۆشـگوزەرانی لەسـەر ئاسـتی جیهـان باشـتر دەبـن و پتـر بەرەوپێشـەوە دەچـن، دواتـر ئەگـەر بێینـە سـەر وەڵامـی پرسـیارەکە، ئـەوە نەتـەوە یەکگرتـووەکان ڕۆڵێکـی زۆر گرنگـی هەیـە و لـە ڕاسـتیدا چەندیـن کاری باشـی ئەنجـام داوە، بـەڵام نابێـت ئەوەشـمان لـە بیـر بچێـت کـە ناتوانێـت هەمـوو شـتێك بـکات. بـۆ نموونـە، ڕەنگـە هەندێ لـە دامـەزراوەی هەرێمایەتییـەکان کاراتـر و کاریگەرتـر بـن لـە پەیوەنـدی بـە بەرپەرچدانـەوە و وەڵامدانـەوە، کـە دەبێـت پتـر بەهێـز بکرێـن و زیاتـر پتـەو بکرێـن. واتـە بـۆ ئـەوەی ئـەم ڕێکخراوانـە سـەرکەوتوو بـن، ئـەوا پێویسـتە بـە بەردەوامـی پشـتگیری بکرێـن، بـۆ ئـەوەی هـەم هێـز و هـەم شـەرعییەتی ئەوەیـان هەبێـت کـە کـردار و هەنـگاوەکان بگرنەبـەر لـە کات، یـان لـە بارودۆخـە پێویسـتەکاندا.

*** دوا پرسیارمان پەیوەستە بە پێشبینییەکانتانەوە دەربـارەی ئاراسـتە و ئاقـاری شـەڕی ڕووسـیا و ئۆکرانیـا، کـە هـەروەك ئاشـکرایە لـە ئێسـتادا ئـەم شـەڕە ئاڵۆزتـر بـووە و چەندیـن پەرەسـەندنی دیکـەی بەخـۆوە بینیـوە و، نـەك هـەر دوو وڵات نەچوونەتـە نێـو پرۆسـەی گفتوگـۆوە، بەڵکـو هەوڵـە جەنگییەکانـی دژی یەکتریـان چڕتـر کردووەتـەوە؟**

- ئـەوەی لـە گـۆڕەپانی شـەڕەکەوە بـەدی دەکرێـت، ئەوەیـە کـە سـەرەڕای ئـەوەی ڕووسـیا لـە بـار و پێگەیەکـی بەهێزتردایـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا پـێ دەچێـت ئۆکرانیـا لـە گوشاردروسـتکردن لەسـەر سـوپای ڕووسـیا بـەردەوام بێـت. هەرچۆنێـك بێـت، ئەمـە شـەڕێکی مەترسـیدارە و بووەتـە هـۆی ئـەوەی چەندیـن کـەس بـێ مـاڵ و حـاڵ بـن و، بووەتـە هـۆی درووسـتبوونی نادڵنیاییەکـی گـەورە، پێشـبینی دەکرێـت بارودۆخەکـە وەك ئێسـتا بمێنێتـەوە، تەنیـا ئـەو کاتـە نەبێـت کـە ئۆکرانیـا هـاوکاری و یارمەتییەکـی بەرچـاوی دەرەکـی بەدەسـت دەهێنێـت، هەرچەنـدە بـاس لـەوە دەکرێـت کـە هەڵگیرسـانی شـەڕێکی ئەتۆمـی یەکێکـە لـە ئەگـەرەکان، بـەڵام مـن پێـم وایـە کەمتـر ڕێـی تـێ دەچێـت، ئەویـش بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی شـەڕێکی لـەم چەشـنە لـە کۆتاییـدا کاریگەریـی لەسـەر خـودی خاکـی ڕووسـیاش دەبێـت.

ئەو ڕاستییەی کە وڵاتی ڕووسیا نایەوێت نەتەوە یەکگرتووەکانی دەستێوەردان بکات لەم شەڕەدا، خۆی لە خۆیدا بووەتە هۆی سنووردارکردنی ڕۆڵ و ئەرکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە و لە ڕاستیدا چەندین کاری باشی ئەنجام داوە، بەڵام نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە ناتوانێت هەموو شتێک بکات

سەرەڕای ئەوەی ڕووسیا لە بار و پێگەیەکی بەهێزتردایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێ دەچێت ئۆکرانیا لە گوشاردروستکردن لەسەر سوپای ڕووسیا بەردەوام بێت

سەردار یەحیا بەرزنجی
قائیمقامی قەزای شیخان بۆ گوڵان:

# پرۆژەی بەنداوی (خنس) بە بڕی (٩) ملیار و (٧٠٠) ملیۆن دینار لە ژێر جێبەجێکردندایە

## هیچ گوندێکی شێخان نییە کارەبای بۆ دابین نەکرابێت

**یەکێك لە کار و هەوڵە بەرچاو و بەردەوامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بۆ هاووڵاتییان بووە و، لەم ڕووەوە چەندین پرۆژەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری جێبەجێ کردووە و جێبەجێی دەکات، قەزای شێخانیش پشکی خۆی لەو پرۆژەیانە بەرکەوتووە، ئەو پرسە کرایە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ سەردار یەحیا بەرزنجی قائیمقامی قەزای شیخان و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** ناوەندی قەزای شێخان بەرفراوانییەکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام تا چەند توانراوە خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بە هاووڵاتیان بکەن و ئەو پرۆژانە چین کە لە کابینەی نۆیەمدا بۆ شێخان جێبەجێ کراون، یان لە بەرنامە و پلاندا هەن؟**

- قەزای شێخان بە شێوەیەکی بەرچاو گەورە بووە و زیاتر لە ٦٠ هەزار ئاوارەش لە سێ کەمپ (شێخان، ئیسیان، مام ڕەشە)نیشتەجێن کە ئەرك و کاری خزمەتگوزاریی ئەو کەمپانەش هەر لەسەر ئیدارەی شێخانە، لەبەر ئەوە قەزای شێخان پێویستی بە چەندین پرۆژە هەبووە لە بوار و سێکتەری جیاجیادا. خۆشبەختانە حکومەتی هەرێمیش بڕیاری داوە بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و زیاتر گەشەکردنی شێخان کار و پرۆژەی گرنگ و ستراتیژی لە بوار و سێکتەری جیاجیادا جێبەجێ بکرێت، هەر بۆیە ئەو پرۆژانەی لە سەنتەری قەزای شێخان و هەر پێنج ناحیە و سەرجەم گوندەکانی سنوورەکە جێبەجێ کراون، لەم کابینەیەدا بە بڕی زیاتر لە (٤٠) ملیار دینار بووە، ئەو پرۆژەیانەش بەشێکیان تەواو بوون و بەشێکی زۆریان لە ژێر جێبەجێکردندان و بەشێکیش لە پرۆژەکان لە قۆناغی تەندەرینن لە دیوانی پارێزگای دهۆك، پرۆژەکانیش گەورە و ستراتیژین و ژێرخانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردنی قەزای شێخان دەگرێتەوە، لە نێویاندا دروستکردنی بەنداوی (خنس) ـە کە ئەو پرۆژەیە ئێستا لە ژێر جێبەجێکردندایە



کە ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بڕیاری دا بۆ جێبەجێکردنی و بڕی (٩) ملیار و (٧٠٠) ملیۆن دیناریشی بۆ تەرخان کرد، کە پڕۆژەیەکی ستراتیژییە و دەبێتە هۆکاری بووژانەوەی سێ سێکتەری زۆر گرنگ لە قەزای شێخان و دەڤەرەکەیدا، کە ئەویش سێکتەری کشتوکاڵ و چاندن کە ژمارەیەکی زۆری جووتیارانی سنوورەکە لێی سوودمەند دەبن، چونکە دەڤەرەکە بە تێکڕا زیاتر لە (٥٢٥) هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە و زۆربەی ئەو زەوییانە بە کەڵکی کشتوکاڵ و چاندن دێت و بەروبوومی دەڤەری شێخانیش کواڵێتییان زۆر بەرز و باش و بەناوبانگن، بەتایبەتی (پەتاتە و برنج و گەنمەشامی و گەنم) و سوودی دووەمی پڕۆژەکە بۆ زیادکردن و پاراستنی ئاوی ژێرزەوی و سەرزەوی و پاراستنی ژینگەی ناوچەکەیە کە لە دێرزەمانەوە ئەو ناوچەیە چەندین ڕووبار و کانیاوی تێدا بووە، کە ٢٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی خواردنەوەی شاری مووسڵ و دەوروبەری بووە، سوودی سێیەمیش بریتییە لەبەرەوپێشچوونی کەرتی گەشتیاری، هاوکات بە تەواوبوونی ئەو پڕۆژەیە ژمارەیەکی زۆر هەلی کار بۆ ناوچەکە دەستەبەر دەبێت.

*** وەك دەزانین حکومەتی هەرێم بەتایبەت کابینەی نۆیەم گرنگییەکی زۆری بە سێکتەری ڕێگاوبان داوە، ئایا لە پڕۆژەکانی ڕێگاوبان چی بۆ قەزای شێخان کراوە؟**

- لە بواری ڕێگاوبان کاری بەرچاو بۆ قەزای شێخان جێبەجێ کراوە، لەوانە دروستکردن دوو ئۆڤەرپاس کە یەکێکیان ئۆڤەرپاسی باعەدرێ و دووەمیان کەلەکچی ئەو دوو پڕۆژەیە تەواوبوون و کەوتوونەتە بواری خزمەتکردن و بڕی زیاتر لە (١٠) ملیار دیناریان بۆ تەرخان کرابوو. هەروەها ڕێگای سەرەکیی میحوەری زێڵکان بۆ مەندان تەواو بووە کە زیاتر لە ٢٤ گوند لێی سوودمەند بوون و پڕۆژەی دروستکردنی پردێك لە نێوان هەردوو ناحیەی زێڵکان و کەلەکچی ئەو پڕۆژەیەش تەواو بووە. هەروەها پڕۆژەی قیرتاو و کۆنکریتکردنی شەقام و کۆڵانی گەڕەکە ناوخۆییەکانی سەنتەری قەزا و و ناحیە و کۆمەڵگە و شارەوانییەکانیش کە جێبەجێ کراون و پێشتر ڕێژەی قیرتاوکردن لە سەنتەری قەزای شێخان ٩٪بوو، بەڵام بە هۆی کار و پڕۆژەکانی حکومەتەوە، ئەم ڕێژەی قیرتاوو کۆنکریتکردنە لە سەنتەری شێخان بۆ زیاتر لە (٧٥٪) بەرز بووەتەوە، کە زیاتر لە (٩) ملیار دیناری بۆ تەرخان کرابوو.

لە بواری ڕێگاوبان ئەوەی زیاتر بۆ دەڤەرەکەمان بووەتە کێشە ئەو ٢٢ کیلۆمەترەی نێوان (باعەدرێ – بەدریك)ـە کە چەندین کارەساتی نەخوازراوی هاتوچۆی لێ دەکەوێتەوە کە پێویست دەکات ئەو ٢٢ کیلۆمەترە هەر چەندە پانییەکەی زۆرە، بەڵام پێویستە وەك هەموو ڕێگاکە ئەو ماوەیەش بکرێتە دووساید کە ئەمەش لە ئەستۆی حکومەتی عێراقی فیدراڵە بودجەی بۆ تەرخان بکات.

*** کێشە و گرفتتان لە سێکتەری کارەبا لە چ ئاستێکە و چیتان پێویستە؟**

- پرۆژەی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبامان لە سنووری ناحیەی باعەدرێ بۆ دروست کراوە و بەستراوەتەوە بە هێڵی گشتیی نیشتمانیی کوردستان، هەروەها لە سنووری ناحیەی ئەتروش و قەسرۆك زیاتر لە (١١) گوند هێڵی تەزووی کارەبایان بۆ بردراوە، کە بەم پرۆژەیەوە ئێستا هیچ گوندێك لە سنووری قەزای شێخان نەماوە کارەبای نەبێت، بەڵام لە سێکتەری کارەبادا تەنیا پێویستیمان بە وێستگەیەکی دابەشکردنی کارەبای (١٣٢کی ڤی)ـە، کە بەپێی ئەو بەرنامە و پلانەی هەیە، بڕیارە وێستگەکە لە سەنتەری قەزاکە دروست بکرێت و گوژمەی (١٠) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە و لە میزانییەی ٢٠٢٢ی عێراقی فیدراڵ دا تۆمار کراوە و لەبەر ئەو بارودۆخەی بەسەر بەغدا هاتووە، نەتوانراوە پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت.

*** ئایا بە هۆی زیادبوونی ژمارەی قوتابیان و هاتنی ئاوارەکان چ کێشەیەك لە کەرتی پەروەردە بەدی دەکرێت و چیتان بۆ کراوە بەتایبەتی لە ڕووی بینایەی قوتابخانەوە؟**

- لە بواری پەروەردە ڕاستە کێشە و گرفت بەتایبەتی لە ڕووی کەمیی بینایەی قوتابخانە هەبوو، بەڵام لە ماوەی ڕابردوو لە سنووری قەزای شێخان زیاتر لە پێنج قوتابخانە دروست کراون و بەرنامە و پلان بۆ چەندین پرۆژەی دیکەی پەروەردە هەیە، بە تایبەت لە ڕووی دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی بینایەی قوتابخانە و باخچەی ساوایان لە سنوورەکەدا کە لە ماوەیەکی نزیکدا ئەو پرۆژەیانەش دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە.

*** لایەنێکی زۆر گرنگ کە پانتای سەوزاییە و ئەم لایەنە بووەتە جێگای بایەخی کابینەی نۆیەم، ئایا چەند باخچە و پارك لە سەنتەری قەزا و ناحیەکان هەیە؟**

- بێگومان لەم بارەشەوە گرنگییەکی تەواومان بە زیادکردنی سەوزایی داوە، ئەویش بە دروستکردنی پارك و باخچە و داچاندنی دوورگە ناوەڕاستەکان کە ئێستا دوو پارکی جوان و ڕووبەر مامناوەند لە ناو سەنتەری قەزا دروست کراون بە گوژمەی زیاتر لە (٨٠٠) ملیۆن دینار، لە ناحیەکانی سنوورەکەش بەپێی پێویست گرنگی بە سەوزایی و باخچە دراوە و بەرنامە و پلانی پرۆژەی دیکەش بۆ دروستکردنی پارك و باخچەی دیکە لە سەنتەری قەزای شێخان و ناحییەکان هەیە.

*** لە ئەنجامی ئەو زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و وشکەساڵییەوە چۆن توانراوە ئاوی خواردنەوە بۆ قەزا و هەموو سنوورەکە دابین بکەن؟**

- لە بواری ئاوی خواردنەوەوە کێشە و گرفتمان زۆر کەم بووە، سەرەڕای وشکەساڵی نەمانهێشتووە خەڵك تووشی کەمئاوی بن، ئەویش لە ڕێگای پرۆژەکانی بیری ئیرتوازییەوە کە توانیومانە ئاوی خواردنەوە بۆ هاووڵاتیان بەپێی پێویست دابین بکەین، بەڵام قەزای شێخان پێویستی بە پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوە هەیە و بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەش دەتوانرێت سوود لە ئاوی بەنداوی خنس وەربگیرێت.

*** ئایا قەزای شێخان و سنوورەکەی کە فرە پێکهاتە و ئایین و ئایینزایە ژیان تێیدا چۆنە بە تایبەت لە دوای ساڵی ٢٠١٤ کە ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی شنگال و دەشتی نەینەوا ڕوویان تێ کرد؟**

- دانیشتووانی قەزای شێخان و سنوورەکە لە ڕووی نەتەوەوە کورد و کلدان و ئاشووری و عەرەبن و لە ڕووی ئایین و ئایینزاشەوە موسڵمان (سوننە و شیعە) و ئێزدی و کریستیانن و.. تاد. قەزای شێخان بە هۆی هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان تووشی بارقورسی و زەحمەتییەکی زۆر بووەوە، بەتایبەت لە ڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و دابینکردنی ئارامی و ئاسایش بۆیان، بەڵام بە هۆی ئەو کار و هەوڵانەی پارێزگای دهۆك و ڕێکخراوە خێرخوازەکان بە تایبەت دەزگای خێرخوازیی بارزانی توانراوە بە شێوەیەکی زۆر باش و سەرکەوتووانە خزمەتی ئاوارەکان بکەین. لەلایەکی دیکەوە جێگای ڕێزو پێزانینە کە دانیشتووانی قەزای شێخان بە هەموو پێکهاتەکانەوە زۆر هاوکار بوون بەرامبەر ئاوارەکان و ڕۆژێك لە ڕۆژان تا ئێستا نەمانبیستووە، یان نەبینراوە کە کردەوەیەك، یان قسەیەکی نەگونجاو بەو خەڵکە ئاوارانە بوترێت و نەیانهێشتووە خۆیان بە غەریب بزانن، هەموو ئەو کارانەی بۆ ئاوارەکان کراون و ئەو ژیانەی لە نێوان پێکهاتە ڕەسەنەکەی شێخان هەیە بۆ

**قەزای شێخان بە شێوەیەکی بەرچاو گەورە بووە و زیاتر لە ٦٠ هەزار ئاوارەش لە سێ کەمپ (شێخان، ئیسیان، مام ڕەشە) نیشتەجێن**

**ئەو پرۆژانەی لە سەنتەری قەزای شێخان و هەر پێنج ناحیە و سەرجەم گوندەکانی سنوورەکە جێبەجێ کراون، لەم کابینەیەدا بە بڕی زیاتر لە (٤٠) ملیار دینار بووە**

**بە هۆی ئەو کار و هەوڵانەی پارێزگای دهۆك و ڕێکخراوە خێرخوازەکان بە تایبەت دەزگای خێرخوازیی بارزانی توانراوە بە شێوەیەکی زۆر باش و سەرکەوتووانە خزمەتی ئاوارەکان بکەین**

**دەڤەرەکە بە تێکڕا زیاتر لە (٥٢٥) هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە و زۆربەی ئەو زەوییانە بە کەڵکی کشتوکاڵ و چاندن دێت**

**پێشتر ڕێژەی قیرتاوکردن لە سەنتەری قەزای شێخان ٩٪بوو، بەڵام بە هۆی کار و پرۆژەکانی حکومەتەوە، ئەم ڕێژەی قیرتاوو کۆنکریتکردنە لەسەنتەری شێخان بۆ زیاتر لە (٧٥٪) بەرز بووەتەوە، کە زیاتر لە (٩) ملیار دیناری بۆ تەرخان کرابوو**

ئەو خاڵ و هاوكێشە هاوبەشە كۆن و مێژووییەیە دەگەڕێتەوە كە وای كردووە پێكەوە ژیان و ئاشتی و لێبوردەیی ببێتە كەلتوور و دابونەریتی هەموو پێكهاتە جیاوازەكان لە ڕووی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاكانەوە، پێكەوەژیان لەو دەڤەرەدا تا ئەو پەڕی جێگای تێڕامان و خۆشحاڵییە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرجەم دانیشتووانەكەی، بەتایبەت پیاوانی ئایینی هەر سێ لایەنی موسڵمان و كریستیان و ئێزدی، كە وایان كردووە خەڵك لە هەموو خۆشی و ناخۆشی و بۆنەكاندا بەشداری لەگەڵ یەكتر بكەن. هەروەها نابێت كاریگەری و ڕۆڵی سەرۆكایەتیی هەرێم و حكومەتی كوردستان و وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی و یەكێتیی زانایانی ئیسلام و پیاوانی ئایینەكانی دیكە نادیدە بگرین، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٤ لەو كاتەدا جەنابی سەرۆك بارزانی داوای لە پیاوانی ئایینی موسڵمان و كریستیان و ئێزدی لەو قەزا و ناوچەیە كرد كە مزگەوت و پەرستگا و شوێنە ئایینییەكانیان هەروەك دامودەزگا و فەرمانگەكانی حكومەت و دڵ و دەروون و ماڵەكانیان بە ڕووی ئاوارەكان بكەنەوە، ئەمەش وای كرد لەلایان كریستیان و ئێزدییەكان هەموو شوێنە ئایینییەكانیان بە ڕووی ئاوارە موسڵمانەكان و پیاوانی ئایینی موسڵمانیش دەرگای مزگەوتەكانیان بە ڕووی ئاوارەكانی كریستیان و ئێزدییەكان كردەوە، ئەو كارە كە لەو دەڤەرە ئەنجام دراوە، لە مێژووی كورد و كوردستاندا بۆ یەكەم جارە ڕوو بدات، كە ئەمەش بووە بنەمایەكی دیكە كە هاوكێشەی پێكەوە ژیان بەهێزتر و جوانتر بكات لە نێوان پێكهاتەكانی شێخاندا.

*** ناوچەكە زۆر بەناوبانگە لە بواری كەرتی كشتوكاڵ، ئایا لەو بوارەدا چیتان بۆ كراوە؟**

- كابینەی نۆیەم لە دەڤەری شێخان گرنگیی زۆری بە پڕۆژەكانی چاندن و كشتوكاڵ داوە وەك ئاماژەمان پێدا، یەكێك لە پڕۆژە ستراتیژییەكان بۆ كەرتی كشتوكاڵ بەنداوی (خنس)ـە كە لە ژێر ئەنجامدانە، هەروەها تا ئێستا زیاتر لە ١٣٨ پڕۆژەی جیاجیا لە كەرتی كشتوكاڵ و چاندن لە كابینەی نۆیەمدا لە سنووری قەزای شێخان مۆڵەتیان پێ دراوە، كە پڕۆژەی كۆگای ساردكەرەوە و پڕۆژەی بەخێوكردنی ماسی و پەلەوەرو مەڕومالات و كارگەی شیرەمەنی و خانووی پلاستیكیی چاندن و...تاد، ئەم پڕۆژەیانە جگە لەوەی بنەما و ڕێگا و پڕۆژەی بەرەوپێشەوەچوون و گەشەكردنی كەرتی كشتوكاڵن، هاوكات هەلی كارێكی زۆر بۆ ناوچەكە دەستەبەر دەكات، لەلایەكی دیكەوە ئەو كۆمپانیا نەوتییانەی لە ناوچەكە كار دەكەن، زیاتر لە ١٠٠٠ كەسی قەزای شێخان و سنوورەكە لەلایان دامەزراون و بوونەتە خاوەن كار و مووچە و داهاتی خۆیان.

*** كەرتی تەندروستی لە قەزا و سنوورەكە كێشەی چییە و بارودۆخی كەرتی تەندروستی لەو دەڤەرە چۆنە؟**

- كێشەی سەرەكیی تەندروستی لە قەزای شێخان نەبوونی نەخۆشخانەیەكی هاوچەرخە، بەڵام ناحیە و گوندەكانی سنوورەكە كێشەی تەندروستییان زۆر كەمە، چونكە ٤٠ بنكەی تەندروستی لە ناحیە و گوندەكانی سنوورەكە هەن، بەڵام ئەوەی زۆر پێویستە بۆ شێخان دروستكردنی نەخۆشخانەیەكی ١٠٠ قەرەوێڵەیە لەناو سەنتەری قەزاكەدا و ئەو پڕۆژەیە و چەندین پڕۆژەی دیكەش دەكەوێتە ئەستۆی حكومەتی فیدراڵی عێراق كە بودجە لە ڕێگای ئیدارەی پارێزگای مووسڵ بۆ پڕۆژە خزمەتگوزاری و پەرەپێدانی شێخان تەرخان بكات.

*** ماستەرپلانێك بۆ جێبەجێكردنی پڕۆژەیەك لە لالش هەبوو، ئەوە بە چی گەیشتووە؟**

- لالش لەلایەن خەڵك و حكومەتی كوردستان شوێنێكی پیرۆزە و گرنگیی زۆری پێ دراوە، لەلایەكی دیكەوە هەموو كات جەنابی سەرۆك بارزانی وەك مەرجەعی خەڵكی كوردستان پاڵپشت و هاریكار بووە بۆ پاراستنی ئەو شوێنە ئایینییانە بە تایبەتی لالش، لە ڕووی داراییش لەلایان حكومەتی كوردستان و بەتایبەت جەنابی سەرۆك بارزانی یارمەتی لالش دراوە و بەردەوام پڕۆژەی خزمەتگوزاری پێشكەش دەكرێت. لەوانە دوو هەفتە پێش ئێستا پڕۆژەی دووسایدی مەدخەڵی لالش تەواو بوو و بە ڕووی خەڵك و میوانان كرایەوە كە زیاتر لە یەك ملیار دیناری بۆ تەرخان كرابوو و بە شێوەیەكی ئەندازەیی و زۆر جوان دەرگای سەرەكیی لالش هەر لەلایان حكومەتی هەرێمەوە دروست كراوە و پڕۆژەی ئاوی لالش ساڵێك پێش ئێستا تەواو كراوە كە ٦٠٠ ملیۆن دیناری بۆ دابین كرابوو، پڕۆژەی كارەباشی لە ڕێگای موەلیدەوە بۆ جێبەجێ كراوە بە بڕی ٢٥٠ملیۆن دینار. هەروەها هەموو كات جەنابی سەرۆك بارزانی وەك مەرجەعی كورد و كوردستان و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی هەرێم و ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێم هەر داواكاری و پلانێك بۆ خزمەتی پەرستگای لالش پێشكەش بكرێت، بودجەی بۆ تەرخان دەكەن.

**شێخان پێویستی بە پڕۆژەیەكی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوە هەیە و بۆ جێبەجێكردنی پڕۆژەكەش دەتوانرێت سوود لە ئاوی بەنداوی خنس وەربگیرێت**

**پێكەوەژیان لەو دەڤەرەدا تا ئەو پەڕی جێگای تێڕامان و خۆشحاڵییە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرجەم دانیشتووانەكەی، بەتایبەت پیاوانی ئایینی هەر سێ لایەنی موسڵمان و كریستیان و ئێزدی**

**زیاتر لە ١٣٨ پڕۆژەی جیاجیا لە كەرتی كشتوكاڵ و چاندن لە كابینەی نۆیەمدا لە سنووری قەزای شێخان مۆڵەتیان پێ دراوە**

**كێشەی سەرەكیی تەندروستی لە قەزای شێخان نەبوونی نەخۆشخانەیەكی هاوچەرخە، بەڵام ناحیە و گوندەكانی سنوورەكە كێشەی تەندروستییان زۆر كەمە**

**دوو هەفتە پێش ئێستا پڕۆژەی دووسایدی مەدخەڵی لالش تەواو بوو و بە ڕووی خەڵك و میوانان كرایەوە كە زیاتر لە یەك ملیار دیناری بۆ تەرخان كرابوو**



**دکتۆر نەوزاد محەمەد**

**سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵی لە کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکانی زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:**

# هەوڵەکانی بەخێوکردنی مانگای شیردەر دەستی پێ کردووە

**هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە ٧٥ پڕۆژەی بەخێوکردنی مانگای شیردەرە و ژمارەی مانگا شیردەرەکان لە نۆ هەزار مانگا نزیك دەبێتەوە و، بەرهەمیان دەگاتە ٥٠٠ هەزار تۆن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەرهەمەکانی ئاژەڵ گەورە پێداویستییەکانی ناوخۆ پڕ ناکەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا بەرهەمی گۆشتی مریشك و هێلکەی خواردن گەیشتووەتە نزیکەی خۆبژێوی و ساڵانە زیاتر لە ملیار و نیوێك هێلکە بەرهەم دەهێنرێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی لە بەرهەمهێنان و دابینکردنی گۆشتی مریشك و هێلکەی خواردن توانیومانە بگەینە قۆناغی خۆبژێوی، کەچی لە بواری ئاژەڵی گەورەدا نەمانتوانیوە ئەم سامانە گرنگە ببووژێنینەوە؟ دکتۆر نەوزاد پڕۆفیسۆری یاریدەدەر و سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵی لە کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکانی زانکۆی سەڵاحەدین، لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵاندا وەڵامی ئەم پرسیارە و چەند پرسیارێکی دیکەمان دەداتەوە.**

*** وەکو کەسێکی شارەزا و پسپۆڕ لە بواری سامانی ئاژەڵ و بەرپرسی سامانی ئاژەڵ لە کۆلێژی زانستە ئەندازیارییەکانی زانکۆی سەڵاحەدین، دەکرێت باسێکی ئەم کەرتە گرنگەمان بۆ بکەیت و ئایا سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستاندا لە چ ئاستێکدایە؟**

- سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان هەر لە بەخێوکردنی مەڕ و مانگا و گامێش، تا بەرهەمهێنانی پەلەوەر، بەهۆی ئەو قۆناغە نائارام و ناسەقامگیرەی هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ بووە لە ساڵەکانی هەشتا و نەوەدەکان، ناجێگیریی لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە بە خۆیەوە بینیوە، بۆ نموونە لە دوو سێ ساڵی یەکەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کە گوندەکان ئاوەدان کرانەوە، سامانی ئاژەڵی گەورە ڕووی لە بووژانەوە کرد، دواتر بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٩٤ بە دواوە بە هۆی ناسەقامگیریی ناوخۆ و شەڕ و کۆچکردنی گوندەکان و نەبوونی سیولە و گەمارۆ و قەیرانی دارایییەوە، دووبارە کەرتی بەخێوکردنی ئاژەڵی گەورە ڕووی لە پووکانەوە کردەوە، وڵاتانی دراوسێ ئیستغلالی دۆخەکەشیان کردووە و زۆربەی جار ئاژەڵی نەخۆش دەنێرنە کوردستان، یان بێ ئەندازە گۆشت و شیر و پەنیر و بەرهەمەکانی دیکەی ئاژەڵی بە شێوەیەکی زۆر فراوان لە بازاڕەکانی کوردستاندا ساخ دەکەنەوە، کە بووە هۆی لاوازکردنی کەرتی ئاژەڵی لە کوردستاندا. دواتر قۆناغێکی دیکە هات کە کەسانێك بێ شارەزایی و ئەزموون دەستیان دایە ئەم کارە و، بەبێ بەرنامە تەنیا مەبەستیان هێنانی ئاژەڵ بوو لە بازاڕەکانی سووریا و ئێران و تورکیا و عێراقەوە، بە مەبەستی قەڵەوکردنیان و بەرهەمهێنانی گۆشت کە پێی دەگوترا (بەخێوکردنی ئاژەڵی دابەستەی گۆشت) بە عەلەفێکی خراپ و دەیانخستە بازاڕەوە.

*** لە کارنامەکەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئاماژە بە گرنگیدان بە ئاسایشی خۆراکی و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵ دراوە، ئایا تاچەند توانراوە وەبەرهێنەران ڕوو لە دامەزراندنی کێڵگەی بەخێوکردنی ئاژەڵ و دامەزراندنی پیشەسازیی بەروبوومەکانی ئاژەڵی بکەن؟**

- بە دامەزراوییکردن و هەنگاونان بەرەو پیشەسازیی خۆراك ڕێگە ڕاست و دروستەکەی هەڵسانەوەی کەرتی ئاژەڵییە لە هەرێمی کوردستاندا، لە ئێستادا چەند هەوڵێك هەیە بۆ بووژانەوەی ئەم کەرتە، بۆ نموونە خەڵکانێك هەن زۆر بە بەرنامەتر کێڵگەی گەورەیان کردووەتەوە، ئەوەتا لە گەلی باڵندە پڕۆژەیەك هەیە نزیکەی ٨٥٠ سەر ئاژەڵی مانگای فریزیانی هۆڵەندی تێدایە، لە ناو کێڵگەکەدا کارگە هەیە کە ئالیك و ماست و شیر و پەنیر و پێداویستییەکانی دیکە لەخۆ دەگرێت، لە هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجەش پڕۆژەی بەخێوکردن و گەورەکردنی گۆلگ، واتا بۆ بەرهەمهێنانی گۆشت هەیە و، مانگاکان لە سێ بۆ شەش مانگ گەورە دەکرێن و دەخرێنە بازاڕەوە، بە خۆشحاڵییەوە یەکە سەربازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگەش بەتایبەتی زێرەڤانی، خۆیان کاری بەخێوکردنی ئاژەڵی دابەستە دەکەن، بۆ دابینکردنی گۆشت بۆ یەکە سەربازییەکانیان، کابینەی نۆیەمی

**وڵاتانی دراوسێ گۆشت و شیر و پەنیر و بەرهەمەکانی دیکەی ئاژەڵی بە شێوەیەکی زۆر فراوان لە بازاڕەکانی کوردستاندا ساخ دەکەنەوە**

**لە گەلی باڵندە پڕۆژەیەک هەیە نزیکەی ٨٥٠ سەر ئاژەڵی مانگای فریزیانی هۆڵەندی تێدایە، لە ناو کێڵگەکەدا کارگە هەیە کە ئالیک و ماست و شیر و پەنیر و پێداویستییەکانی دیکە لەخۆ دەگرێت**

**یەکە سەربازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بەتایبەتی زێرەڤانی بۆ دابینکردنی گۆشت بۆ یەکە سەربازییەکانیان، خۆیان کاری بەخێوکردنی ئاژەڵی دابەستە دەکەن**

**کابینەی نوێیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر جەختی لەسەر پیشەسازی، بەتایبەتی پیشەسازی خۆراک کردووەتەوە**

**پێویستە لە تەنیشت گەشەکردنی سامانی ئاژەڵ چەندین کارگەی ئالیك و ماست و پەنیر و پێستە و خوری و موو دانرێن**

**بە گەشەکردنی پیشەسازیی ئاژەڵ و شیرەمەنی، جگە لەوەی کەرتەکە دەبووژێنێتەوە، هەلی کاریش دابین دەکات**

**ئێمە لە بەخێوکردنی ئاژەڵی دابەستە بۆ گۆشتەکەی هیچ سوود لە پێستە و خوری و مووەکانی ناکەین و بۆ وڵاتانی دەوروبەری دەنێرین، ئەوانیش بە پێڵاو و جانتا و جلوبەرگ و سەدان بەرهەمی دیکە بە نرخێکی گران بۆمانی دەنێرنەوە**

**ئەگەر سامانی ئاژەڵیی تەندروستمان هەبێت، کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان بۆ دروست دەبێت، چونکە گۆشت و شیر و پێداویستیی ئاژەڵی هەمووی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە لایەنی تەندروستییەوە هەیە**

حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر جەختی لەسەر پیشەسازی، بەتایبەتی پیشەسازیی خۆراك کردووەتەوە، ئەمەش هەنگاوێکی گەورە و گرنگە بۆ بووژانەوەی کەرتی ئاژەڵی و پیشەسازیی شیرەمەنی لە هەرێمی کوردستاندا.

*** سەبارەت بەم خاڵەی پەرەپێدان و دامەزراندنی پیشەسازیی خۆراکی و پیشەسازیی بەرهەمهێنانی بەروبوومەکانی ئاژەڵ، ئایا دەتوانین بڵێین ئێمە چووینەتە سەرەتای ڕێگە بۆ گەشەکردنی سامانی ئاژەڵی؟**

- ئومێدێکی زۆر هەیە هەوڵەکانی پشتبەستن بە بەرهەمی خۆماڵی، بەتایبەتی لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پەلەوەر و ئاژەڵ، سەرکەوتوو بێت و، ئاسۆیەکی باش بۆ بووژانەوەی پیشەسازیی خۆراك و زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی دەرکەوتووە. سامانی ئاژەڵی بێ پیشەسازیی واتا ئێمە زیان دەکەین و سامانی ئاژەڵ بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، پێویستە لە تەنیشت گەشەکردنی سامانی ئاژەڵ چەندین کارگەی ئالیك و ماست و پەنیر و پێستە و خوری و موو دانرێن، بە گەشەکردنی پیشەسازیی ئاژەڵ و شیرەمەنی، جگە لەوەی کەرتەکە دەبووژێنێتەوە، هەلی کاریش دابین دەکات، بەمەش بەپیشەسازیکردنی سامانی ئاژەڵ و شیرەمەنی گەشەی کەرتی ئاژەڵی زۆر خێرا دەبێت. لە وڵاتە گەشەکردووە گەورەکانی جیهاندا بەخێوکردن و دامەزراندنی کێڵگەکانی مەڕ و مانگا و گامێش بەستراوەتەوە بە گەشەکردنی کەرتی پیشەسازیی خوری و پێستە و شیرەمەنی و گۆشت و لە قوتووبەند و دەیان جۆری پیشەسازیی دیکەوە، ئێمە لە بەخێوکردنی ئاژەڵی دابەستە بۆ گۆشتەکەی هیچ سوود لە پێستە و خوری و مووەکانی ناکەین و بۆ وڵاتانی دەوروبەری دەنێرین، ئەوانیش بە پێڵاو و جانتا و جلوبەرگ و سەدان بەرهەمی دیکە بە نرخێکی گران بۆمانی دەنێرنەوە، وڵاتێکی وەکو ئیتاڵیا و ڕۆمانیا و هۆڵەندا بە ملیارەها دۆلار ساڵانە لە پیشەسازیی خوری و پێستە و جلوبەرگ و پێڵاو و پێداویستییەکانی دیکە قازانج دەکەن، هەرێمی کوردستان تەنیا گۆشت بەرهەم دەهێنێت و لە گەشەکردنی سامانی ئاژەڵیدا نییە.

*** کەواتە چی بکرێت بۆ ئەوەی کەرتی پیشەسازیی ئاژەڵ و شیرەمەنی لە هەرێمی کوردستاندا گەشە بکات؟**

- هیچ وڵاتێك نەیتوانیوە سامانی ئاژەڵ گەشە پێ بکات، بێ پیشەسازیی پێستە و خوری و شیرەمەنی و لە قوتووبەند، ئێمە ئەگەر ڕێژەیەکی زۆری مانگای شیردەریش بهێنینە کوردستانەوە، خۆ تەمەنی شیردانی دیاریکراوە، دوای ئەوە دەبێت بۆ گۆشت و پێستە و خوری و پیشەسازی سوودی لێ وەربگیرێت، بۆ نموونە یەك چێڵی فریزیان لە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە ١٤ دۆلار ئالیکی دەوێت، واتە ٢٠ هەزار دینار، خۆ ئەگەر حیسابی کرێکار و بیناو ئاو و کارەبا و پێداویستییەکانی دیکەی دەرمان و پزیشکی و بەنزین و کارگە و پاککردنەوە و لە شووشەدانان و گواستنەوەی بخەینە سەر، دەگاتە نزیکەی ٢٧-٣٠ هەزار دیناری ڕۆژانە، ئەمە لە کاتێکدا یەك چێڵ ڕۆژانە ٣٠ بۆ ٣٥ لیتر شیر دەدات، خۆ ئەگەر لیتری شیر لە بازاڕدا بگاتە دەستی فرۆشیار بە نرخێکی باش نەبێت، بەخێوکەری مانگاکە زیانێکی گەورە دەکات و ناچار مانگاکەی دەفرۆشێت بۆ گۆشت، بەداخەوە زۆربەی ئەو کارگانەی لە ئێران و تورکیا و سووریا شیر دەهێننە هەرێمی کوردستان و لیتری بە ١،٢٥٠ و ١،٠٠٠ دینار دەدەن، تۆز و چەند ماددەیەکی دیکەی تێ دەکرێت و زیاتر تامی ئاو دەدات، بەڵام ئەگەر مانگاکە هی خۆت بێت لە ڕووی تام و تەندروستییشەوە باشترە.

وڵاتانی وەکو سعودییە و قەتەر لە ناو ئەو بیابانە وشك و گەرمەدا لە کێڵگە و کارگەکانی شیرەمەنی سەرکەوتوو بوون و بەرهەمەکانیان لە بازاڕەکانی کوردستاندایە، ئەی بۆ نابێت ئێمەش هەنگاو بەرەو ئەو پیشەسازییە گرنگە بنێین؟ دەبێت کەرتی بازرگانی هاندەر بێت بۆ بووژانەوەی کەرتی شیرەمەنی، نابێت بچینە ژێر فشاری وڵاتانی دەوروبەرەوە، ئەگەر سامانی ئاژەڵیی تەندروستمان هەبێت، کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان بۆ دروست دەبێت، چونکە گۆشت و شیر و پێداویستیی ئاژەڵی هەمووی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە لایەنی تەندروستییشەوە هەیە، ئەگەر ئاژەڵێکت لە سووریاوە بهێنرێت و بە عەلەفێکی زۆر خراپ بەخێو کراوبێت، زیانی بۆ لایەنی تەندروستییش دەبێت، ئەمە وێڕای ئەوەی کوالێتی و جۆری گۆشت و کەرەستەکانی لاوازە.

*** ئەم حاڵەتەی فەرامۆشکردنی ئاژەڵی گەورە بۆ مەڕ و بزنیش بە هەمان شێوەیە، یان حاڵەتەکەی ئەوان جیاوازە؟**

- لە کوردستان خاوەنی چەندین جۆری مەڕی نایابین، هەر لە کەڕادی و جافی و حەمدانی و دزەیی و هەرکی، کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بەهێزن، بەداخەوە عێراق و تورکیا و ئێران نەسلی ئەم جۆرە مەڕانەیان بۆ خۆیان برد و لە تۆمارەکانی خۆیان بە ناوی خۆیانەوە تۆماریان کردووە، مەڕ و بزنیش وەکو زۆربەی ئاژەڵەکانی دیکە بە هۆی وشکەساڵی و گرانیی ئالیك و دەستبەرداریی شوانداریێتی و دابەزینی نرخی بە هۆی هێنانی بە لێشاوی مەڕ و بزنەوە، بە هاوشێوەی مانگا جۆرەکانی بە ڕێژەی جیاواز لەناوچوون و ڕوویان لە کەمی کردووە.

*** بەوپێیەی پسپۆڕایەتییەکەت زیاتر لە ئالیکی ئاژەڵە، ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی نرخ و تێچوونی ئالیك و عەلەف کەم بکرێتەوە، چونکە دواجار زۆریی تێچوونی بەخێوکردنی ئاژەڵ بۆ بەرزیی نرخی ئالیکەکە دەگەڕێتەوە؟**

- گەنمەشامی یەکێکە لەو بەرهەمانەی جووتیارانی کوردستان گرنگییان پێ داوە و لە کارگەی دروستکردنی ئالیکدا گرنگییەکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی پرۆتینیی زۆری تێدایە، جووتیارانی کوردستان دەستیان بە بەرهەمهێنانی گەنمەشامی کردووە و قەدەکەی و گەنمەشامییەکە لە زستاندا دەبێتە باشترین ئالیکی ئاژەڵی شیردەر، ئێمە کارگەی بەرهەمهێنانی ئالیکمان زۆرە، بەڵام بەداخەوە کەرەستە و ماددەکان لە دەرەوە و بە ڕێژەی جیاواز بۆ جووچکە و مریشك و ئاژەڵ و مەڕ بەکار دەهێنرێت، تێچوونێکی زۆرمان بە عەلەف دەڕوات لە کاتێکدا ئاوی شیرین و خاکمان هەیە، دەتوانین بە تێچوونی کەمتر لێرە بەرهەمی بهێنین، بە میکسەر دەیدووریتەوە و بە ڕێژەی جیاواز لە ناو عەلەفەکەدا لەگەڵ ماددەکاندا بەکار دەهێنرێت، دواتر خۆ عەلەف تەنیا لە گەنمەشامی پێك نایەت، چەندین ماددەی دیکە لەخۆ دەگرێت، هەر لە کەپەك و گەنم و جۆ و گەنمەشامی و ماددەی پرۆتین و کالیسۆم و چەندین ماددەی دیکەی تێدایە، بەپێی عەلەفەکە تام و ڕەنگ و کوالێتی شیرەکە دەگۆڕێت، عەرەفی تەندروست ئاژەڵ و بەرهەمی تەندروست و کۆمەڵگەیەکی تەندروستت دەداتێ، چەندین جار گوتوومە پێویستە ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری لە کەسانی پسپۆڕ دروست بکرێت و دەستبەرداری ڕۆتینی ناو وەزارەت و کەرتی گشتی بین، با ئەم ئەنجومەنە لە ڕێگەی دەستەی وەبەرهێنانەوە کار بۆ ڕاکێشانی کارگە و کۆمپانیا گەورەکانی هۆڵەندی و قەتەری و کوێتی بکات و با لێرە کێڵگە و کارگەی عەلەف و پیشەسازیی شیرەمەنی و پێست و خوری دابمەزرێنن و، خۆیان دەتوانن لە ڕێگەی فرۆکەوە بەرهەمەکانیان لە ناو وڵات و دەرەوەی وڵاتیش ساخ بکەنەوە و مەرجیش لە سەریان دابنێین بۆ بەگەڕخستنی دەرچووانی کۆلێژی کشتوکاڵ و دامەزراندنی کارگەکانی چەرم و پێستە و خوری و دەیان بەرهەمی دیکە، ڕیزبەندیش بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان بۆ ناو بازاڕەکانی نێوخۆی کوردستان بێت، ئێمە توانیومانە کۆمپانیای گەورەی بەرهەمهێنانی



نەوت و غاز بۆ هەرێمی کوردستان ڕابکێشین و پاڵاوتگەش دامەزرێنین، ئەی بۆ ناتوانین کۆمپانیای بەخێوکردنی مانگای شیردەر و مەڕو بزن و بەرهەمهێنانی گۆشت و بەروبوومەکانی شیرەمەنی دامەزرێنین؟ دنیا بەرەو مارکە و کوالێتی و ناوبانگی دەڕوات، دەبێت کوردستان لەم شێوازە تەقلیدییەی بەخێوکردن و بەرهەمهێنانی گۆشت و بەروبوومەکانی شیرەمەنی و ئاژەڵی دابەستە دەربازی ببێت، ئەو کات ڕێنجی گەشەی کەرتی سامانی ئاژەڵی زۆر خێرا بەرەو سەرەوە دەچێت، نەوت سەرمایەیەکی بەردەوام نییە بە جیاوازیی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە ئەگەر ئەو گەورە کۆمپانییانە هەبێت، هەموومان دەبینەوە بە جووتیار.

**ئێمە توانیومانە کۆمپانیای گەورەی بەرهەهێنانی نەوت و غاز بۆ هەرێمی کوردستان ڕابکێشین و پاڵاوتگەش دامەزرێنین، ئەی بۆ ناتوانین کۆمپانیای بەخێوکردنی مانگای شیردەر و مەڕو بزن و بەرهەمهێنانی گۆشت و بەروبوومەکانی شیرەمەنی دامەزرێنین؟**

**مەڕ و بزنیش وەکو زۆربەی ئاژەڵەکانی دیکە بە هۆی وشکەساڵی و گرانیی ئالیک و دەستبەرداریی شوانداریێتی و دابەزینی نرخی بە هۆی هێنانی بە لێشاوی مەڕ و بزنەوە، بە هاوشێوەی مانگا جۆرەکانی بە ڕێژەی جیاواز لەناوچوون و ڕوویان لە کەمی کردووە**



ڕۆشنا جەمال:

# ئێش و ئازاری ڕزگاربووانی پرۆسەی ئەنفال هانیدام ماستەرەکەم تایبەت بە جینۆسایدی بەراورد بێت

**ڕۆشنا جەمال مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان بەشی پەیوەندیی نێودەوڵەتی، ماستەر لە جینۆسایدی بەراورد، قوتابیی دکتۆرا لەسەر جینۆسایدی ئێزدییەکان، وەك کەسایەتییەکی چالاك لە بواری مافی مرۆڤ بە تایبەت مافی ئافرەت ساڵانێکە بەردەوام کار لەسەر پرۆسەی ئەنفال و جینۆساید دەکات، لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان تیش کدەخاتە سەر ئەو میکانیزمانەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەرهاوێشتە خراپەکانی دوای جینۆساید پێویستن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین وەکو خانمێك چ شتێك هانی دایت ماستەر لە بواری جینۆساید بەدەست بێنیت؟**

- من وەك مرۆڤێك خۆم بە بەرپرسیار دەزانم لە بەرامبەر کەیسی جینۆسایدی کورد و پێکهاتە ئایینی و مەزهەبییەکان کە لەگەڵ ئێمە لەو وڵاتەدا دەژین، وەکو ئافرەتێکیش ئەو بەرپرسیارێتییەم لە ئەستۆدایە کە بتوانم هاوکاریی ڕزگاربووانی جینۆسایدی ئەنفال بکەم کە زۆربەیان ژن و منداڵن. لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ یەکەم دیدارم لەگەڵ ژنانی پرۆسەی ئەنفال بوو، کاریگەر بووم بە ئازایەتی و خۆڕاگریی ژنانی ڕزگاربووی پرۆسەی جینۆسایدی ئەنفال، زیاتر کاریگەر بووم بە چیرۆکە ئازاربەخشەکانیان، لە ئەنجامدا هەزاران کەس چوونە ژێر گڵ بێ ئەوەی دەنگیان بگاتە شوێنی مەبەست. من ئەو کاتە لە وڵاتی ئەڵمانیا بووم، وەکو ئەکادیمییەك هەستم بە بەرپرسیارێتی کرد، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی کار لەسەر ئەوە بکەم. ئێش و ئازاری ژنان و منداڵانی ڕزگاربووی پرۆسەی ئەنفال هانیدام کە ماستەرەکەم تایبەت بکەم بە جینۆسایدی بەراورد.

*** ئامانجت لە بەراوردکردنی ئەنفال و هۆلۆکۆست و ئاگێت چی بووە و بە چ دەرئەنجامێك گەیشتیت؟**

- ئامانجم لەم بەراوردکردنە بە نێودەوڵەتی کردنی پرۆسەی جینۆسایدی ئەنفال بوو، بۆ ئەوەی کەیسەکە بهێنمە ئاستێك کە بە شێوەیەکی زانستی ئەکادیمی لەگەڵ دوو کەیسی گەورەی جیهانی جینۆساید بەراوردی بکەم، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە فەرمی وەکو جینۆساید دانی پێدا نراوە، کە یەکێکییان جینۆسایدی ئەرمەنییەکانە بە ناوی ئاگێت، هەروەها جینۆسایدی جووەکان بە ناوی هۆلۆکۆست،

وەک ئاشکرایە پرۆسەی ئەنفال هەموو ئەو پێوەرانەی تێدایە کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانراون بۆ پێناسەکردنی تاوانێکی هاوشێوەی جینۆساید کە ئەویش دەخرێتە ڕیزی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.

*** وەکو چالاکێکی بواری جینۆساید تا چەند کارتان بۆ ئەوە کردووە کە گیراوانی داعش دادگایی بکرێن؟**

- یەکێک لە هەوڵەکانمان ئەوەیە کە تاوانباران بە دادگا بگەیێنین بۆ دادگاییکردنیان، بەداخەوە یەکێک لەو کەیسانە لە کەیسی ئەنفال و کەیسی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ئاستی داخوازی ئێمەدا نەبوو، دەکرا تاوانبارانی ئەنفال و هەڵەبجە لە دادگای نێودەوڵەتی دادگایی بکرێن، بەڵام ئەو شانسەمان نەبوو، دادگاییکردنەکە لە ناوخۆی عێراق لەلایەن دادگای باڵای عێراقەوە بەڕێوەچوو، کاتێک سەدام حوسێن لەسەر کەیسی دوجەیل حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو و زۆر بە زوویش حوکمەکەی جێبەجێ کرا، ئەمەش زەرەرێکی زۆر گەورەی لە کەیسی تاوانبارانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دادگاییکردنی بکەرانی جینۆسایدی ئێزدییەکان زۆر ئاڵۆزە، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە داعش سەر بە وڵاتێکی دیاریکراو نین، تاوەکو سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەین، ئەوانەی لەناو گرووپی داعشدان لە وڵاتانی جیا جیا هاتوون، لەبەر ئەوە قەزیەکە لە ڕووی یاساوە زۆر ئاڵۆزە، بەڵام خۆشبەختانە ساڵی ٢٠٢٠ لە دادگای باڵای فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا توانرا دادگاییەک بەڕێوەبچێت بۆ تاوانبارێکی ناو داعش، کاتێک یەکێک لە ئافرەتەکانی ئێزدی ناسییەوە و لە ئەڵمانیا شکاتی لێ کرد بە تاوانی ئەوەی کە ئەو ئافرەتەی ئەشکەنجە داوە و هاوکات کچە پێنج ساڵانەکەی بەستووەتەوە تاوەکو بە بەرچاوی خۆیەوە مردووە، لە بەرامبەردا دادگا حوکمی هەتاهەتایی بۆ دەرکرد.

*** ئایا دادگاییکردن و سزادانی تاوانباران تا چەند لە دۆخی ڕۆحی و دەروونیی قوربانییەکان دەگۆڕێت؟**

- دەبێت بکەرانی جینۆساید لە هەموو کەیسێکی جینۆساید بە تاوانی جینۆساید دادگایی بکرێن و حوکم بدرێن، ئەوەش چەند دەرەنجامێکی دەبێت، لەوانە دداننان بەو کەیسە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەروەها قەرەبووکردنەوەی قوربانییان، چونکە ڕزگارکراوانی دەستی داعش گەورەترین زیانی دەروونی و جەستەییان بەردەکەوێت، ئەوانە بۆ ناخۆشی و مەینەتی ژیان دەمێننەوە کە چۆن بتوانن بەرەنگاری ئەو هەموو ناخۆشییە ببنەوە کە بەسەریان هاتووە، ئیعتیراف نەکردن بە کەیسەکەیان و قەرەبوونەکردنەوەیان، وەک بەردەوامییە لە جینۆسایدکردنیان. لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە مێزگردێکی تایبەت بە جینۆسایدی ئێزدییەکان پرسێکی خستەڕوو، ئەویش مەسەلەی «فێمی ساید»ـە، فێمی ساید واتا کوشتنی ژن بە هۆی ژنبوونییەوە. فێمی سایدی کچ و ژنە ئێزدییەکان کە ئەشکەنجەی دەروونی و ئەشکەنجەی جەستەیی دراون، ئێزدییەکان مێژوویەکی دوور و درێژیان لە ستەم لێ کردنیان و هەوڵی سڕینەوەی ئایین و بیروباوەڕیان هەیە، ئەمەی ڕووی دا بە درێژایی مێژوویان لە ناوچەکە حەفتاوچوارەمین فەرمان بوو لە دژیان درا، ئەوەی کە دەرهەق بە ژنان و کچانی ئێزدی کرا» هەموو پێناسەکانی فێمی سادی تێپەڕاند، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەنجام دراون، تەنانەت فێمی ساد پێناسەیەکی دیکەی پێ بەخشرا، لە ئێستادا لەسەر ئەم باسە توێژینەوەیەکم لەبەر دەستدایە.

*** وەک ئاشکرایە جینۆسایدی ئێزدییەکان تاوەکو ئێستاش پرۆسەیەکی بەردەوامە، ئایا پاراستنیان ئەرکی حکومەتی هەرێمە، یان حکومەتی عێراق؟**

- ئێزدییەکان تاوەکو ئێستا هەڕەشەی جینۆسایدیان لەسەرە و ئاسەوار و ماکەکانی جینۆساید بە شێوەی پێویست کاری لەسەر نەکراوە، قوربانییان تاوەکو ئێستاش لەناو کەمپەکاندان و ناتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان، هاوکات چەندین هێزی ناوخۆ و دەرەکی هەن دژی گەڕانەوەیانن بۆ زێدی باب و باپیرانیان و ئاوەدانکردنەوەی شنگال، بێگومان پاراستنیان هەم ئەرکی حکومەتی ناوەند و هەم حکومەتی هەرێمە، ئەرکی دامودەزگا حکوومی و ناحکوومییەکانە، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەرکی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە ژیانێکی پارێزراو بۆ ڕزگاربووان فەراهەم بکرێت و دیمۆگرافیای ناوچەکە چیدیکە نەشێوێندرێت، چونکە کوردانی ئێزدی پێکهاتەیەکی زۆر ڕەسەنی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتین. هاوکات پێویستە حکومەتی هەرێم پلانێکی تۆکمەی سەربازی هەبێت بە هەماهەنگیی هێزەکانی حکومەتی عێراقی و هێزی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەڕانەوەیان و پاراستنیان لە دوای گەڕانەوەیان. من ساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ پێشبینی ئەوەم دەکرد کە جینۆساید ڕوودبدات» تەنانەت لە زانکۆی سەلاحەدین لەگەڵ چەند مامۆستایەک باسمان کرد، بە حوکمی ئەوەی ناوچەکە لە چەند پێکهاتەیەکی ئیتنکی و کەلتووری و ئایینی و نەتەوەیین و عادەتەن لەو ناوچانەی کە ئەو پێکهاتە جۆراوجۆرەی هەیە، ئەگەری ڕوودانی جینۆساید زیاترە، گریمانەی ئەوە هەیە جارێکی دی لەسەر دەستی گرووپێکی دیکە جینۆساید ڕووبداتەوە.

*** ئایا کچان و ژنانی ڕزگاربووی ئێزدی پێویستە چییان بۆ بکرێت و چۆن قەرەبووی ماددی و مەعنەوییان بکرێنەوە؟**

- کچان و ژنانی ئێزدی کارێکی وایان بۆ نەکراوە تاوەکو جارێکی دی تێکەڵی کۆمەڵگە بکرێنەوە، بەداخەوە هەرگیز نابنەوە بە کەسێکی ئاسایی و وەکو ڕابردوویان لێ نایەتەوە، چونکە ئەوان دیمۆگرافیای ناوچەکەیان شێوێندرا، شیرازەی خێزانەکانیان تێک دراوە.لە بارودۆخی ئێستادا ژنان و کچانی ڕزگار بوو پێویستییان بە چارەسەرێکی تۆکمەی دەروونی هەیە، هەروەها جێگەیەکی باشتریان بۆ مانەوە بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەوەی جارێکی دی بگەڕێنەوە بەر خوێندن، یان هەلی کاریان بۆ دابین بکرێت، ڕەنگە هەر یەکەیان بەهرەیەکی تایبەتی هەبێت، هەروەها لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە قەرەبووی ماددی بکرینەوە، هیچ نەبێت مووچەیەکی مانگانەیان هەبێت بۆ ئەوەی ژیانی خۆیانی پێ ڕێک بخەنەوە، بەڵام گەورەترین قەرەبووکردنەوەیان دادگاییکردنی تاوانبارانە، چونکە تاوەکو تاوانبارەکە بە سزادراوی نەبینن، دڵیان ئاو ناخواتەوە.

**خۆم بە بەرپرسیار دەزانم لە بەرامبەر کەیسی جینۆسایدی کورد و پێکهاتە ئایینی و مەزهەبییەکان کە لەگەڵ ئێمە لەو وڵاتەدا دەژین**

**کاتێک سەدام حوسێن لەسەر کەیسی دوجەیل حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو و زۆر بە زوویش حوکمەکەی جێبەجێ کرا، زەرەرێکی زۆر گەورەی لە کەیسی تاوانبارانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا**

**ئێزدییەکان تاوەکو ئێستا هەڕەشەی جینۆسایدیان لەسەرە و ئاسەوار و ماکەکانی جینۆساید بە شێوەی پێویست کاری لەسەر نەکراوە**

# گرنگیی کات لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام

کە سەیر دەکەی لە ڕوانگەی ئیسلام زۆر گرنگی بە کات دراوە. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمویٚ: «وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُورًا». . واتا خوا شەو و ڕۆژی داناوە وەك کات بۆ ئەوەی تێیدا یادی خوا بکەی بە شەو، یا بە ڕۆژ یا شوکرانەی تێدا بکەی. هەندێك خواپەرستی هەیە بە شەو دەکرێت و هەندێکیش لە ڕۆژ ئەنجام دەدرێت.

لەو کاتەی ئیمامی ئەبوبکر بووە خەلیفە، ئیمامی عومەر نامەیەکی بۆ نارد فەرمووی: «اعلن ان لله عملا بالنهار لايقبله بالليل و عملا بالليل لايقبله بالنهار». نووسی: هەندێك کار هەیە بە شەو دەکرێت و بە ڕۆژ ناکرێت، هەندێك کاریش هەیە بە ڕۆژ دەکرێت و بە شەو ناکرێت. واتا سوود وەرگرە لە چرکە ساتەکانی شەو و ڕۆژ، هەر وەك دیارە شەونوێژ بە شەو دەکرێت، بە ڕۆژ ناکرێت، لە هەمان کاتدا چێشتەنوێژ بە ڕۆژ دەکرێت، بە شەو ناکرێت.

سەیری نوێژەکان بکە: «إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا». واتا نوێژ بە کات دەکرێت، لە کاتی دیاریکراو، نوێژی بەیانی لە کاتی بەرەبەیانە، نیوەڕۆ لە کاتی زەوالە، عەسر لە دوو سەعات پێش نوێژی مەغریبە، نوێژی مەغریب لە کاتی ڕۆژئاوابوون دەبێت، عیشاش لە کاتی خۆی. هەر نوێژەك پێش نوێژی خۆی دابیٚ، بە چارەکە سەعاتێك نامێنێت، ئەگەر لە کاتی خۆی ئەنجامی نەدەی، دەڕوات و لە دەستت دەچێت و ناگەڕێتەوە، ئەگەر بە ئەنقەست نەیکەی، بەڵام بە لەبیرچوون، یان خەو دەتوانی بیگێڕییەوە.

هەموو خواپەرستییەکانمان بەو شێوەیە دەڕوات. مانگی ڕەمەزان ئەو کاتە واجبە کە مانگ دیترا، ئەو کاتە تەواو دەبێت لە کۆتایی مانگ بۆ جەژن کە مانگ دیترا. کەواتە ئەگەر پێش ڕەمەزان، یان دوای ڕەمەزان بە ڕۆژی بیت قەبوول نییە لە جیاتی ڕەمەزان. زەکات دەبیٚ ساڵی بەسەر بسووڕێتەوە، حەج دەبیٚ لە کاتی خۆی جێبەجیٚ بکرێت، کەواتا بۆمان ڕوون بوویەوە خواپەرستییەکانیشمان بە کات ڕێکخراون و دەبیٚ بە کات خواپەرستی بکەین.

زانایان دەفەرموون: کات وەك شمشێر وایە، ئەگەر نەیبڕی، دەتبڕیٚ. واتا ئەگەر دەسکی شمشێر بگری، دەتوانی بەکاری بێنی بۆ بەرگری لە خۆت و لە ماڵت، ئەگەر کەسێك گرتی، ئەوە لە دژی تۆ بەکاری دەهێنێت. ئەوە نموونەیەکی جوان بوو لەسەر گرنگیی

**خواپەرستییەکانیشمان بە کات ڕێکخراون و دەبیٚ بە کات خواپەرستی بکەین**

**ئەگەر دەسکی شمشێر بگری، دەتوانی بەکاری بێنی بۆ بەرگری لە خۆت و لە ماڵت، ئەگەر کەسێک گرتی، ئەوە لە دژی تۆ بەکاری دەهێنێت**



**مەلا فکری سێتکانی**

**پش نوێژ و وتارخوێن/ بەڕێوەبەری کارگێڕی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردوستان**

کات و بۆ بەفیڕۆنەدانی کاتیش بەکار دێت. نوێژی بەیانی لەگەڵ بەرەبەیان دەبێت. بە دوو ڕکاعەت پێش نوێژی بەیانی، خێری دونیات دەگاتێ و ئەوەی لە دونیاشدا هەیە، دوای نوێژ هیچ نوێژێکی سوننەت ئەنجام نادرێت، سوننەتە تا ڕۆژ هەڵدێت بمێنییەوە، دواتر دەستنوێژ نوێ بکەیەوە. دوو ڕکاعەت پێش ڕۆژ هەڵات بە چێشتە نوێژ ئەنجام بدە. مەبەست ئەوەیە بەیانی زوو هەڵستە لە خەو بۆ نوێژ و دواتر مەنوو تا ڕۆژ هەڵدێت، ئەگەر نەنووستیتەوە، بە هەموو کارێکی ڕۆژانەت ڕادەگەی و بەڵێنەکانت بە جوانی جێبەجێ دەکەی. ئەی ئەگەر نووستیەوە بە هیچ ڕاناگەی و ڕۆژەکەت خەسار دەبێت. بۆیە ئیسلام زۆر گرنگیی بە کات داوە و نابێ موسڵمان بەفیڕۆی بدات. سەیری وڵاتانی ئەورووپا و وڵاتە پێشکەوتووەکان بکە لە دونیا سوود لە چرکەساتی کات وەر دەگرن، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێش و داهێنان دەچن. سەیری فڕۆکەخانە بکە، لە کاتی خۆی دەڕوات، ئامادە نەبی، بەجێ دەمێنیت. سەیری قیتار و شەمەندەفەڕ بکە، هەمووی بە کاتە. سەیری پەیوەندییەکان بکە هەمووی بە چرکەیە، سەیری پڕۆتۆکۆڵ بکە، سەیری دیدار و چاوپێکەوتن بکە، هەموو شتێك بە کاتە. بۆیە بە هەموو شتێك ڕادەگەن، بەڵام داخەکەم لە وڵاتی خۆمان کات زۆر بەفیڕۆ دەدرێت و ئەوەی حیسابی بۆ ناکرێت، کاتە. خەڵکمان وەك دابەستەی لێ هاتووە، هەر خەریکی نوستنن بە ڕۆژ و شەوانیش ڕابواردن و گەڕان. «وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاسًا وَجَعَلْنَا النَّهَارَ مَعَاشًا». واتا شەو کاتی نووستن و پاڵدانەوەیە و ڕۆژ کاتی کارکردن و جووڵانەوەیە. هەر کەسێك بە یاسای ئەو ئایەتە بجووڵێتەوە، بە هەموو کارێك ڕادەگا و دڵخۆش و مورتاح دەمێنێتەوە، ئەوەی ئەو یاسایە پێشێل بکات، قەت مورتاح و ئارام نابێت لە ژیان. بۆ زیاتر تێگەیشتن سەیری تەمن بکە، دابەش بووە (منداڵ، گەنج، پیر، پیاو) بۆ ئافرەتانیش هەروایە و هیچ تەمەنێك ناگەڕێتەوە. بۆیە سوودوەرگرتن لە کات دەتگەیێنێتە ئامانج.

لە کۆتاییدا دەڵێم: ئازیزان سوود لە چرکەساتی ژیانتان وەرگرن. هەر ڕۆژەو دەڕوات، لە عومری ئێمە دەڕوات. ڕۆژ بە زمانی حاڵ پێمان دەڵێت ئەی نەوەی ئادەم من ڕۆژێکی نوێم لەسەر کار و کردەوەکانت شاهێدم لە دوارۆژ. ئەوەی قیمەتی کات بزانێ، دەزانێ چ دەکات، ئەوەی قیمەت و ڕێزی کات نەگرێت، بە خۆیشی نازانێ چۆن دەژی و چ دەکات و هەموو کاری تێکەڵ دەبێت و بە هیچ ڕاناگات.

**وڵاتانی ئەورووپا و وڵاتە پێشکەوتووەکان سوود لە چرکەساتی کات وەر دەگرن، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێش و داهێنان دەچن**

**ئەوەی قیمەت و ڕێزی کات نەگرێت، بە خۆیشی نازانێ چۆن دەژی و چ دەکات و هەموو کاری تێکەڵ دەبێت و بە هیچ ڕاناگات**

# بە هەدەردانی کات لەلایەن مێرمنداڵ و لاوانەوە زیانی بۆ داهاتووی خۆیان و کۆمەڵگە هەیە



**پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێت: کات وەک شمشێر وایە، نەیبڕیت، دەتبڕێت. زۆربەی دایک و باوکان بە دەست بەفیڕۆدانی کات لە لایەن منداڵەکانیانەوە دەناڵێنن، زۆر جاریش خودی دایک و باوکان گرنگی بە کات نادەن. ئایا ئەم بەهەدەردانی کاتە بەتایبەتی لەلایەن مێرمنداڵ و لاوانەوە کە هۆکارەکەی زیاتر بۆ گەشەی تەکنەلۆژیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەگێڕنەوە، تا چەند زیانی بۆ داهاتووی تاک و کۆمەڵگە هەیە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



بەهرە حاجی ڕەزا مامۆستای زانکۆیە و لە دەستپێکی دەرخستنی ڕوانگەی خۆی سەبارەت بە بەفیڕۆدانی کات دەڵێت: «بەفیڕۆدانی کات بەفیڕۆدانی ژیانە، کۆنترۆڵکردنیشی کۆنترۆڵکردنی ژیانە. بەداخەوە زۆربەی گەنجەکان گرنگی بە کات نادەن، بەتایبەتی ئەو گەنجانەی کە کاتەکانیان بە شتی بێمانا بەسەر دەبەن، لەبری ئەوەی بەکاری بهێنن لەو شتانەی کە خزمەت بە خۆیان و میللەتەکەیان دەکات، جێگەی سەرنجە گەنجەکانمان، لە کوێ؟ بۆچی؟ چەندین کاتژمێر بە بێباکی بەسەر دەبەن لە شەمەندەفەری ژیان، کە زۆربەیان بە ناچاری لە دەستی دەدەن و بە شوێنی مەبەست ناگەن». گوتیشی: «گەنجانی ئەمڕۆ گرنگی بە کاتەکانیان نادەن کە لە کوێدا بەسەری دەبەن و بۆچی بەکاری دەهێنن، هەرچەندە داهاتووی ئەم کۆمەڵگەیە ئەوانن، لەبەر ئەوەی گەنجەکان هێزی کارن لە ئێستا و لە داهاتوودا، بەڵام ناتوانین پشتیان پێ ببەستین، چونکە دیارە بەشێکی زۆری گەنجانی کۆمەڵگەی ئێمە بە هۆی نەبوونی هیچ پلانێك لە ژیان، زۆربەی کاتەکانیان لە کافێ و شوێنە گشتییەکان بەسەر دەبەن».

ئەو خاتوونە ئەکادیمییە هێما بۆ پەندێکی پێشینان دەکات و دەڵێت: «کات وەك شمشێر وایە، نەیبڕیت، دەتبڕێت. بەڵام واقیعی ئێستا پێچەوانەی ئەوەیە و بە دەگمەن کەسانێك دەدۆزینەوە کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو کاتەکانیان کۆنترۆڵ بکەن و بەرنامە بۆ ژیانیان دابنێن بۆ ئەوەی هەموو ساتێکی لەو شتانەدا بەکاربهێنن کە سوودیان بۆ دەهێنێت». گوتیشی: «بەهەدەردانی کات گەورەترین کێشەیە کە ڕووبەڕووی گەنجانی ئەمڕۆمان بووەتەوە، ئەم کێشەیەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە: نەبوونی هەلی کار، کە لە ئەنجامدا جگە لە کێشەی ئابووری چەندین کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە، گرفتە دەروونییەکان لەسەر ئەو گەنجە ڕەنگ دەداتەوە کاتێك دەبینێت هەموو دەرگاکان بە ڕویدا داخراون و دەرفەتی خوێندنی بۆ نارەخسێت، ئەمە جگە لەوەی کارێك

**بەفیڕۆدانی کات بەفیڕۆدانی ژیانە، کۆنترۆڵکردنیشی کۆنترۆڵکردنی ژیانە**

**زۆربەی گەنجەکان گرنگی بە کات نادەن، بەتایبەتی ئەو گەنجانەی کە کاتەکانیان بە بێمانا بەسەر دەبەن، لەبری ئەوەی بەکاری بهێنن لەو شتانەی کە خزمەت بە خۆیان و میللەتەکەیان دەکات**

**بە دەگمەن کەسانێک دەدۆزینەوە کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو کاتەکانیان کۆنترۆڵ بکەن و بەرنامە بۆ ژیانیان دابنێن**

بەدەست ناهێنێت کە لەگەڵ توانای جەستەیی خۆی بگونجێت. ئەگەر هەر بۆشاییەکیش بە هەڵە پڕ بکرێتەوە، دەبێتە نەفرەتێك و بە دوایدا کێشەی زۆری لێ دەکەوێتەوە. بەڵام چەندین بناغە هەن کە یارمەتیدەرن بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی گەنجان، بۆ نموونە: پێویستە هەموو گەنجێك کارێکی بەردەوامی هەبێت کە بتوانێت کاتە بەتاڵەکانی پڕ بکاتەوە، وەك بەشداریکردن لە سیمینارەکان، پراکتیزەکردنی خولیاکانی و خوێندنەوەی کتێبی بەسوود. بەڕێوەبردنی کات یارمەتیدەرە بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، هەروەها بەرهەمهێنانی هزری و کەلتووریی مرۆڤ باشتر دەکات، جگە لە زیادکردنی کارایی و متمانە، هەروەها ڕێکخستنی کات وا لە مرۆڤ دەکات پابەند بێت بە بەڵێنەکانی و جێبەجێکردنی کارەکانی و یارمەتی دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەختی و بەرگەی فشارەکانی کارکردن دەگرێت».

**بەڕێوەبردنی کات یارمەتیدەرە بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، هەروەها بەرهەمهێنانی هزری و کەلتووریی مرۆڤ باشتر دەکات**

مامۆستای وانەبێژ محەمەد عوسمان کوردە، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «یەکێك لە قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ تەمەنی گەنجییە، تەمەنێك پڕ لە گۆڕانکاریی جەستەیی و فکری، دەتوانین بڵێین بونیەی مرۆڤ لەم قۆناغەی تەمەن چاوەڕێی هەموو گۆڕانکارییەکی لێ دەکرێت. ئەم قۆناغەی مرۆڤ بە پێی ویستی خۆی دەتوانێ بیکات بە باشترین و نایابترین و پڕ بەرهەمترین دەستکەوتەکانی تەمەنی، گەنج لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا هەوڵ دەدەن ببن بە گرنگترین بەدەگە زێڕینەکانی وڵاتەکانیان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دروست و پڕ لە داهێنان بۆ گۆڕانکارییە ڕیشەییەکانی وڵات کە هەمووان سوودی لێ دەبینن». هاوکات دەڵێت: «دیاردەی بەهەدەردانی کات لەلایەن گەنجانەوە بووەتە مەترسییەکی پڕ کارەسات بۆ کۆمەڵگەی کوردی و تاك بە تاکی ئەم کۆمەڵگەیە زیانی بەردەکەوێت. گەنج لەم تەمەنە بێ ئاگایە لە کات و تەنیا خەریکی گەورەکردنی حەزە کاتییەکانیەتی و هەوڵی زیاتر بۆ ئەوە دەدات کەسایەتییەکی خەیاڵی و لووتبەرز و لەخۆبایی نمایش بکات، بێ ئاگا

**گەنج لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا هەوڵ دەدەن ببن بە گرنگترین بەدەگە زێڕینەکانی وڵاتەکانیان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دروست و پڕ لە داهێنان بۆ گۆڕانکارییە ڕیشەییەکانی وڵات کە هەمووان سوودی لێ دەبینن**

لەوەی کەوا دوای بەئاگاهاتنەوە لەم هەڵانە ئینجا دەکەوێتە بارێکی دەروونیی ڕووخاو کە ناتوانێ بەشدار بێت لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان و خێزانییەکان، کۆمەڵێك هۆکاریش هەن کەوا تاکی گەنجی کورد ئالودەی بووە و ناتوانێ، یان خۆی لێ دوور ناخاتەوە کە بریتین لە :
١-خراپ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لە ڕێگە جیاوازەکانی وەك بوونی ئەکاونتی فەیك و کۆمێنتی نەشیاو و بەشێوەی ڕاستەوخۆ جنێودان.
٢-ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان.
٣-ئالوودەبوون بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان.
٤-دووركەوتنەوە لە پرۆسەی خوێندن.
٥-دووركەوتنەوە لە خۆ ڕۆشنبیرکردن و خۆپێگەیاندن لە ڕێگەی خوێندنەوە.
ئەوانە کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر خودی خۆی بە تایبەتی و خێزانەکەی بە گشتی هەیە. چونکە لێرەدا خێزان دەبێتە زەرەرمەندی یەکەم بە هۆکاری ئەوەی منداڵەکەی دەبێتە هۆی نەمانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەوروبەر و دووركەوتنەوەی منداڵەکەش لە دامەزراوە زانستی و پەروەردەییەکان و بوونی کێشەی گەورە و بەلاڕێداچوون وادەکات تاکێکی بێ ئیرادە و بێ هەڵوێست و بێ بەرهەمی لێ دروست ببێت، بۆیە ناتوانێت بەئاسانی گۆڕانکاری لە خۆیدا بکات».
لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا چارەسەر هەیە بۆ ئەوەی بتوانین لاوانمان لەم زۆنگاوە دەربهێنین؟ وتی: «بەڵێ، بەڵام کاتێکی زۆری دەوێت و دەبێت زۆر شارەزایانە لەگەڵیان بین، بۆ ئەوەی هەم خێزان ڕۆڵی هاوڕێیەکی باش ببینێت و وەك هاوڕێ مامەڵەی لەگەڵ بکات، هەم هەوڵ بدەن خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن، دواتر دووری بخەنەوە لە بەفیڕۆدانی کات لە ڕێگای گەڕاندنەوەی بۆ ناوەندەکانی خوێندن و گەشت و گوزار و بەخشینی کات پێی بۆ ئەوەی بتوانێ گۆڕانکارییەکانی بە سەریدا تێپەڕێنێت و لە ڕێگەی دووبارە دروستکردنەوەی ئاوات و ئامانجی نوێ و هەوڵدان لەگەڵی و دوورخستنەوەی بە ئارامی لەگەڵ هاوڕێ خراپەکانی و کات نەدانی زۆر پێی کە بە تەنیا بێت، ئەمانە گشتی

**دیاردەی بەهەدەردانی کات لەلایەن گەنجانەوە بووەتە مەترسییەکی پڕ کارەسات بۆ کۆمەڵگەی کوردی و تاك بە تاکی ئەم کۆمەڵگەیە زیانی بەردەکەوێت**

دەبنە هۆی چارەسەری بۆ ئەوەی بتوانێت بە کەسایەتییەکی بەهێز و پڕ ئیرادە و وزەوە بۆ ناو کۆمەڵگە بگەڕێتەوە».

شیلان ئاستەیی چالاکی مەدەنییە و یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە بەهەدەردانی کاتی لاوان نیگەرانیان دەکات و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەگەر ئێمە بە شێوەکی زانستی قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەین، زۆر کاتی دەوێت و دوور و درێژ دەبێت، بەڵام بە چەند خاڵ بە کورتی ئیشارەی پێ دەکەم. ئەو کەسەی کە لە تەمەنی گەنجیدایە، ئەگەر دەرفەتی لەبەر دەستدا هەبێت و خۆی پێ نەگەیێنێت بێگۆمان زەرەری بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگەکەشی دەبێت و دەبێتە بار قورسی بۆ خێزان و بۆ خۆی و کۆمەڵگەش سوودی نابێت. زۆر جار باسی ئەوە دەکرێت کە ژمارەیەکی زۆری گەنجان بە ڕۆژ دەخەون و بە شەو لە دەرەوەن، یان تا بەرەبەیان سەرقاڵی مۆبایلن، ئەمە کارەساتە. لەدەستدانی توانای گەنجێکە کە ناتوانێت خۆی بۆنیات بنێت و لە پاشەڕۆژدا هیچی لێ بەرهەم نایەت. ئەو جۆرە ژیانە چەندان نەخۆشی نەخوازراویشی لێ دەکەوێتەوە، لەبەر تێکچوونی سیستەمی هورموناتیان. ئەگەر ئێمە بەدواداچوون بۆ گەنجەکانی جیهان بکەین، دەبینین زۆرینەی گەنجانی وڵاتانی پێشکەوتوو پێنج ڕۆژ لە حەفتە لە ئەرکدان و بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر بۆ خوێندن، یان بۆ کارکردن بۆ بژێوی ژیانیان کات تەرخان دەکەن، ئەم کارەش بە زۆرینە لە ڕۆژدا دەکرێت و ڕۆژانی پشووش بۆ خۆیان دیاری کردووە کە چۆن پشوو بدەن. لێرەدا زۆر پێویستە گەنجی کوردیش وەکۆ گەنجانی جیهانی مۆدێرن بۆ بەردەوامیی ژیانێکی سەربەرزانە بیر لە داهاتووی خۆیان و دەوروبەریان بکەنەوە کە من پێم وایە گەنجی کورد توانای خۆڕێکخستنی هەیە، چۆنکە کەلتوورێکی یەکگرتوو و پاك و خاوێنی هەیە و دەتوانێت هیچ لە گەنجانی دیکەی جیهان کەمتر نەبێت و بگرە لێهاتووتریش بێت و شانسی زۆرتریشی هەیە، لەبەر ئەوەی خاکێکی بەرفراوانی لەبەردەستدایە و ژمارەی مرۆڤ لەسەر ئەم خاکە کەمە و دەتوانن وەبەرهێنانی تێدا بکەن».

**زۆرینەی گەنجانی وڵاتانی پێشکەوتوو پێنج ڕۆژ لە حەفتە لە ئەرکدان و بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر بۆ خوێندن، یان بۆ کارکردن بۆ بژێوی ژیانیان کات تەرخان دەکەن**




# هونەری ڕۆژهەڵاتناسی

(٢)

لە پاڵ ئەوەی نیگارکێشانی ڕۆژهەڵاتناس (یان ڕۆژهەڵاتناسی) بە ئەمانەت و وردییەوە لە تابلۆکانیاندا ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و سروشتی ئەو وڵاتانەیان گواستەوە کە سەردانیان کردوون، هاوکات بەرهەمی ئەوان لە سیما و بنەما و ڕەگەزی هونەری ئەورووپاش بەدەر نەبوو. هونەری ڕۆژهەڵاتناسی تەنیا لە سروشت و ژیانی دەر و دەشت، یان نێو شار و بازاڕ و ئاواییدا خۆی قەتیس نەکرد، بەڵکوو ئەو هونەرە پەلی بۆ نێو ماڵانیش هاویشت، لەوێدا گەلێك نەریت و ڕواڵەتی ژیانی خەڵکی لە نێو ژینگەی خۆڕسکی کۆمەڵایەتیدا گواستووەتەوە، وێنەی کەرەستە و کەل و پەلی نێو ماڵ و مزگەوت و دەربار و حەرەم سەرا و شوێنانی دیکەی ژیانی خەڵك و بەرپرس و هەمەجۆر چینەیلی کۆمەڵایەتیی کێشاوە.

ئا/ تاریق کارێزی




هەرچەندی لە ڕواڵەتی گشتیی هونەری ئەم هونەرمەندانەدا تایبەتمەندی هەبێت، کە بەرهەمی ئەوان لە نێو بازنەی ژیانی ڕۆژهەڵاتدا دەخولێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکەیان بابەتی هەڵبژاردە و تایبەت بە خۆیان هەیە، هەر هونەرمەندە بە تەکنیك و شێوازی خۆی تابلۆی کێشاوە، بەو جۆرەی شەیدای ڕۆژهەڵات بووە، لە تابلۆدا نەخشاندوویەتی، تێکڕاش دەچنە نێو بازنەی هونەری ڕۆژهەڵاتناسییەوە. ئەم هونەرەی دارای گەنجینەیەکی مەزنە لە مێژووی هونەری نیگار لە جیهاندا.

سەدەی نۆزدەم سەردەمی زێڕینی هونەری ڕۆژهەڵاتناسییە، تێیدا هونەرمەندان پتر وابەستەی دیمەنی حەریم و ڕاو و شەڕ، یان سروشت وەك بیابان و مێرگ و ژیانی نێو شار بوون. لەو سەدەیەدا هونەرمەندان بایەخ بە تەرزی تەلارسازی و پۆشاکی ڕۆژهەڵاتیان دەدەن، زۆر بە وردی دیمەن دەگوازنەوە، هەندێك جار بە تایبەتی ئەوانەی بە بێ ئەوەی بێنە ڕۆژهەڵات، هونەری ڕۆژهەڵاتناسییان کردووە، لە خەیاڵدانی بە پیتی خۆیان و بە پشت بەستن بە سەرچاوەی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسان، هزر و خەیاڵی خۆیان زاخاو داوە، شاکاری نەمریان ئەفراندووە. لەساڵی ١٨٨٠ بە دواوە بابەت لە لای هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتناس گۆڕانی بەسەردا دێت، ئیدی ئەوانە لە خەیاڵەوە بەرەو واقیع دەگەڕێنەوە، بایەخ بە بابەتی وردی ژیانی دانیشتووان دەدەن و بەشێکی بابەتەکانی پێشوو فەرامۆش دەکەن. لەمەشدا هونەرمەندان بە تەواوی وابەستەی واقیع دەبن نەك واقیعی خەیاڵکرد.

ئەو پیشانگایەی لە ساڵی ١٨٩٣دا لە هۆڵی ڕۆژهەڵاتناسان لە پاریس بۆ هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتناس کرایەوە، بەرهەمی دەستەیەك لە هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمان، ئینگلیز، ئیتالی و ئەمریکای گرتە خۆ، ئەوانەی گەشتیان بۆ میسر و وڵاتانی باکووری ئەفریقا و ئەستەنبوڵ کرد بوو. ئەمە سەرەتایەکی تۆکمە بوو بۆ ئامادە بوون و کاریگەریی هونەری ڕۆژهەڵاتناسی، کە دواتر لە گەلێك مۆزەخانە و هۆڵی شارەکانی ئەورووپادا چەندین جار نمایش کرانەوە.

پەیوەست بە هونەری شێوەکاری (پەیکەر و نیگار بە تایبەتی)، ڕەوتی هونەر لە لای گەلانی ئەورووپا لە هەردوو شارستانیەتی گریك و ڕۆمەوە سەرچاوەی گرتووە. میراتی هونەری ئەو جووتە شارستانیەتە بەشێك بوو لە بزاڤی ڕێنیسانس کە لە سەدەی پازدەیەمەوە دەست پێ دەکات، بە شۆڕشی پیشەسازی و چاکسازیی ئایینی، هەنگاوی گەورەی بەرەو پێش نا، دەبینین لە چەند شارێکی وەك ڤینیسیا و جەنوە لە ئیتالیا، بیلمەتی وەك مایکل ئەنجیلۆ و لیۆناردۆ داڤینشی پەیدا دەبن، بەم جۆرە هونەری نیگار و پەیکەر لە وڵاتانی ئەورووپا و میللەتانی ئەوێ دەبێتە خاوەن پێگەیەکی بەهێز، بە تایبەتی کە ئایینی کریستیان بۆ هونەری شێوەکاری هاندەر و پشتیوانە.









# جنیفەر لۆپێز:
# حەزم لە خۆدەرخستن نییە

جنیفەر لۆپێزی ئەکتەر و گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی رایگەیاندووە کەوا بە هیچ شێوەیەك ترسی لە بەساڵاچوون و پیر بوون نییە، چونکە دڵنیایە لەوەی زوو یان درەنگ پیر دەبێت.

لۆپێز کە ماوەی زیاتر لە شەش مانگە لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیدایە لەگەڵ یاریزانی بیسبۆڵ ئەلیکس رۆدریگز، لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەری (ET) دووپاتی کردەوە کە هێشتا خۆی بە گەنج دەزانێت، لەم بارەوە گوتی: «سەرەرای ئەوەی تەمەنم نزیکی پەنجا ساڵ بووەتەوە، بەڵام تا ئێستا توانیومە گەنجێتیی خۆم بپارێزم، ئەویش لە رێگای خواردنی تەندروست و ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی بەشێوەیەکی بەردەوام، بەتایبەتی لەگەڵ ئەلیکس رۆدیگزی خۆشەویستم، کە یاریزانێکی ناسراوی بیسبۆڵە و ئەو هاوکاریی زۆرم دەکات».

ئەو ئەستێرە جیهانییەی کە بە رەچەڵەك لاتینییە، ئاماژەی بەوەش کرد، لەو کەسانە نییە کە حەز بە خۆدەرخستن بکات لە ئاهەنگ و فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا، بەڵکو حەز ناکات لەو جۆرە ئاهەنگ و فیستیڤاڵانەدا لەگەڵ هیچ کەسێك قسە بکات.

جنێفەر بەم دواییە بە یاوەریی خۆشەویستەکەی بەشداریی لە ئاهەنگێکی خێرخوازیدا کرد کە رێکخراوی (The Robin Hood) ئەنجامی دا بوو لە شاری نیویۆرك و، بە جوانی و جلوبەرگەکانی سەرنجی ئامادەبووانی راکێشا، ئەوەی زیاتر سەرنجی ئامادەبووانی راکێشا، خۆشەویستەکەی جنێفەر بوو، کە بە هیچ شێوەیەك بە درێژایی ئاهەنگەکەی لێی جیا نەدەبووەوە، لەم ئاهەنگەدا کراسێکی رەشی سەرنجڕاکێشی پۆشی بوو.



## کیت:
# پێویستە کچە ئەکتەرەکان وریا بن

خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆڵیوۆد کیت وینسلت داوایەکی ئاراستەی ئەو کچە ئەکتەرانە کرد کە بۆ بەشداری لەسەر فەرشی سوری فیستیڤاڵە سینەماییە نێودەوڵەتییەکان ئامادە بن، بۆ ئەوەی گرنگییەکی زیاتر بە شێوازی دەرکەوتنیان و جلوبەرگیان بدەن، تا بە جوانترین شێوە دەرکەون و بەر لە هەڵبژاردنی جلوبەرگەکانیان باش بیری لێ بکەنەوە، بۆ ئەوەی نەبنە گاڵتەجاڕی میدیاکان.

کیت وینسلتی پاڵەوانی فیلمی تایتانیك داوا لە کچە ئەکتەرەکان دەکات کە بەر لە هەر شتێك، پێویستە لەو بۆنە جیهانییە گەورانەدا ئەو جلوبەرگان هەڵبژێرن کە زۆرترین بەشی لەشیان دادەپۆشێت لە جیاتی ئەوەی رووت و وروژێنەر بن، وینسلتی تەمەن ٤٧ ساڵ دەڵێت: «ئەو ئافرەتانەی زۆرترین بەشی لەشیان دەردەخەن و زیادەڕەۆیی لەم رووەوە دەکەن، ئامانجیان ئەوەیە کە سەرنجی ئامادەبووان بۆ لای خۆیان راکێشن، من خۆم بەر لەوەی بناسرێم و بەشداری لە فیلمی تایتانیکدا بکەم، هەمیشە پابەندبووم بەوەی جلوبەرگەکانم وروژێنەر نەبن و دووربن لە راکێشانی سەرنجی خەڵك، چونکە دایکم هەمیشە ئەو ئامۆژگارییەی دەکردم.»

پاڵەوانی فیلمی تایتانیك هەروەها دەڵێت: «من نیگەران و پەست دەبم کاتێك دەبینم هەندێك لە ئافرەتان بەشێکی زۆری لەشیان بە دەردەخەن و خۆیان رووت دەکەنەوە، چونکە تاکە ئامانجیان لەم کارە ئەوەیە کە پیاوەکان سەیریان بکەن و چاویان تێببڕن، دەرکەوتن لە فیلم هەرچۆنێك بێت جیاوازە لە دەرکەوتن لە دەرەوە، چونکە لە فیلمەکەدا ئەو رێنماییانەی دەرهێنەر پێت دەڵێت، پێویست جێبەجێیان بکەیت، بۆ سەرکەوتنی رۆڵەکەت لە فیلمەکەدا، بەڵام لە دەرەوە هیچ کەسێك ناچار نییە خۆی رووت بکاتەوە، بگرە ئەم رەفتارانە زیان بە ناوبانگی خودی ئەکتەرەکەش دەگەیەنن».




**کەریم بایز:**

**سەرۆکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی هەولێر**

# پێویستە مێژووی کۆمەڵە بپارێزرێ

**ساڵی ١٩٧٢ کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی هەولێر بە سەرۆکایەتی تەڵعەت سامان دامەزرا، لقی ڕواندز وەکو بەشێك لە لقی هەولێر لە ١٦ی ئابی ١٩٧٧ دەستی بە کار کرد و، لقی هەڵەبجەش ساڵی ١٩٩٨ مۆڵەتی کاری لە لقی هەولێر وەرگرت، لە سەرەتای حەفتاکان مەودای چالاکی فراوانتر بوو و کۆمەڵ بەهێزتر دەرکەوت. لە پەنجا ساڵەی دامەزراندنیدا (کەریم بایز) سەرۆکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردیی مەڵبەندی گشتی هەولێر بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

لە ساڵی ١٩٧٢ لە هەولێر تەنیا یەك گرووپ هەبوو، ئەویش تیپی هونەری کوردی بوو، هونەرمەندان هەستیان کرد کە بۆشاییەکی گەورە لەم بوارەدا هەیە و بیریان لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەك کردەوە، ئەوە بوو کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردیی مەڵبەندی گشتی لەلایەن کۆمەڵێك هونەرمەند و نووسەری گەورەوە، لەوانە محمد مەولوود مام، خەلیل، تەلعەت سامان و ئەکرەم خامۆش دامەزرا، کۆمەڵەکە لە ١٩٧٢/١٣/٧ ڕەزامەندیی وەرگرت، سەرەتا سەر بە سلێمانی بوو، زۆربەی هونەرمەندان و نووسەرانی شاری هەولێر پەیوەندییان بەو کۆمەڵەیەوە کرد، لە دوای ساڵی ١٩٧٥ ناوی کۆمەڵەکە لەلایەن رژێمی بەعسەوە گۆڕدرا بۆ کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کوردی. دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەر و ئەدەبی کوردی یەکێکە لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئەیلول و ڕێککەوتنی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، کۆمەڵەکە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بواری هونەری کوردیدا هەبووە، ڕۆڵەکەی هاوشانی ڕۆڵی پێشمەرگە بوو لە بەرگریکردن لە کوردستان و شوێنی کۆبوونەوەی نووسەران، هونەرمەندان بوو، جێگەی شانازییە کە ١٣ ئەندامانی کۆمەڵە بە مەبەستی بەرگریکردن لە خاکی کوردستان شەهید بوون، کە ئەندامی چالاك بوون. ئەو شانۆگەریانەی کە پێشکەشمان دەکرد لە نیگەرانییە قووڵەکانی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەوە سەرچاوە دەگرت، لە ساڵی ١٩٧٧ دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنی جەزائیر (محەمەد مەلود) شانۆگەریی (پیلان)ی نووسی، لە دەرهێنانی هونەرمەند تەلعەت سامان بوو، بۆ ماوەی ٢٥ ڕۆژ لە شاری هەولێر نمایش کرا، پاشان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە شاری کۆیە نمایشمان کرد، هونەرمەند مەهدی ئومێد بە بڵندگۆیەك بانگهێشتی هاووڵاتیانی دەکرد بۆ سەیرکردنی شانۆگەرییەکە، لە سێیەم ڕۆژدا پیاوانی حیزبی بەعس لە شاری کۆیە ڕێگەیان نەدا بەردەوام بین لە نمایشکردن، جارێك، خوالێخۆشبوو فەلەکەدین کاکەیی سەردانی کردین و گوتی: «لە کاتی نمایشکردنی ئەو شانۆگەرییەدا لە سووریا بووم، بیستم چیتان کرد»، ستایشی ئەم بەرهەمە شانۆییە و ڕۆڵی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی کرد.هەروەها لە کاتی بۆردومانکردنی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی، شانۆگەریی (شاری سەلامەت)مان بۆ ماوەی ١٨ ڕۆژ پێشکەش کرد، وەك دەربڕینی خۆشەویستی و هاوسۆزیمان لەگەڵ قوربانییەکان، حیزبی بەعس نەیهێشت بەردەوام بین لە نمایشکردنی.

کەریم بایز هەروەها دەڵێت: «چەندین پێشانگە



و سیمیناری رۆشنبیری و هونەریمان ئەنجام داوە، لە بواری گۆرانگیوتن، هەروەها هاوکاریی هونەرمەندان محەممەد جەزا و قادر زیرکمان کرد، جگە لە بووژانەوەی فێستیڤاڵە هونەرییە زۆرەکانی پێش راپەڕین، سەرەتاکانی سەمفۆنیای کوردی لە ڕێگەی کۆمەڵەوە بوو، لە بواری شانۆ و دراما‌دا چەندین زنجیرەمان پێشکەش کرد، یانەی سینەمامان کردەوە فیلم نمایش دەکران، چەندین خولمان کردەوە لە بواری نواندن و گۆرانی و ئامێری مۆسیقا بۆ گەشەپێدانی بەهرەی گەنجان، ئێستا ژمارەی ئەندامەکانمان نزیکەی (٦٠٠) ئەندامە.»

سەرۆکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی هەولێر ئاماژەی بەوەش کرد کە قۆناغی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە هەموو ڕوویەکەوە بە قۆناغێکی زێڕین دادەنرێت بۆ هونەری کوردی، ئێمە تا ئێستاش بەردەوامین و هەوڵمانداوە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا بگونجێنین، کە لە کۆمەڵگەدا ڕوویان داوە، لە کاتی شەڕی تیرۆردا ئێمە شانبەشان بەشداریمان دەکرد لەگەڵ هێزی پێشمەرگە لە هەموو میحوەرەکاندا شانۆگەریی شەقاممان پێشکەش دەکرد، پێش ریفراندۆم چەندین چالاکیی جۆراوجۆرمان ئەنجام دا، لەوانەش پیشاندانی شانۆگەریی (ئاڵای سەربەخۆیی)، کە یەکێك بوو لە بەرهەمەکانم کە لە شاری هەولێر پێشکەشمان کرد، بەڵام دوای ئەوەی ڕۆڵی شانۆ لە کۆمەڵگادا کەم بووەوە و ڕوومان کردە دراماکان، چونکە نزیکترە لە هاووڵاتییان.

دەربارەی پێداویستەکانیان سەرۆکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کورد گوتی: «تا ساڵی ٢٠١٣ ئێمە مینحەیەکمان لە حکومەتی هەرێم وەردەگرت، بەڵام دواتر لێمان بڕا و ئێستا هەموو کارەکانمان خۆبەخشانە ئەنجام دەدەین، لەوانە دراماکانی (ئۆمەر دەگەڕێتەوە –بەشی دووەم، ئاوێنە)، بە هۆی هاوکارینەکردن لە کۆی پێنج لق تەنیا دوو لق ماوە».

کەریم بایز ئاماژەی بەوەشکرد کە لە یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کورددا، ژمارەیەك لەو هونەرمەندانەی تەمەنێکی زۆریان لە کۆمەڵە بەسەر بردووە، خەڵات دەکەین، هەروەها کتێبێکمان بە ناوی کار و چالاکییەکانی کۆمەڵە چاپ کردووە، هیواداریـن ئەوانەی لە دوای ئێمە دێن بتوانن درێژە بەو کاروانە بدەن، چونکە کۆمەڵە مێژوویەکی پڕشنگداری هەیە و پێویستە بپارێزرێت.



**نارین رەحمان:**

**یاریزانی تۆپی باڵەی پێشووی یانەی تەق تەق**

# بەهۆی نەبوونی پاڵەوانێتی یاریزان ناتوانێت ئاستی راستەقینەی خۆی پێشکەش بکات

# گۆلان

**ناحیەی تەق تەقی سەر بە قەزای کۆیە یەکێکە لەو شارانەی کوردستان کە گرنگیی زۆر بە یاریی تۆپی بالە دەدات، هەموو کات کچە یاریزانانی ئەو شارۆچکەیە ڕکابەری سەرسەختی یانەکانی دیکەی کوردستانن، لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکاندا ساڵانە تیپە جیاوازەکان بەشدارن لە خولەکانی عێراق و کوردستان، یانەی تەق تەقیش گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن لە سەر ئاستی کچان، تیپی بالەی یانەکە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە، کە ساڵانە لە هەریەک لە خولەکانی کوردستان و عێراق بەشدارن، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان (نارین رەحمان)ـە کە لەدایك بووی ساڵی ٢٠٠٢ی قەزای کۆیە و قوتابی پەیمانگەی تەکنیکیی کۆیە بەشی کارگێڕیی کارە، پێشتر بۆ هەردوو یانەی کۆیە و تەق تەق یاریی کردووە و، ئێستا لە هیچ یانەیەك یاری ناکات، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** ئاستی یاریی بالە چۆن دەبینیت لە کوردستان؟**

- یاریی بالە ئاستێکی مامناوەندی هەیە، چونکە گرینگییەکی زۆری پێ نادرێت، بەتایبەتی یاریی بالەی کچان.

*** کەمیی پاڵەوانێتی ئێوە سارد ناکاتەوە لەم یارییە؟**

- کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە سەر ئاستی یاریزانان، چونکە بەهۆی نەبوونی پاڵەوانێتی یاریزان ناتوانێت ئەو ئاستە پێشکەش بکات کە هەیەتی.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

- پێویستە بودجەیەکی باش تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە یاریزانەکان بدرێت، چونکە دەبێتە هۆی بەرەوپێشوونی یاریی بالە لە کوردستان.

*** گرفتی وەرزشیی یاری بالە لە چیدا دەبینیت؟**

- نەبوونی بودجەیەکی تەواو و نەبوونی یاریگایەکی باش و نەبوونی خول، ئەوانە هەمووی گرفتە بۆ ئەم یارییە.

*** بۆ ئێوە تۆپی بالە چی دەگەیێنێت؟**

- بالە بە شێکە لە ژیانم و یەکێکە لە خولیا گەورەکانی من.

*** بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- هەوڵی تەواوی خۆم دەدەم بۆ ئەوەی ببم بە یاریزانێکی باش لە داهاتوودا.

*** چۆنە بۆ ئەم وەرزە بڕیاری یاریکردنت نەداوە لە هیچ یانەیەك؟**

- لە بەر هەندێك هۆکار ڕێکنەکەوتووە یانەیەك هەڵبژێرم.

*** تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ وەرزش چۆنە؟**

- لە ئێستادا تێڕوانینی کۆمەڵگە باشترە لە چاو پێشتر، سەبارەت بە وەرزش زیاتر ڕێگە بە کچەکانیان دەدەن کە ڕوو لە وەرزش بکەن.

*** داواکاری وپێش نیازت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

- داواکاریم لە بەرپرسانی وەرزش ئەوەیە کە خولی زیاتر بکەنەوە، بۆ ئەوەی یاریزانان دانەبڕێت لە وەرزشکردن و ئاستی خۆیان پێشکەش بکەن.

*** خەونی وەرزشیت چیە وەکو کچە یاریزانێك؟**

- خەونم ئەوەیە ببم بە یەکێك لە باشترین یاریزانەکانی عێراق.

*** پلانی داهاتووت چیە؟**

-پلانم ئەوەیە هەوڵ بۆ ئامانجەکانم بدەم و بەدییان بهێنم لە داهاتوودا.

*** پاڵەوانبوون چ واتایەك دەگەیەنێت بۆ تۆ؟**

-پاڵەوانبوون ئەو مانایە ئەگەیەنێت کە دوای چەند ساڵ لە ماندووبوون گەیشتووی بەو شتەی کە هەوڵت بۆ داوە.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

-کچە یاریزانی بەرازیلی (Keyt alves)

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤارەکەتان کەوا پشتگیری یانەکانی کوردستان دەکات بە بێ جیاوازی لە شارەکانی کوردستان.



# ئەستێرییەکی ئەرژەنتینی لە مۆندیال بێبەش دەبێت

پاوڵۆ دیبالا، ئەستێرەی ئەرژەنتین و یانەی رۆما لە یاری یانەکەیدا بەرامبەر لیچی تووشی پێکانبوو و ئەگەری هەیە لە مۆندیالی ٢٠٢٢ بێبەش ببێت.

دیبالا لە نیوەی دووەمی یاریی نێوان هەردوو یانەدا لێدانێکی سزای جێبەجێکرد و گۆڵی دووەمی بۆ یانەکەی تۆمارکرد، بەڵام ئاهەنگی نەگێرا، بەهۆی ئەوەی تووشی پێکانبوو لە کاتی جێبەجێکردنی لێدانەکە و بەخێرایی گۆڕانکاریی پێکرا و لە یاریگە چووە دەرەوە.

رۆژنامەی لاگازێتا دێللۆ سپۆرتی ئیتاڵی دەڵێت: دیبالا دوای چوونە دەرەوەی لە یاریگە گریاوە و بە دڵتەنگییەکی زۆرەوە لەنێو پەیژەکاندا دەرکەوت، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە پێکانەکەی ئاسان نییە و ئەگەری هەیە چەند مانگێک لە یاریگەکان دووربکەوێتەوە و لە مۆندیالی ٢٠٢٢ بێبەش ببێت.

رۆژنامەکە دەڵێت جۆزێ مۆرینیۆ، راهێنەری یانەی رۆما بە دووری نازانێت، کە دیبالا جارێکی دیکە لە ٢٠٢٢دا یاری بۆ یانەکە بکاتەوە.

پێکانی دیبالا لە کاتێکدایە مانگێک و چەند رۆژێک ماوە بۆ دەستپێکردنی یارییەکانی جامی جیهانی قەتەر، هەڵبژاردەی ئەرژەنتین پێویستییەکی زۆری بە یاریزانێکی وەک دیبالا هەیە و بەشدارینەکردنی ئەو یاریزانە کاریگەری لەسەر هێڵی پێشەوەی تیپەکە دەبێت.

ئەرژەنتین یەکەم یاریی لە مۆندیالدا لە رۆژی ٢٢-١١ بەرامبەر هەڵبژاردەی سعودیە ئەنجام دەدات.





# ئەستێرەیەک لە خولی ئەمریکا نزیکە

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان لە بەریتانیا، مەرجی دەستبەرداربوونی مانچستەر یۆنایتد لە کریستیانۆ رۆناڵدۆ ئاشکرا دەکەن، دەیڤید بێکهام دەیەوێت کریس بباتە ئەمریکا، بەڵام نایەوێت بڕە پارەیەکی زۆری پێبدات.

بەپێی ئەو سەرچاوانە، مانچستەر یۆنایتد رازی بووە لە مێرکاتۆی زستانەدا دەستبەرداری ئەستێرە پۆرتوگالییەکە ببێت، بەڵام مەرجێکی هەیە بۆ رێگەدان بە رۆناڵدۆ بۆ رۆیشتن لە یانەکە.

کریستیانۆ رۆناڵدۆ، تەمەن ٣٧ساڵ، لەم وەرزەدا لە باشترین ئاستی خۆیدا نییە، کە لە دوای هاتنی ئێریک تێن هاگی راهێنەری هۆڵەندی، زۆربەی کاتەکانی لەسەر کورسی یەدەگدا بەسەردەبات، بۆیە بێزارە و دەیەوێت بڕوات.

بەگوێرەی رۆژنامەکانی بەریتانیا، یانەی ئەنتەرمیامی ئەمریکی، کە دەیڤید بێکهامی ئەفسانەی ئینگلیزی خاوەنیەتی، هەوڵدەدات رۆناڵدۆ لە زستاندا بباتە ریزەکانی، بۆ قەرەبووکردنەوەی شوێنی گۆنزالۆ هیگواینی ئەستێرەی ئەرژەنتینی، کە بڕیاریداوە دوای کۆتای هاتنی ئەم وەرزی خولی ئەمریکی بەیەکجاری واز لە یاریکردن بهێنێت.

ئەو سەرچاوانە باس لەوە دەکەن، کە مانچستەر یۆنایتد مەرجی بەدەستهێنانی ١٠ ملیۆن پاوەندی داناوە، بۆ فرۆشتنی کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە مێرکاتۆی زستانەدا، بەڵام دەیڤید بێکهام خاوەنی یانەی ئەنتەرمیامی، نایەوێت ئەو بڕە پارەیە بدات، بەڵکو دەیەوێت بەبێ بەرامبەر بیباتە ئەنتەرمیامی.

دەیڤید بێکهام گوتوویەتی هەوڵدەدات بەناوبانگترین ئەستێرەکانی جیهان بباتە ریزەکانی یانەکەی، بەتایبەتیش خوازیاری ئەوەیە رۆژێک بتوانێت لیۆنێل مێسی و کریستیانۆ رۆناڵدۆ پێکەوە لە پێکهاتەی یانەکەیدا کۆبکاتەوە.

# تیروپشکی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠٢٤ راکێشرا

تیروپشکی پاڵاوتنەکانی یۆرۆی ٢٠٢٤ راکێشرا، ٥٣ هەڵبژاردەی ئەوروپا کێبڕکێی لەسەر ٢٣ بلیتی پاڵەوانێتییەکە دەکەن، ئەڵمانیا میواندار راستەوخۆ بەشداری دەکات، رووسیاش لەم پاڵەوانێتییە بێبەش کراوە، بڕیارە لە نێوان مانگی ٣ـی ساڵی داهاتوو تاوەکو مانگی ٣ـی ساڵی ٢٠٢٤ بەڕێوەبچن.

هەڵبژاردە بەشداربووەکانی پاڵاوتنەکانی یۆرۆی ٢٠٢٤ بەسەر ١٠ کۆمەڵە دابەشکراون، حەوت کۆمەڵە لە پێنج هەڵبژاردە پێک دێت و سێ کۆمەڵەش لە شەش هەڵبژاردە، یەکەم و دووەمی کۆمەڵەکان، کە دەکاتە ٢٠ هەڵبژاردە راستەوخۆ بلیتی یۆرۆی ٢٠٢٤ـی ئەڵمانیا بەدەست دێنن.

سێ هەڵبژاردەکەی دیکە لە رێگەی قۆناغی پلەی ئۆف بلیتەکانی کۆتایی یۆرۆ یەکلایی دەکەنەوە، بە ئەڵمانیای میواندارەوە، کە بەشداری پاڵەوانێتییەکان ناکات، دەکاتە ٢٤ هەڵبژاردە و لە ساڵی ٢٠٢٤ کێبڕکێی لەسەر نازناوەکە دەکەن.


ئیتاڵیای پاڵەوانی یۆرۆی رابردوو لە کۆمەڵەی سێیەم کێبڕکێی لەگەڵ ئینگلتەرە و ئۆکرانیا و مەقەدۆنیای باکوور و ماڵتا دەکات، لە کۆی ئەو پێنج هەڵبژاردەیە دوو هەڵبژاردە راستەوخۆ بەشداری یۆرۆی داهاتوو دەکەن.

چاوەڕێ دەکرێت قورسترین کۆمەڵە، کۆمەڵەی دووەم بێت، لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەکانی فەرەنسا و هۆڵەندا و ئەیرلەندا و یۆنان و جەبەل تارق رکابەری یەکتری دەکەن، هەروەها هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە کۆمەڵەی یەکەم کێبڕکێی لەگەڵ هەڵبژاردەکانی ئەسکۆتلەندا و نەرویج و جۆرجیا و قوبرس دەکات.

هەڵبژاردەی پۆرتوگال چاوەڕێ دەکرێت لە کۆمەڵەی دەیەم ئەرکی قورس نەبێت، کریستیانۆ رۆناڵدۆ و هاوڕێیەکانی لەم کۆمەڵەیە رووبەڕووی هەڵبژاردەکانی بۆسنە و ئایسلەندا و لۆکسمبورگ و سلۆڤاکیا و لیختینیشتاین دەبێتەوە.

کرواتیا، وێلز، ئەرمینیا، تورکیا و لاتڤیا لە یەك کۆمەڵە یاری دەکەن، بەلژیکا، نەمسا، سوید، ئازەربایجان و ئیستۆنیا کەوتوونەتە یەك کۆمەڵە.

سویسرا، ئیسرائیل، رۆمانیا، کۆسۆڤۆ، بیلارووس و ئەندۆرا لە هەمان کۆمەڵە یاری دەکەن.



# باشترین ١٠٠ یاریزانی جیهان دەستنیشانکرا

گۆڤاری (چوار چوار دوو)ی ئینگلیزی ئامارێکی لە بارەی باشترین یاریزانەکانی مێژوو بڵاوکردووە، کە تێیدا هەڵسەنگاندنی بۆ ئاست و ئەنجام و کاریگەری سەرجەم یاریزانە دیارەکان کردووە، بەپێی ریزبەندی ١٠٠ باشترین یاریزانی هەموو سەردەمەکانی دەستنیشان کردووە و لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرژەنتین پێشەنگی ریزبەندییەکەی گرتووە.

١. لیۆنێل مێسی بە یەکێك لە کاریگەرترین یاریزانەکان ناوی هاتووە، کە تاکە یاریزانە، کە لە ٢٠ ساڵی رابردوو زۆرترین کاریگەری بەسەر تۆپی پێ هەبووە، بەپێی هەڵسەنگاندنی بۆ ژمارەی گۆڵەکان و لێدانە راستەوخۆیەکانی و برینی یاریزانان و بەشداریکردنی لە گۆڵەکان وایکردووە مێسی بە باشترینی هەموو سەردەمەکان دیاری بکرێت و هیچ یاریزانێك هێندەی ئەو نەیتوانیوە بۆ ماوەیەکی درێژ ئاستی بەجێگیری و کاریگەری بمێنێتەوە.



٢. دیێگۆ مارادۆنای ئەفسانەی کۆچکردووە ئەرژەنتین هەڵگری نازناوی مۆندیالی ١٩٨٦ـە، مارادۆنا لە ساڵی ١٩٨٢ ریکۆردێکی گەورە و مێژوویی تۆمار کرد کاتێك بە ٥ ملیۆن پاوەند روویکردە بەرشلۆنە، لەگەڵ یانەکە لە کۆی ٥٨ یاری، ٣٨ گۆڵ و ١٨ ئاسیستی کرد، بەڵام زۆرترین گۆڵی بە درێسی ناپۆلی کرد لە کۆی ٢٥٧ یاری، ١١٥ گۆڵ و ٦١ ئاسیستی کرد، دوای کۆچکردنی یاریگەی یانەی ناپۆلی بە ناوی دیێگۆ مارادۆنا کرا.

٣. کریستیانۆ رۆناڵدۆ ئەستێرەی پورتوگالی ژمارەی گۆڵەکانی لە کاروانی وەرزشی خۆی لەگەڵ یانەکان گەیاندە ٧٠٠ گۆڵ، پێشتر ریکۆردێکی گەورەی تۆمار کرد کاتێك بە گرێبەستێکی ٨٠ ملیۆن پاوەندی رووی لە ریال مەدرید کرد، ئێستا خاوەنی ٥ خەڵاتی تۆپی زێرین و ٥ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپایە، بەڵام لەم دواییەدا ئاستی بەرەو داکشان رۆیشتووە و پلەی سێیەمی باشترینی مێژووی گرتووە.

٤. پێلێ ئەم ئەفسانە بەرازیلییە لە تەمەنی ١٧ ساڵی توانی ببێتە گەنجترین یاریزانی بگاتە یاری کۆتایی مۆندیالی ١٩٥٨، لە یاری پێش کۆتایی هاتریکی کرد، ٣ نازناوی مۆندیالی بەدەستهێنا، بە یەکێك لە کاریگەرترین یاریزانەکانی مێژووی بەرازیل دادەنرێت.

زینەدین زیدان ئەستێرەی هەڵبژاردەی فەرەنسا و هەڵگری نازناوی مۆندیالی ١٩٩٨ پلەی پێنجەمی ریزبەندی گرتووە، یوهان کرۆیفی ئەفسانەی هۆڵەندی لە پلەی



شەشەم دێت، جۆرج بێست، پێکنباوەر، پوشکاش، ڕۆناڵدۆ نارزاریۆ لە پلەکانی حەوتەم تا دەیەمی ڕیزبەندی دێن، میشێل پلاتینی فەرەنسی پلەی سێزدەیەمی گرتووە، پاوڵۆ مالدینی ئیتاڵی لە پلەی حەڤدەیەم دێت، ڕۆماریۆ پلەی هەژدەیەمی گرتووە، ئەندرێس ئەنییێستای ئیسپانیای لە پلەی بیستەم دەبیندرێت، لە پلەکانی ٢٢ تا ٢٨ مارکۆ ڤان باستن، ئۆزیبیۆ، چاڤی هێرناندێز، کارلۆس ئالبێرتۆ، ڕۆناڵدینیۆ، ڕۆد گولێت، مانوێل نویر دێن، ڕۆبێرتۆ باجیۆی هێرشبەری ئیتاڵیا لە پلەی ٤٠ دێت، جیانلویجی بۆفۆنی گۆڵپارێزی ئیتاڵیا لە ریزبەندی ٤٥ی باشترینی مێژوو دێت، تێری هێنری پلەی ٤٩ی گرتووە، دانی ئالڤێسی بەرگریکاری بەرازیلی و ئێریك کانتۆنای فەرەنسی لە پلەی ٧٣ و ٧٤ دێن، واین ڕوونی، فلیپ لام و ئالان شیرەر لە پلەکانی ٨٤ تا ٨٦ دێن، ڕۆبێرتۆ کارلۆسی بەرگریکاری بەرازیلی لە پلەی ٩٠ دەبینرێت، لویس فیگۆی ئەستێرەی پورتوگالی لە خانەی ٩٤ی باشترینی جیهان دێت، خاڤێر زانیتی، جۆرج ویا، ریکاردۆ کاکا و ماریۆ کێمپێس لە ریزبەندی ٩٦ تا ٩٩ دێن، جۆرج هاجی ئەفسانەی ڕۆمانی و یاریزانی پێشووی یانەکانی ریال مەدرید و بەرشلۆنە لە دوایین خانەی ریزبەندییەکە دێت و پلەی ١٠٠ەمی گرتووە.



# هەولێر بۆ خولی عێراقی لەوپەڕی ئامادە باشیدایە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر لەسەر دەستی نزار مەحروسی ڕاهێنەری پیشەگەری سووری، ماوەیەکی زۆرە دەستیان بە ئامادەکارییەکان کردووە بۆ ئەوی ئەم وەرزە بتوانن بەم پێکهاتە تازەیە ئاست و ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی بەدەست بهێنن، یانەی هەولێر ئەمساڵ جیاوازە و گرێبەستی لەگەڵ چەندین یاریزانی بەتوانا کردووە لە سەر ئاستی عێراقی، جگە لە نوێکردنەوەی گرێبەستی چەندین یاریزانی ناوخۆیی و هێنانی یاریزانی پیشەگەر، لە بارەی ئامادەکارییەکانی وەرزی نوێیش، مامۆستا دڵشاد ئەحمەد یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو ئامادەکاری لە هەموو ڕوویەکەوە بە شێوەیەکی زۆر باش خۆمان ئامادە کردووە، چونکە تیپەکەی ئێمە بە نزیکەی سەدا هەشتای یاریزانەکانی تازەن، بەڵام بەهۆی ئەنجامدانی نزیکەی ١٣ یاریی دۆستانە لە قوناغی ئامادەکاریدا، تا ڕادەیەکی زۆر توانیومان هەماهەنگی و لە یەکگەیشتن لە نێوان یاریزانەکاندا دروست بکەین، ئومێدی زۆریشمان هەیە بە پلانی دەستەی ڕاهێنەران و ڕۆحییەتی بەرزی یاریزانان ئاست و ئەنجامی گەورە لەم وەرزە بە دەست بهێنین، هیچ گرفتێکمان نییە لە ڕیزی تیپەکەمان».





## کۆیە بە دوای ڕاهێنەردا دەگەڕێت

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی کۆیە ئەم وەرزە بەشدارە لە یارییەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، کە بڕیارە مانگی ١١ی ئەمساڵ بەڕێوە بچێت، دەستەی کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ نەجم عەبدی ڕاهێنەری عێراقی مۆر کردبوو بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و سەرخستنی یانەکە بۆ ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، بەڵام ئەم ڕاهێنەرە عەرەبە بەردەوام نەبوو، لەم بارەشەوە سەرچاوەیەك لە یانەی کۆیە ئەوەی ئاشکرا کردووە کە ڕاهێنەری یانەکەیان نەجم عەبد بە فەرمی بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی داوە لە ئەرکی مەشقدانەوەی یانەکە، بەهۆی هۆکاری تایبەتی خێزانی، کە نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە ئامادەکردنی تیپەکە بۆ وەرزی نوێ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، لە ئێستاشدا یانەکە بەدوای شوێنگرەوەی ئەو ڕاهێنەرەدا دەگەڕێت و، دەستلەکارکێشانەوەکەشی پەسند کراوە لە ئیدارەی یانەی کۆیە، بۆیە پێشبینی دەکرێت لە چەند ڕۆژی داهاتوودا یانەکە بە فەرمی ڕاهێنەری تازە دەستنیشان بکات، بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی مەشقی یانەکەی کۆیە بکات لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان».



## سەید سادق بەڵێنی پێ دراوە

تیپی تۆپی پێی سەید سادق بەشدار لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، لە ئێستادا یانەکە لە ئامادەکاریدایە، بۆ ئەوەی بتوانێت تیپێکی تۆکمە دروست بکات بۆ وەرزی تازەی خولە گەورەکەی کوردستان، هەر چەندە بەرپرسانی یانەکە بەڵێنی کشانەوەیان دابوو لە ئەگەری هاوکاری نەکردن، بەڵام تیپەکە ئێستا ئامادەکاری دەکات و بەڵێنی هاوکاریی پێ دراوە، لەم بارەشەوە ڕەمزی ساڵح ڕاهێنەری یانەی سەید سادق بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە بەشدار دەبین لە خولی نایابی کوردستان، بەرپرسان بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکانیان داوە»، لە بارەی ئامادەکاریی تیپەکەش ڕەمزی ساڵح گوتی: «تیپەکەمان بە باشی ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی یارییەکانی وەرزی نوێ و شوێنی دوو یاریزانمان کەمە و بڕیاری ئەوەمان داوە دوو یاریزانی پیشەگەر بگوازینەوە ریزی یانەکەمان، بۆ ئەوەی تیپەکەمان بە شێوەیەکی باش ئامادە بێت، ئێستا نزیکەی نۆ یاریزانمان ڕۆیشتووە و پێنج یاریزانی تازەمان هێناوە لەگەڵ پیشەگەرەکانیش، بۆ ئەوەی تیپەکە بە تەواوی ئامادە ببێت»،هەروەها گوتیشی: «دەبینە ژمارەیەکی گەورە لە خولی نایابی کوردستان هەرچەندە کەم و کووڕیمان هەیە، بەڵام متمانەی تەواومان بە سەرجەم یاریزانانی خۆمان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین لەم وەرزە کێبڕکێ بکەین لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، سەرجەم یانەکانیش کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە دەکەن».



# سوودەکانی کەمکردنەوەی یەک گرام خوێ ڕۆژانە

خوێ (کلۆریدی سۆدیۆم) پێویستە بۆ تەندروستی، بەڵام بە بڕی کەم. لە ڕاپۆرتێکی زانکۆی هارڤارددا هاتووە کە لەش پێویستی بە بڕێکی کەمی خوێ هەیە بۆ فرمانی پەیوەندی نێوان کۆئەندامی دەمار و گرژ و خاوبوونەوەی ماسوولکەکان لەگەڵ هێشتنەوەی هاوسەنگیی ئاو و کانزاکان. پسپۆران جەختیان کردووەتەوە کە پێویستیی ڕۆژانەی خوێ بۆ تەمەنی ١٤ ساڵ و بەسەرەوە بریتییە لە تەنیا ٢,٣٠٠ ملگم، خواردنی بڕی زیاتر هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشیی دڵ، لەگەڵ بەردی گورچیلە، هەروەها ڕەقبوونی خوێنبەرەکان. بەم دواییە توێژینەوەیەکی چینی ئاماژەی بەوە کردووە کە ڕۆژانە کەمکردنەوەی یەك گرام خوێ ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ تا ڕێژەی ٤٪ و جەڵتەی مێشك تا ڕێژەی ٦٪ کەم دەکاتەوە، لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا هاتووە کە بڕی زیادی خوێ پەیوەندی هەیە بە زیادبوونی بەشی سەرەوەی کەرتی پەستانی خوێن Systolic کە هاندەرە بۆ نەخۆشیی خوێنبەرەکانی تاجی دڵ و ڕوودانی نۆرەی دڵ.





# زیانەکانی دواخستنی ژەمی خۆراکی ئێوارە

بە ڕای زانایان، واباشترە کە ژەمی ئێوارە کە کۆتا ژەمی سەرەکی خواردنە، بکەوێتە کاتژمێر هەشتی شەو، بێگومان ئەمەش بۆ هەموو کەسێك گونجاو نییە، بۆیە پێویستە کە هاوسەنگییەك لە نێوان کاتی ژەمی ئێوارە و ژیانی ڕۆژانەی زۆربەی کەسەکاندا ڕێك بخرێت، بۆ ئەم مەش پسپۆران وا ڕێنمایی دەکەن کە کاتی ژەمی ئێوارە بکەوێتە ٢-٣ کاتژمێر پێش کاتی خەوتن، یان نزیکەی ٤-٥ کاتژمێر پاش ژەمی نیوەڕۆ، کە دەکەوێتە کاتژمێر ٥-٦ی ئێوارە. ئاماژە بەمەش کراوە کە تا ماوەی کاتی نێوان ژەمی ئێوارە و کاتی خەوتن درێژتر بێت، هێندە بۆ تەندروستی باشترە، بۆنموونە هاندەرە بۆ خەوێکی باشتر و ئارامتر، تاودانی میتابۆلیزمی لەش لەگەڵ دابەزاندنی پەستانی خوێن و خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، هەروەها کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش. کەچی دواخستنی ژەمی خواردنی ئێوارە بە پێچەوانەوە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و نۆرەی دڵ بەرزدەکاتەوە، هەروەها هاندەرە بۆ زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، تێکچوونی هاوسەنگیی ئاستی شەکری خوێن، زیادبوونی ئەگەری گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە بۆ بەشی خوارەوەی سوورێنچك Acid reflux و تێکچوونی کرداری هەرسکردنی خۆراك، لەوکاتەی کە دواخستنی ژەمی ئێوارە واتە مامەڵە دژی ریتمی کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش Circadian rhythm کە پەیوەندی هەیە بە زیاد وەرگرتنی کۆی کالۆریی ڕۆژانە لە خۆراکەوە.



# ئایا زوو برسیبوون نەخۆشیی لە پاڵدایە؟

لەگەڵ هەستی برسیبوون و دواخستنی خواردندا، لەوانەیە کە دوچاری سەرئێشە، ناڕەحەتی، هەروەها کەمبوونی توانای تەرکیزکردن بیتەوە. دابینکردنی سێ ژەمی سەرەکیی ڕۆژانە لە خۆراکی هاوسەنگ، وات لێ دەکات کە لە نێوان ژەمەکاندا هەرگیز هەست بە برسیبوون نەکەیت. هۆکارەکانی بەردەوام هەستکردن بە برسیبوون بریتین لە: خۆراکی ناهاوسەنگ بە شێوەی بڕی زیاد لە کاربۆهیدراتی سافکراوی وەك: شەکر و شیرینی و هەویرکاری، لەگەڵ بڕی کەمی پرۆتین و بڕی کەمی ریشاڵ Fiber و چەورییەکان، بڕی زیادی خۆراکی شل و شلەمەنییەکان لە ژەمە سەرەکییەکانی خواردندا، خواردنی بە پەلە، خواردنەوەی بڕی کەمی ئاو، کەمبوونەوەی ڕێژەی شلە لە لەشدا Dehydration، زیاد ئەنجامدانی مەشقی وەزرشی، یان ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی توند، خواردنەوەی شلەمەنییە ئەلکهولییەکان، سەرقاڵکردنی مێشك بە بابەتی لاوەکی لەکاتی خواردنی ژەمەکاندا Distraction، سترێسی درێژخایەن، پەستی، خەمۆکی، زیانی لابەلای هەندێك دەرمان، پەککەوتنی گورچیلە، زیادبوونی چالاکیی گلاندی دەرەقی، دابەزینی ئاستی شەکری خوێن، هەروەها نەخۆشیی شەکرە.



# هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن

بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن Hypertension نەخۆشییەکی درێژخایەنە، بەگشتی بێ نیشانەیە، تا ئێستا چارەسەری تەواوی بۆ نەدۆزراوەتەوە. پەستانی بەرزی خوێن ئەگەری نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك بە توندی زیاد دەکات، بۆ خۆپاراستن پێویستە کە بە وردی پەیڕەوی ئەم هەنگاوانە بکەیت:

- پەیڕەوکردنی خۆراکی تەندروست کە بڕێکی باش لە سەوزە و میوەی جۆراوجۆر لەخۆ بگرێت لەگەڵ ریشاڵ، پۆتاسیۆم، پرۆتین، هەروەها کەمکردنەوەی خوێ (سۆدیۆم)، کەمکردنەوەی چەورییە تێرەکان و دوورکەوتنەوە لە چەورییە هایدرۆجینکراوەکان.
- کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش لەوکاتەی کە کێشی زیاد و قەڵەوی ئەگەری بەرزبوونەوی پەستانی خوێن بە توندی زیاد دەکەن.
- زیادکردنی چالاکیی بەدەنی و مەشقی وەزرشی کە رۆژانە لە ٣٠ خولەك کەمتر نەبێت.
- دوورکەوتنەوە لە خواردنەوە ئەلکهولییەکان.
- تەرخانکردنی کاتی تەواو و باشترکردنی کوالێتی خەو، چونکە خەوی دروست بۆ تەندروستی بەگشتی سوودبەخشە،و هەنگاوێکی گرنگە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ و خوێنبەرەکان و جەڵتەی مێشك.
- دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان.



# چۆن دەزانیت کە تەندروستیی جـ

جگەر Liver ئەندامێکی زۆر گرنگە، نزیکەی ٥٠٠ فرمانی گرنگ ئەنجام دەدات، کاتێك دەکەوێتە ژێر فشار، یان لە مەترسیدا دەبێت، ئەوا چەند نیشانەیەك لە لەشدا سەر هەڵدەدەن، کە نابێت هەرگیز فەرامۆش بکرێن، ئەگینا لەوانەیە کە جگەر بە تەواوی لەدەست بدرێت، نیشانەکان بریتین لە: کاڵبوون یان زەردبوونی رەنگی پێست، پەیدابوونی گرفت لە کۆئەندامی هەرسدا بە شێوەی قەبزی و کۆبوونەوەی گاز و ئازاری گەدە، ئازار و کەمبوونەوەی لیاقەی ماسوولکەکان، وشکبوونی چاو، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، تاریکبوون یان (تۆخبوونی) رەنگی میز، هەڵبەزین و دابەزینی مەزاج بە شێوەی نۆرەی تووڕەبوون و ناڕەحەتی یان خەمۆکی، خەوزڕان، ویزە لە گوێیەکاندا، سەرسووڕان،



# جگەرەکێشان کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر پێست



جگەرەکێشان زیانی تەندروستیی زۆری هەیە، هەروەها پێکهێنەرەکانی جگەرە زیانی زۆر بە پێست دەگەیەنن، کە ئەمانەن: زووپیربوونی پێست و لۆچبوونی پێشوەختەی پێست، چونکە مادده کیمیاییەکانی جگەرە پرۆتینی کۆلاجین و ئیلاستین Elastin تێك دەشکێنن، کە بەرپرسن لە توند و پتەویی پێست، گۆڕانی ڕەنگی پێست بە شێوەی پەڵەی تاریك لە پێستی دەموچاودا لەگەڵ زەردبوونی پێستی نێوان پەنجەکان بە هۆی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ بە دوکەڵی جگەرە، دواکەوتنی چاکبوونەوەی برینەکانی پێست لەوکاتەی کە نیکۆتینی جگەرە هۆکارە بۆ تەسکبوونەوەی بۆڕییەکانی خوێن، واتە تێکچوونی سووڕی دروستی خوێن لە پێست و گرفت لە زوو چاکبوونەوەی بریندا، نەخۆشیی سەدەف Psoriasis کە بە ڕای پسپۆران نیکۆتینی جگەرە ئەگەری تووشبوون زیاد دەکات، پەیدابوونی بڵۆق Blisters لە بەری دەست و پێیەکاندا، هەوکردنی موولوولە وردەکانی خوێن Vasculitis کە دەبێتە ئەگەری سووربوونەوە، یان مۆربوونی پەنجەکانی دەست و پێیەکان، کە هاوکاتە لەگەڵ ئازار و ساردبوونی دەست و قاچ و پێدا، بەرجەستەبوونی خوێنهێنەرە بچووکەکان Talangiectasia لە ئەنجامی فراوانبوونیان کە لە سەرتاسەری پێستی لەشدا ڕوو دەدات و، لە نزیکەی ٣٠٪ی جگەرەکێشەکاندا بەدی دەکرێت، ئەکزیما، بەتایبەتی ئەکزیمای بەرکەوتن کە باوترین جۆرە، هەروەها شێرپەنجەی پێست.



## گەر لە مەترسیدایە؟

لێڵبوونی بینین، دابەزینی کێشی لەش، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، نارێکبوونی سووڕەکانی خەو Sleep cycles، لاوازبوونی یاد و کەمبوونەوەی تەرکیزی مێشك، خورشتی پێست، سووربوونەوەی پێستی بەری دەستەکان لە ئەنجامی کۆبوونەوەی ڕێژەیەکی زیادی چەوری لە خانەکانی جگەردا، ئاوسان لە قاچ و گۆزرینگندا، ناسکبوون و زوو برینداربوونی پێست، هەستکردن بە سەرما و لەرز Chills بێ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش.





# گلۆپی سەرمێز و چەند ئەرکێک

گلۆپی سەرمێز واتە ئەو گلۆپانەی لەکاتی خەوتندا هەڵدەکرێن و رووناکییەکی کەمیان هەیە ئێستا ئەو گلۆپانە دەتوانن چەند ئەرك ئەنجام بدەن، بۆ نموونە گلۆپی جۆری Hilitand. یەکەم دیکۆرێکی جوان بە ژوورەکە دەبەخشێت و رووناکییەکەی بە ویستی خۆت کۆنترۆڵ دەکرێت و رەنگەکەی دەگۆڕدرێت. هەروەها بۆ گلۆپی خوێندنەوەش سوودی لێوەردەگیردرێت. سپیکەری تایبەت بەخۆی هەیە و لەکاتی نووستندا خۆکار مۆسیقیەکی ئارامبەخش، وەك خوڕەی ئاوهەڵدێر یا دەنگەدەنگی دارستان یا شەپۆلی دەریا بڵاودەکاتەوە. دەکرێت لەرێگای مۆبایلەکەتەوە مۆسیقی تایبەتیش بڵاوبکاتەوە. خاڵی هەرە گرنگی ئەوەیە کە شەحنکەرەوەی بێ وایەرە و کاتێك لەخەوهەستای نیگەرانی پڕبوونەوەی مۆبایلەکەت یا کاتژمێرەکەت نی بەیانی تەواو پڕ شەحن بوونەتەوە.




# کۆمپیوتەرێکی بچـ

نە تەنیا لە کۆمپیوتەردا بەڵکو لە زۆربەی ئامێرەکاندا جیهان بەرەو مینیاتۆری دەڕوات واتە بچووك بوونەوەی ئامێرەکان. ئیدی هەر باسێك لە کۆمپیوتەرە زەبەلاحەکاندا نەماوە کە شوێنێکی زۆریان داگیردەکرد و لەکاتی کارکردندا دەنگە دەنگێکی زۆریان لێدەهات. ئێستا مینی کۆمپیوتەرەکان

# ماوس و کیبۆرد پێکەوە

لە جانتایەکی زۆر بچووکدا کە کێشەکەی ناگاتە کیلۆیەك، دوو ئامرازی گرنگی کۆمپیوتەری تێدایە. کیبۆرد و ماوس. کیبۆردێکی چەماوەی دوو لایی، واتە دوو بەشە کە لێککرایەوە دەبێتە کیبۆردێکی بچووك و ماوسێکی سلایدی بچووك.

ماوس و کیبۆردەکە لە جانتایەکدا جێگایان دەبێتەوە کە لە بەرکدا هەڵدەگیردرێن. لەگەڵ ئەوەشدا هەم ماوس و کیبۆردەکە کە وایەرلەیسن دەتوانن لەیەك کاتدا لە سێ ئامێر پەیوەند بکرێن. ماوس و کیبۆردەکە بۆ هەموو سیستەمەکان دەبێت. ویندۆز و ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس. هەروەها ماوسەکە جگە لەوەی وەك ماوسێکی ئاسایی کاردەکات دەکرێت وەك تیشکی لەیزەریش بۆ نیشاندان سوودی لێوەربگیردرێت. لەبری دوگمەی سکرۆل، شوێنێکی لەمسی هەیە کە بە پەنجەدانان لەسەر ئەو شوێنە وەك تاچ پاد یا وەك سکرۆڵێکی لەمسی کار دەکا.

کاتێك شەحن دەبێتەوە هەتا ٤٠ کاتژمێر شەحنەکەی دانابەزێت.



# شاشەیەکی بچووک و کاراییەکی زۆر



شاشەی Mscreen بچووکە، هەندێك لە راستەیەك (مەستەرە) پانترە. درێژاییەکەی ١٤ ئینجە. ئەم شاشەیە کارایەکی زۆری هەیە، لە رێگەی کێبڵی USB لە کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێ و دەبێتە شاشەیەکی لاوەکی. واتە کۆمپیوتەرەکە دەبێتە دوو شاشە. لە شاشەیەکیاندا دەتوانی پرۆگرامێك بکەیەوەو لە شاشەکەی دیکەدا فەرمانەکانی تایبەت بەو پرۆگرامە بکەیەوە. یان لە شاشەیەکدا پرۆگرامێك و لە شاشەیەکی دیکەدا یارییەك بکەیەوە. بە هەردوو شێوەی ئاسۆیی و ستوونی دادەندرێ. دەکرێت بەهۆی موگناتیسەوە لە شاشەی سەرەکی پەیوەند هەروەها دەکرێ راستەوخۆش دابندرێ. شاشەی Mscreen دەکرێت وەك کاتژمێری دیجیتال، یا ئاپەکانی نیشاندانی کەش و هەواش سوودی لێوەربگیرێت. هەروەها دەبێتە کیبۆردێکی دیجیتالیش بۆ هەندێك ئەرك و فەرمان.

# ـــــــووکی هەمە کارە

هاتوون کە هەمان کارو ئەرکی کۆمپیوتەرە گەورەکان دەکەن و بە زیادیشەوە.

مینی کۆمپیوتەری جۆری Beelink SER3 یەکێکە لەو کۆمپیوتەرە بچووکانە. خێراییەکەی زۆر دەگاتە ٤ گیگا هێرتزیش. رامەکەی ٦٤ گیگابایتە. لەیەك کاتدا دەتکرێت سێ شاشەی لێوە پەیوەند بدرێ و جگە لەوەش هاردێکی لە جۆری SSD ٥٠٠ گیگایی تاکو ٢٠٠٠ گیگایی لەسەردادەنرێت. شوێنی دوو پۆرتی HDMI هەیە لەگەڵ ٤ پۆرتی USB و هەروەها چەندین پۆرتی دیکەش. هەروەك ئاماژەی پێکرا سێ مۆنیتۆری پێوە پەیوەند دەدرێ و لە یەك کاتدا دەکرێ لەسەر سێ پرۆگرامی جیاواز بکرێت.







## سپلیت لە بەتانیدا

ڕەنگە مانشێتی سەرەوە تا ڕادەیەك سەرنج ڕاكێش بێ، سپلیت لە بەتانیدا! بەڵێ ئامێری ChiliSleep وا دەكات لەناو بەتانییەكەدا سپیلیت هەبێ و بەپێی ویستی بەكارهێنەرەكەی سارد یا گەرم بكرێت. سپلیتی ئاسایی وزەیەكی زۆری دەوێت كە ئەم وزەیە لەو ناوچەیەی ئێمەدا كە كارەباكەی تەواو نییە هەمیشە لەبەردەستدا نییە. بەڵام ئامێری ChiliSleep كارەبایەكی كەمی دەوێت و بۆ كەسێك یا دوو كەس گەرمی و ساردی دابین دەكات. خاڵێكی سەرنج ڕاكێش لەو بەتانییەدا ئەوەیە كە كاتێك دوو هاوسەر بەخۆی دادەن دەكرێت هەركامیان بە پێی ویستی خۆی گەرما و سەرما دابین بكات، بۆ نموونە یەكێكیان حەزی لە جەوێكی گەرمە، ئەوەی دیكەیان لە جەوێكی سارد، بەتانییەكەی لایەكی سارد دەبێت و لایەكی گەرم.

ئامێرەكە دەبێت ئاوی تێبكرێت بۆ ئەوەی فێنكایەتی دابین بكات. كەشەكە لە ١٣ پلە هەتا ٤٦ پلە دەگۆڕێت. دوو ریمۆت كۆنترۆڵی تایبەتی لەگەڵدایە هەركام لە بەكارهێنەران دەتوانن بە ریمۆت كۆنترۆڵەكە جەوەكە بگۆڕن.



### هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك دەپرسێت ئایا ڕاستە ئەگەر وێنەیەك یا فیلمێكت بۆ بێت و بیكەیەوە، شوێنی نیشتەجێبوون و ژمارە مۆبایل و زانیاری دیكەت دەزاندرێت؟**

خوێنەری بەڕێز، بەداخەوە وەڵامەكەی بەڵێیە! ئەوەی مەبەستی بێت هاكت بكا، یا دزە بكاتە ناو مۆبایلەكەت و شوێنی نیشتەجێبوون و ژمارە مۆبایل و زانیارییە كەسییەكانت بزانن، دەتوانن لە ڕێگای ناردنی وێنە یا فیلمێك دزە بكاتە ناو مۆبایلەكەت. بۆیە لەكاتی وادا زیاتر ئەو وێنە و فیلمانە مەكەنەوە كە لەلایەن كەسانی نەناسراوەوە بۆتان دێت. بە گشتی جیهانی دیجیتالی چ مۆبایل و چ كۆمپیوتەر هیچیان دیواریان ئەوەندە بەرز نییە كە نەكرێت دزە نەكرێتە ناویان. هیچ ڕێگایەكی ئەوتۆش نییە بۆ خۆپاراستن لێی، مەگەر كەسێكی شارەزای ئەو بوارە بی.

## ئەزموونێكی نوێ لەگـ



سامسۆنگ لە بواری بەرهەمهێنانی شاشەدا پێشەنگە. هیچ كۆمپانیایەك لە بەرهەمهێنانی شاشەدا ناگاتە ئاستی سامسۆنگ. ئەوە ریكلام نییە بۆ كۆمپانیایەك، بەڵكو ڕاستییەكە هەموو دەیزانن.

مۆنتیۆری جۆری Odyssey Ark زۆر تایبەتە. یەكەمین مۆنتیۆری گەیمینگی ٥٥ ئینجییە و چەماوەیە. چەماوەیەك ڕێژەكەی 1000Rە. خێرایی وەڵامدانەوەی ١٦٥ هێرتزە. كاتی وەڵامدانەوە دەگاتە یەك میلی چركە. سینەمایەكی گەورەیە بە كوالیتییەكی زۆر بەرز. لە پێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا خەڵاتی

# پرۆگرامێک بۆ فیلم هەڵگرتنەوە لە شاشە

بۆ دروستکردنی فیلمی فێرکاری لە پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر، پێویستی بە پرۆگرامێکە کە لە شاشەی کۆمپیوتەرەکە فیلم هەڵبگرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە سەدان پرۆگرامی تایبەت هەن کە ئەم ئەرکە ئەنجام دەدەن. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی Bandicam ، پرۆگرامێکی بەهێزە لە بواری فیلم هەڵگرتنەوە. پرۆگرامەکە بۆ فیلم هەڵگرتنەوە لە یارییەکان، ڤیدیۆیەکان و ئەو پرۆگرامانەی کە لە شاشەدا نیشان دەدرێن بەرهەم هاتووە. بە کوالیتی HD فیلم هەڵدەگرێتەوە. تەنانەت بچووکترین وردەکارییەکانیش تۆمار دەکا. لە تواناکانی دیکەی پرۆگرامەکە ئەوەیە کە لە چوارچێوەی شاشە دەتوانێت بەشێوەیەکی دیاریکراو لە بەشێك یا هەموو شاشەکە فیلم هەڵبگرێتەوە. دەتوانێت هەرئەوکاتیش فیلمەکە لە ئینتەرنێتدا هاوبەشی بکا. لە بەشێکی زۆری فۆرماتەکانی ڤیدیۆیی پشتیوانی دەکا. لەبارەی کاتەوە دەتوانێت ٢٤ کاتژمێر فیلم هەڵبگرێتەوە.






## ماڵپەڕی زانیاری لە بارەی ئاماری جیهان

حەز دەکەی ئەمڕۆ لە جیهاندا چەند کەس لەدایك بوون، یان دەتهەوێ بزانی چەند کەس مردوون؟ دەتهەوێ بزانی ڕێك ئێستا حەشیمەتی جیهان چەندە؟ چەند ڕۆژنامە لە جیهاندا ئەمڕۆ بڵاوبوونەتەوە؟ چەند مۆبایل فرۆشراون. بودجەی جیهان بۆ بواری پیشەسازی، پەروەردە و فێرکردن و سوپایی ...تد چەندە؟ حەز دەکەی بزانی ئەو ناوچەیەی تێیدا دەژی داهات و دەرکەوت و مەرگ و ژیانی چەندە؟ بۆ ئەمە سەر لە ماڵپەڕی www.worldometers.info بدە. لەو ماڵپەڕەدا هەرچی زانیاری وردە لە بواری داتا و ئامارەوە تێیدایە. بۆ نموونە ئەوەی تێدایە کە لەمساڵدا و لەمڕۆدا چەند کۆمپیوتەر دروستکراون. ئەمڕۆ چەند ئیمیل بەڕێ کراون. چەند کەس قەڵەون و چەند کەس هەژارن. ئەوانە و سەدان داتای دیکە لەو ماڵپەڕەدا هەن.



## ـــــــەڵ مۆنیتۆرێکی تایبەت

یەکەمی بەدەست هێنا. لە ئاستی دەنگیشدا یەکەمە و لە جۆری dolby atmosە. چوار بڵندگۆ لە هەموو لایەك داندراون.

لە بواری ستایلەوە زۆر جیاوازە. بە هەموو لایەکدا دەسووڕێت. دەکرێت بە حاڵەتی ستوونیش سوودی لێوەربگری. ریمۆت کۆنترۆڵێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە بە تیشکی خۆریش کار دەکا. شاشەکە دەکرێت دابەش بێ بۆ چوار شاشە لە حاڵەتی ئاسۆیی دا و سێ شاشەش لە حاڵەتی ستوونیدا.

## شیککردنی ڕەنگی پێست و ماکیاژ

پێویستە خانمان ئاگاداری ئەوە بن کە ڕەنگی ئەساس تاکە ڕەنگێك نییە تا لەگەڵ پێستت بگونجێت بەڵکو چەندین نمرەی دیکە هەن لەگەڵ ڕەنگی پێستت نزیك و گونجاو دەبن، بەڵام بۆ دانانی ڕەنگێکی نایاب بۆ ماکیاژت، پێویستە ڕەنگی ماکیاژەکە هاوشێوەی ڕەنگی پێستت بێت، تا دوو ڕەنگی لە نێوان ڕووخسار و ملدا دروست نەکات، ئەگەر نمرەی ڕەنگەکە لە پێستت زیاتر بێت، واتە کاتێك ڕەنگی بۆدرەکە کراوەترە، دەتوانی ڕەنگی تۆخ لە ماکیاژەکەت بەکاربهێنیت، وەك ڕەنگی برۆنزی و هەروەها پێویستە ڕەنگەکە بە ناسکی و نەرمی ماکیاژ بکرێت بە تایبەت بۆ ژێر گەردن و ڕوومەتەکانت. ئەگەر ڕەنگی بۆدرەکە تۆخ بوو، دەتوانی ڕەنگی کراوەتر بۆ ماکیاژی ئەساس بەکاربهێنێت، تا دژە ڕەنگی یەکتر دروست بێت و لە تێکەڵی هەردوو ڕەنگدا، ماکیاژێکی گونجاو لە هەردوو ڕەنگدا بۆت دەربچێت. پێویستە ئەوەش بزانیت بەر لە ماکیاژکردن، پێویستە ڕەنگی ئەساسەکە لەسەر پشتە دەستت ماکیاژێکی پێشوەختە بکەیت و ئەوکاتە بۆت دەردەکەوێت کە جیاوازی نێوان ڕەنگی پێست و ماکیاژەکە چۆنە و چەندە، هەروەها مەرج نییە کرێمی ئەساس و کۆنسیلەر لە هەمان مارکە بن، بەڵکو خۆت دەتوانی تێکەڵیان بکەیت.



## پانتۆڵ مۆدێکی ناسکی پاییزانەیە

گۆڕانی کەش و هەوا و نزمبوونەوەی پلەکانی گەرما، وا پێویست دەکات کە تۆش گۆڕانکاری لە جلەکانت بکەیت، وادەی گۆڕانکاری لە مۆدەکانی جلەکانت هێشتا ماوە، تا ئەو کاتەی سەرمای بەتێن کەش و هەوا داگیر دەکات، پانتۆڵ چ قوماش یان جینز بێت، مۆدێکی پێویستە و زۆربەی کچان و ئافرەتان دەیپۆشن، کارێکی هەڵە دەکەیت کاتێك پانتۆڵەکانی وەرزی پێشوو لەم وەرزەدا بپۆشی، جگە لەوەی مۆدی نەماوە هەروەها تووشی سەرما بوونی بەشی خوارەوەی جەستەشت دەکات. ئەگەرچی مۆدی پانتۆڵی پێست، یان بە بریقە لە مۆدەکانی پێشوودا نزمی و کزی پێوە دیار بوو، بەڵام لە ئێستادا لەلایەن پسپۆڕانی مۆدە و جل وبەرگدا گرنگی پێدەدرێت، لە مۆدەکانی (فاشینیستا)دا تەنیا پانتۆڵەکانی پێستیان نمایش کردووە، کە بە (لەیدی فوزازا) ناسراوە، ئەو مۆدە تاقی بکەوە، ئەگەرچی نشونمایەکی گەنجانە و هەرزەکارانەی پێوە دیارە، بەڵام مۆدێکی نایاب دەبێت لە جوانی و خۆشیش دەبێت بۆ پۆشین، ئەو ڕەنگانەی بۆ ئەو جۆرە پۆشاکە نیشانکراون بریتیین لە: ڕەش، سوور، ڕەساسی، قاوەیی.






## نیگەرانی و بێزاری جوانیت دەشێوێنێت

چەند هەنگاوێك هەن گەر پەیڕەویان بکەیت، لە قۆناغی بێ متمانەوە بەرەو متمانەبوون بە خۆتەوە دەچیت کە ئەوانەن: لە هەموو کاتێکدا کێشە و گرفتەکانت بە جدی وەرمەگرە و بەڵکو بە سادەیی مامەڵەیان لەگەڵدا بکە، ئەگەر ماوەیەکیش کێشە و گرفت بەردەوام بوون، مانای ئەوە نییە کەسێکی بەد بەختی، بەڵکو ئارام بگرە و گەشبینانە بیر بکەوە. ئاساییە ئەگەر هەڵەیەك دووبارە بکەیتەوە و هەوڵدە بۆ جاری داهاتوو ببێتە وانەیەك بۆت، نەوەك متمانەت لە دەست بدەیت. زۆربەی کات بۆ خۆت بژی و خۆت پەیوەست مەکە بە کەسانی دیکەوە، ئەگەر کەسێك نەیویست لەگەڵت بێت، پێویست ناکات بە زۆری خۆت پێوەی شۆڕ بکەیتەوە، بەڵکو ئازادی بکە. بە گەشبینییەوە روو لە ژیان بکە، تەنانەت ئەگەر زۆربەی کاتەکان بە خراپە بۆت بگەڕێتەوە، ژیانی رۆژانەی خۆت بە خۆشی و سادەیی بەڕێ بکە، گەڕان و خەوی باش و گەشت کردن و بازاڕی و پێکەنین و گوێ گرتن لە میوزیك زیاتر دڵ خۆشت دەکەن.





# شەوی ڕوانگەکردنی مانگ لە کوردستان بەڕێوەچوو

کوردستان لە گشت بوارە زانستییەکاندا بەرەوپێشوەچوونێکی کارامەی بەخۆوە بینیوە، فەلەکناسی یەکێکە لەو سێکتەرانەی کە لە کوردستان لەلایەن خولیا و ئارەزوومەندان و فەلەکناسان گرنگی تەواوی پێدەدرێت، هەر بۆیە ئەم ساڵ و لە ساڵانی پێشووشدا شەوی ڕوانگەکردنی مانگ و دیمەنی جوانی مانگ بە خەڵك ئاشنا کرا، ئەژی چەتۆ حەسەن دەربارەی چالاکییەکە گوتی: چالاکییەکی نێودەوڵەتی بە ناوی شەوی جیهانی ڕوانگەکردنی مانگ بۆ ساڵی ٢٠٢٢، ڕێکخراوی فەلەکناسی کوردستان و پێشتریش وەك کۆمەڵەی ئارەزوومەندانی فەلەکناسی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠ەوە بەشداری دەکەین لەم بۆنەیە ساڵانە لە ١ تا ٣ی مانگی ١٠، بەپێی دەرکەوتنی مانگ، ئاژانسی ناسا و چەند ڕێکخراوێکی فەلەکناسی جیهانی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی چالاکییەکی نێودەوڵەتی، ئامانجی سەرەکی بریتییە لە فەراهامکردنی تیلیکسۆب بۆ زۆرترین خەڵك کە بتوانن سەیری مانگ بکەن بە پلەی یەکەم و تۆبۆگرافیای مانگ بناسن و دیاردەکانی ڕووی لە چاڵ و شاخ و دەشت و دۆڵەکانی سەر ڕووی مانگ، ئەو کەسانەی کە ڕێکخراوە یان کۆمەڵەیە داتایاکان ئاڵوگۆڕ دەکەن، لە چالاکییەکەش خەڵکی ئاشنا بە نهێنی و داتای فەلەکی دەکەن، جەماوەرێکی زۆر لە کاتی چالاکییەکە کۆ بوونەوە و بە تایبەت منداڵانیش کە خولیای فەلەکناسی و بینینی ئاسمان و هەسارەکانن، ساڵانە ئەو چالاکییە بەڕێوە دەچێت و جەماوەرێکی باشی هەیە، وێنەی مانگ بە مۆبایل و تیلیسکۆپێکی ٤ ئینجی بە دەستی کاکە ئەژی گیراوە و کە بە جوانی سەر ڕووی مانگ دیارە، زۆربەی خەڵك بینی، چالاکییەکی لە شەوی ٢ی ١٠ ئەمساڵ لە پارکی منارە لە هەولێر بەڕێوەچوو.







# شێتی گیاندارانە

ئەو گەنجە ناوی (دارید ڤیل)ە، ژیانی خۆی بۆ وێنەگرتن لەگەڵ خشۆك و گیانداران تەرخان كردووە، تا ئێستا سەردانی (٤٠) وڵاتی جیهانی كردووە تەنیا بۆ بینینی گیانداران و وێنەگرتن لەگەڵیان، تا ئێستا وێنەی زیاتر لەگەڵ (١٠٣٥) جۆرە گیاندار و خشۆك و ئاژەڵ گرتوون و هەموو وێنەكانیشی ماوە، بگرە لە ماری ئەناكۆندا و شێر و خۆشكەكانی نێو دەریا و ئاودا، هەروەها یادگاری لەگەڵ نەهەنگ و قرشیش هەیە، سەردانی زۆربەی باخچەی ئاژەڵان و شوێنە گشتییەكانی وڵاتانی تایبەت بە گیاندارانی كردووە، ماوەی (٢١) رۆژ بە تەنیا لە دارستانەكانی وڵاتی پەنەما ماوەتەوە، ئەو سەركێشییەی بۆ ئەوەیە كە لە داهاتوودا لە بواری بایۆلۆژی بخوێنێت، هەروەها وەك یادگاری و ژمارە پێوانەیەك تا ئاشنای زۆرترین گیاندار و ئاژەڵاندا بێت و وێنەشیان لەگەڵدا بگرێت.



# ئۆتۆمبێلی شێوە ئاژەڵ

بەهۆی ئەو هەست و سۆزەی بۆ ئاژەڵان و گیاندارانی هەیە، زۆربەی كەرەستە و كەل و پەلەكانی ژیانی خۆی هاوشێوەی ئاژەڵان لێكردووە، یان ئەو كەرەستانەی لە شێوەی ئاژەڵان هەن كڕیویەتی، دواجار ئۆتۆمبێلەكەشی كردە هاوشێوەی سەگ، ئەوەیە چیرۆكی ژیانی ئەو گەنجە (٢٥) ساڵەی ناوی (سام وێلمان) ە، پێشەوەی ئۆتۆمبێلەكەی بە پارچەیەكی رەشی هاوشێوەی لووتی سەگ رازاندۆتەوە، هەروەها سەراپای ئۆتۆمبێلەكەش بە جۆرە قوماشێكی هاوشێوەی تووكی سەگ داپۆشیوە، بەم چەشنە لە دوورەوە وادەزانیت سەگێكی گەورە بەرەو رووت دێ، كاتێك نزیك دەبێتەوە دەبینیت ئۆتۆمبێلێكی شێوەی سەگە.





## کاریکاتێر

باس لە گشتی بوونی خەڵك دەكات، كە هەموویان چاویان لەسەر هێما و ئامرازەكانە، تەنانەت ئەگەر هێماكان هەڵە بن یان بە شێوەیەكی هەڵە دانرابن.



## میوزیك

**دەستم بگرە - Hold My Hand**

تراكێكی خۆش و سەرنجراكێشی كچە گۆرانیبێژ و ئاوازدانەری ئەمریكی ستیفانی جوان ئەنجلینا گیرمانۆتا، كە بە لەیدی گاگا ناسراوە، لە دایكبووی ١٩٨٦ی شاری نیویۆركی ئەمریكییە، لە ئەلبومی Top Gun: Maverick بە ناوی فیلمە تازەكەی تۆم كرۆزی كردووە، لە جۆری ئار ئەند بی/ سۆڵ، پووپە.

# برنج خۆرەكان

هیندییەكان ئەو پەیامەیان بە هەموو جیهان گەیاند لەوكاتەی گەورەترین ژەمی برنجیان ئامادەكرد، بە مەبەستی تۆماركردنی نازناوێك لە ئینسكلۆپیدیای گینس، ئەو ژەمە خواردنە لە دەرگای هیندستان كە دەكەوێتە شاری دەلهی هیندستان ئامادەكرابوو، بڕی (٩١٨) كیلۆگرام برنج ئامادەكرابوو لەلایەن تیمێكی (٨٠) كەسی سەرپەرشتی دەكرا، هەروەها بڕی (١٠٠٠) لیتر ڕۆنیان بەكارهێناوە، جگە لە برنج هەروەها كەرەوز و (گیشدی)یشیان بەسەر برنجەكەدا كردووە، تیمەكە بەسەرپەرشتی چێشتلێنەری هیندستانی (سانگیف كابورر) بەڕێوە چوو، لە كۆتاییدا ژەمەكە بووە خواردنی (٦٠) هەزار منداڵی بێ باوان و بەشێكی بۆ باڵوێز و كونسولگەرەكانی وڵاتانی جیهان نارد.



## فیلم

## پەلكە زێڕینە– Rainbow




درامایەكی بە جۆش و خرۆشە، باس لە چیرۆكێكی تازەی سەردەمی هەرزەكاری لە كاتی گەشتێكی بۆ نێو بۆشایی و خەیاڵدا تووشی چەندین كێشە و گرفت دەبێتەوە، ماوەی فیلمەكە ١ كاتژمێر و ٥٧ خولەكە، لە وڵاتی ئیسپانیا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی پاكۆ لیۆن، لە نووسینی مارك میرۆ، لە بەرهەمهێنانی نێت فلیكسە، لە نواندنی دارا پۆستیگۆ، ئەیاكس پیدرۆسا، ئیستەر ئیكسپۆ سیتۆ، ئەیاكس، كارمین ماورا، كامرن میشێل.

### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ڕووی پیشەییەوە زیاتر گرنگی بە پرۆژەكانت بدە، بەڵام بە وردی و سەرنجەوە، هەمیشە ژیانی سۆزداریت تایبەتییە و نابێت ڕێگە بدەیت كەس دەست وەربداتە پەیوەندییەكەتانەوە، زیان بە خۆت مەگەیەنە و گرنگی زیاتر بە تەندروستیت بدە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەندێك ناكۆكی ڕوو دەدات لە كارەكەتدا، بەڵام هەر زوو چارەسەر دەبێت، هەرگیز بایەخ بە ڕابردوو مەدە و هەوڵ مەدە تۆڵە بكەیتەوە، چونكە خۆت ماندوو دەبیت، كۆتایی ئەم هەفتە بە باشی پشوو وەرگرە لە پێناو ئاسوودەیی جەستە و دەروونت.

### جمك ٥/٢١ - ٦/٢٠

ڕووبەڕووی كێشەی ماددی دەبیتەوە لە كارەكەتدا، ئەمەش كاریگەریی لەسەر گۆڕانكارییەكان هەیە، هەندێك كات ڕاستگۆیی زۆر باش نییە، لە ڕووی سۆزدارییەوە خۆشەویستەكەت بریندار دەكەیت، پێویست بە وەرزش هەیە بۆ پاراستنی تەندروستیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

چارەسەری ڕیشەیی بۆ كێشەكان لە ڕووی پیشەییەوە دەدۆزیتەوە، پەیوەندیی سۆزداریت زۆرباشە و داهاتوویەكی پرشنگدار چاوەڕێتان دەكات، هێندە بایەخ بە قسەی خەڵك مەدە، بە ڕاوێژی پزیشك گرنگی بە تەندروستیت بدە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢


لە ڕووی پیشەییەوە لەگەڵ هاوپیشەكانت كێشەكان چارەسەر دەكەن و پێكەوە هەنگاوی باش دەنێن، هێندە ئینكاری مەكە و گفتوگۆی بێ سوود لەگەڵ خۆشەویستەكەت مەكە، بەتایبەت دەربارەی بابەتێك كە دڵنیانیت لە ڕاستییەكەی، فەرامۆشكردنی تەندروستیت كاریگەری خراپی هەیە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

پێویستە لەگەڵ هاوپیشەكانت بە وریاییەوە مامەڵە بكەیت، چونكە هەموویان قازانجی تۆیان ناوێت، گۆڕانكاریی گەورە لە ڕووی سۆزدارییەوە ڕوو دەدات و بە ڕێگەیەكی دروست ڕێ دەكەن، كەمێك كات بدە بە خۆت، تا چالاكیی جۆراوجۆر ئەنجام بدەیت.

بۆ زانیاریت

# ژیان لەسەر هەسارەکان




پێوەرەکانی گونجانی هەسارەکان بۆ ژیان لە ئێستادا بریتین لە دوریەکی گونجاوی هەسارە بەردینیەکانە لە ئەستێرەکانیان بەشێوەیەك تێکڕای پلەی گەرمی بەجۆرێك بێت لەسەر ڕووەکەی ڕێگە بەبوونی ئاو بدات لە دۆخی شلدا، هەروەها پێوەرەکانی تر بوونی بەرگە هەوایە بەدەوری هەسارەکە، هەروەها پێداویستیەکی تری سەرەکیش بوونی ئاوە لەسەر ڕووەکەی لەگەڵ کۆمەڵێك پێوەری تر لەوانە ڕێژەی چالاکی هەروەها جێگیری دۆخی ئەستێرەکەیە بەدرێژایی سەدەها ملیۆن ساڵ، دوای هەڵدانی تەلەسکۆپی کێپلەر بۆ بۆشایی ئاسمان لە ساڵی ٢٠٠٩ و کارکردنی تاوەکو ساڵی ٢٠١٨ دڵنیا بووین لەوەی کە هەسارەی تر هەن و زۆرن لەدەرەوەی کۆمەڵەی خۆر، هەسارەکان بەگشتی هەموویان پاشکۆی ئەستێرەکانن و بەدەوریاندا دەسوڕێنەوە، کێپلەر کە زوومی کردبووە سەر ڕووبەرێکی زۆر زۆر بچوکی گەلەئەستێرەکەمان توانی لەو ماوەیەدا پتر لە ٢٦٠٠ هەسارە ببینێتەوە و چاودێریان بکات، بەڕاستی ئەم دۆزینەوەیە بە یەکێك لە دۆزینەوە هەرە گرنگەکان دادەنرێت لەبواری گەردوونناسی، چونکە تەواو دڵنیای کردینەوە کە هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆرەکەمان تاقانە نین و هەسارەی زەویش تایبەتی نیە لەنێو گەلەئەستێرەکەمان و گەردوون، هەسارەکەمان تەنیا یەکێکە لە دەیەها و بگرە سەدەها ملیار هەسارەی تر تەنیا لەنێو گەلەئەستێرەکەمان، لەنێو هەموو گەردوونی بینراویش لەوانەیە تەنیا یەکێك بێت لە نێوان ترلیۆنەها و ترلیۆنەها هەسارە، لێرەوە ئەگەری بوونی ژیانی سەرەتایی و ژیانی زیرەکیش زۆر زیاتر دەبێت.



## پەند و وتە


ئەنتۆن پاڤلۆڤیچ شیکۆڤ، نووسەری رووسی و کورتە چیرۆك نووس، لە ساڵی ١٨٦٠ لە شاری تاگانرۆگ لە رووسیا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٠٤ لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی گریانی ئافرەت دەڵێ: زۆر ئاگاداربە کاتێك ئافرەتێك دەگرێت، لە دوای گریان سێ هێندە بەهێزتر دەبێ لە جارانی پێشوویدا.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا (٣) کەس هەن، بەسەر پەلیکانەیەکدا سەردەکەون، یەکێکیان ماندووبووە، هەوڵدە سەرەتا و کۆتایی پەلیکانەکە لە کوێیە و وێنەکە چۆن گیراوە.

## یاسا



### پارەنەدانی ئامرازەکانی گواستنەوە

سزای ئەو کەسەی وەك سەرنشین ئامرازەکانی تەکسی یان پاس بەکاردەهێنێت و پارە نەدات و ڕابکات، بزانێت پارەی پێ نیە، یان پارەی پێبێت و دوای گەشتن بە شوێنەکە ڕابکات، سزا دەدرێت بە حبس کردن کە لە ٢٤ سەعات کەمتر نەبێت لە ٣ مانگ زیاتر نەبێت، یان بە غەرامەکردنێك لە ٧٥٠٠ دینار کەمتر نەبێت لە ٤٥ هەزار دینار زیاتر نەبێت، ماددە ٤٤٩ لە یاسای سزادانی عێراقی ١٩٦٩ بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ڕەنگە بەرپرسەکانی کارەکەت هەوڵ بدەن گۆڕانکاری بکەن و تۆش پلەت بەرزتر بێتەوە، خۆشەویستەکەت هەمیشە گەورەترین پشتیوانتە لە ژیاندا، هەمیشە گرنگی بە تەندروستی و پاراستنی کێشت بدە، خۆت لە خواردنی خێرا بەدوور بگرە.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

پێویستە ئارام بیت و ڕەفتارەکانت هێواش و دوور لە دڵەڕاوکێ بێت، لێبوردەیی لە ڕووی سۆزدارییەوە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی زیاتر لە یەکتر نزیك ببنەوە و تێ بگەن، ڕاهێنانی وەرزشی هەنگاوێکە بۆ بەرەوپێشچوون لە هەموو ڕوویەکەوە، بەتایبەت لە ڕووی تەندروستییەوە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لە ڕووی پیشەییەوە ڕەنگە هەواڵێکی خۆش ببیستیت و گۆڕانکاریی ئەرێنی ڕوو بدات، ڕەفتاری خۆشەویستەکەت بەرامبەر بە تۆ و چواردەورەکەی، دەتخاتە گومانەوە، بزانە هۆکار چییە، زیاتر گرنگی بە تەندروستی و حەوانەوەی خۆت بدە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**


هەندێك کات تووشی دڵەڕاوکێ دەبیت بەهۆی کارەکەتەوە، بەڵام دەبێت لەسەرخۆ ڕەفتار لەگەڵ هاوپیشەکانت بکەیت، لەروی سۆزدارییەوە بابەتی بێبەها مەکەرە هۆی ناکۆکیی نێوانتان، دەبێت لۆژیکی بیربکەیتەوە، لە ڕووی تەندروستییەوە ئاگاداری خواردنی چەوربە.


**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

لە ڕووی پیشەییەوە بەم زووانە کێشەکان کۆتاییان دێت و بابەتەکان دەچنەوە دۆخی ئاسایی، کەمێك خۆشەویستەکەت کاریگەریی لەسەر ژیانت هەیە و تووشی دڵەڕاوکێی کردویت بە ڕەفتارەکانی، زیاتر بایەخ بە تەندروستیت بدە وئارامیی دەروونت بپارێزە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**


پێویستە پەیوەست بیت بە کارەکەتەوە و بە دوای ڕێگەیەکی نوێدا بگەڕێیت لە پێناو بەرەوپێشچوونی پیشەکەت، کەمێك ئازادی بدە بە هاوبەشی ژیانت و هێندە پەستانی مەخەرە سەر، چونکە تۆی خۆش دەوێت، گەڕان لە ناو سرووشتدا کاریگەری لەسەر تەندروستی دەرونت هەیە.








بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626